# مێ لە سایەی ستەمدا

# مێ لە سایەی ستەمدا

**حەمەسەعید حەسەن**

## خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

- **مێ لە سایەی ستەمدا**

- **نووسینی:** حەمەسەعید حەسەن
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال ڕواندزی
- **بەرگ:** جێگر عەبدولجەبار
- **نیگاری بەرگ:** پێر کار
- **نرخ:** ٣٠٠٠ دینار
- **چاپی یەکەم** ٢٠١٣
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **چاپخانەی** موکریانی (هەولێر)
- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەی گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٧٣) ساڵی ٢٠١٣ی پێ دراوە.

**زنجیرەی کتێب (٧٣٢)**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

# پێرست


(١) جێندەر لە سایەی جەندرمەدا .......... ٧
(٢) حەریم و حەرام .......... ١٣
(٣) ژن لە سایەی ئایینێکی هاوبەش و کولتووری جیاوازدا .......... ٢٣
(٤) ژن لە کن جۆن لۆک.......... ٣٣
(٥) ژن لە کن ڕۆسۆ .......... ٤٤
(٦) ژن لە کن کانت .......... ٥١
(٧) ژن لە کن تەواریق .......... ٦١
(٨) ژن لە سایەی ستەمی پیاودا .......... ٦٩
(٩) شاژنی عەرشێک لە دڕک .......... ٧٧
(١٠) ژن لە دوورگەی پیرۆزدا .......... ٩٠
(١١) سوپاس خودایە کە بە ژن نەتخولقاندم .......... ١١٠
(١٢) سڕینەوەی پەڵەی شەرم .......... ١١٧
(١٣) سێکس لای هەندێک ئایینی ئاسیایی .......... ١٢٣
(١٤) سێکسواڵیتیی ژن لە ڕوانگەی غەزالی و فرۆیدەوە .......... ١٣٣
(١٥) کەڵەشێری سەرەنگوێلک .......... ١٤٣
(١٦) نۆژەنکردنەوەی پەردەی کچێنی و دەستەسڕی خوێناوی .......... ١٥١
(١٧) هاوسەرگیریی کاتەکی لە سایەی حیجابدا .......... ١٦١
(١٨) لە نێوان ئەفسانە و ئاییندا .......... ١٧١
(١٩) هەڵکشانی مەریەم بۆ ئاسمان .......... ١٧٩
(٢٠) جەستە و ئازادی .......... ١٨٩
(٢١) برینێک کە سارێژ نابێت .......... ١٩٣

## جێندەر لە سایەی جەندرمەدا

وڵات مێیە، نەتەوەیش مێیە و خاکیش هەروەها، ئەوە نییە بەردەوام وەتەن بە دایک دەچوێنین! ئەوە زادەی ئارەزووکردنی پیاوە بۆ جەستەی ژن کە وەک مێ سەرنجی نیشتمان دەدات. کە چەکدار دەستی بەسەر وڵاتدا گرت، زەبروزەنگ دەبێتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانە و ئەو بەهایانە سەروەر دەبن، بە لای چەکدارەوە، بەرز و باڵان، ئیدی وەتەن دەبێتە دایکێک کە هەمیشە چاوی لەوەیە، ڕۆڵەکانی لە هێرشی دوژمنی دەرەکی بیپارێزن، نیشتمان دەبێتە شەرەف و پێویستی بە قارەمانی نێر دەبێت. سەردار ئاسف عەلی کە وەزیری دەرەوەی پاکستان بوو، جارێک گوتی: بەرنامە ناوکییەکەمان وەک دایک و خوشکمان وایە، بە هەر نرخێک بووە، دەبێت بیپارێزین.

لەو وڵاتانەدا کە عەقڵی عەسکەر زاڵە، نیشتمان، یاری شیرینە و شاعیری نێر، بۆی دەسووتێت و عیشق لە شتێکی تایبەتی نێوان دوو کەسەوە، دەبێتە شتێکی گشتیی نێوان میللەت و وەتەن. (نیشتمان باخچەیە و بولبولەکانی ئێمەین. نیشتمان مۆمە و پەپوولەکانی ئێمەین،) ئەوە شیعرێکی هیندییە و هەر دەڵێیت، دڵدارێک، بۆ دڵبەرەکەی گوتووە.

پێوەندیی نێوان دایک و وەتەن، دێرینە و لایەنی هاوبەش لە نێوانیاندا زۆرە، هەردووکیان پێویستیان بەوەیە، پارێزگارییان لێ بکرێت، هەردووکیان خۆشەویست و هێژان، بە هەردووکیان

سەرسامین و ئامادەین لە پێناوی شەرەفی هەردووکیاندا خۆمان بە کوشت بدەین. پارادۆکس ئەوەیە، لە کاتێکدا، هەموو وەتەن یەکسانە بە یەک دایک، کەچی هەموو دایکانی وەتەن، بەردەوام ستەمیان لێ دەکرێت و هاوولاتیانی پلە دوون و لە هیچ بوارێکدا، هەمان مافی پیاوانیان نییە.

زۆربەی دایکان، لە زیندانی ماڵدا ژیان بە ڕێ دەکەن و لە ڕووی ئابووریشەوە ئازاد نین. ئەوەیش هەر پارادۆکسێکی دیکەیە، بە ناوی بە خاوێن هێشتنەوەی نەتەوەوە، پیاو چالاکییە سێکسییەکانی ژن دەخاتە ژێر سانسۆر و کۆنترۆڵەوە، ئەوە نییە سێکسواڵیتیی ژن، تەنیا کاتێک شەرعییە کە لە پێناوی خستنەوە و پێگەیاندنی وەچەدابێت، بۆ وەتەن. وەک چۆن، ئەوە نێری تێکۆشەرە، سنووری وەتەن دەپارێزێت، هەر نێریشە سنوور بۆ چالاکییەکانی مێ دەستنیشان دەکات و شەرەفی دەپارێزێت!

گوێ لە سروود و گۆرانی بگرن! دایک منداڵی ئازا بۆ نیشتمان پێدەگەیەنێت و کە ئەو منداڵە گەورە دەبێت و لە پێناوی وەتەندا شەهید دەبێت، پێویستە دایک بە ئاشکرا شانازیی بە ڕۆڵەکەیەوە بکات و بە نهێنیی بۆی بگری. دایک هەر ناگری، هەندێک جار گۆرانیش بۆ خۆشەویستەکەی یان مێردەکەی، یان کوڕەکەی دەڵێت، بەلام بە مەرجێک سەربازی سوپا بن.

ئەوە دایکت بوو، تۆی خستەوە،
بەلام خاکی وەتەنیش هەر دایکی تۆیە،
ئەوە بۆیە تۆی لە ئامێزی من ڕفاند و
باوەشی خۆی بۆ کردییەوە،
گیانیشم پێشکەشی تۆ بێ،

ئەی ئەو کەسەی بە دایە گیان، بانگم دەکەی.
بە نامەیەک هەواڵی شەهیدبوونی تۆ،
گەییشتە لام،
لێیان پرسیم
تۆی ئەو دایکە شکۆدارەی،
کە شانازی بە ئەم شەهیدەوە دەکەی؟
گیانیشم پێشکەشی تۆ بێ،
ئەی ئەو کەسەی بە دایە گیان، بانگم دەکەی.

دایک دەبێت هەم قوربانی بدات و هەم شانازیشی پێوە بکات، ئاخر ئامێزی خاکیش هەر ئامێزی دایکە و کوڕ لە پێناوی شەرەفی دایکی وەتەندا، خۆی بە کوشت داوە. وەتەن ئەو ڕۆڵەی بە ژنان ڕەوا بینیوە، ڕۆڵە بەرهەم بهێنن و چەپڵەی بۆ لێ بدەن، گۆرانی بۆ بڵێن، هانی بدەن و ستایشی بکەن، بەڵام قارەمان، مەزن و نەمر، پیاوە، پارێزەری ئاوڕووی خاکی وەتەن پیاوە. ژن ئەگەر شانازییەکی پێ ببڕێت، ئەوەیە دایکی یەکێک لەو قارەمانانە بێت، یان شەیدای یەکێک لەو پیاوە دلێرانە بێت و سەباح ئاسا، (مەحبووبی جوندی بیجەییش)ی بۆ بڵێت.

شەڕیش بەسەر نێر و مێدا دابەش کراوە، ئەوی سەرکەوتوو بێت، پیاوە و ئەوی دۆڕاو بێت، ژنە. هیندییەکان دەڵێن: (شەڕ، گەمەکردنە بە شمشێر، بەزمی ژنان نییە.) کەواتە جەنگ، ئیشی پیاوە، نەک ژن. لای بابسالاران، هێز و ئازایەتی هەر لای پیاوانن، ژنانی لاواز و ترسنۆک، کوا کەڵکی جەنگیان پێوەیە. ئەگەر

ڕاستییەک لەو قسانەدا هەبێت، ئەوەیە، هەمیشە پیاوان جاڕی شەڕ دەدەن. لە پاکستان وا باوە، سەربازی هیندی، کەسێکە ترسنۆک و ژنانی، کەسێک کە حەزی لە شەڕ نییە، بە پێچەوانەی پیاوی موسڵمانەوە، کە زیاد لە پێویست، نێر و شەڕکەرە. (مەترسە! ورەت بڵند بێت، کافران قەلاچۆ بکە و پانیان بکەوە!) ئەوە لای جەندرمەی پاکستان، گۆرانییە، ئاخۆ سروودیان چەند توندوتیژتر بێت؟

لوتکەی پیاوەتی لای عەسکەر و جەندرمە، ئەوەیە، پێت وابێت، شەڕ، شەڕی نێوان ئیسلام و کافرانە و زوو زوو دەست لە دوژمن بوەشێنێت و خوێنیان بڕێژێت. کارەسات ئەوەیە، منداڵ بەو پەیامە شەڕخوازە خوێناوییە، پەروەردە دەکرێت. پەیامێک کە دەڵێت: (هەر یەکێک لە ئێمە، بەردەوام کفنی خۆمان پێیە، هەر وەختێ، وەتەن بخوازێت، ئامادەین بۆ مردن.)

پاکستان و هیندستان کە گەمەیش دەکەن، پێیان وایە، سەرقاڵی شەڕن و هەر بەو زمانە باسی یارییەکە دەکەن، وەک باسی جەنگ بێت. بە یاریگەکە دەڵێن: گۆڕەپانی جەنگ، بە یاریزان دەڵێن: جەنگاوەر، بە بردنەوە دەڵێن: ژیان و بە دۆڕاندن دەڵێن: مەرگ! جێندەر لە یاریشدا، دێتەوە ناوەوە، براوە، خرخاڵ و بازنگ و گوارە، بۆ دۆڕاو دەنێرێت! ئەوانەی بە خەمە نەتەوەییەکانەوە سەرقاڵن، زۆر بایەخ بە نێرایەتی دەدەن، وای بۆ دەچن، ئەگەر گەنجێک قژی درێژ بکاتەوە، یان ئەڵقەیەک لە گوێ بکات، ئیدی لە پیاوەتی دەکەوێت و توانای داکۆکیکردنی لە خاکی وەتەن، نامێنێت. ئەوە بۆیە زوو زوو، جەندرمە، پەلاماری لاوانی قژدرێژ و خەناوکە لە مل دەدات. جەندرمە پێی وایە، کوڕ

ئەگەر هەمیشە باسی خوێن و هێز و مەرگی بۆ بکەیت، ئازا دەردەچێت.

کە شەڕ دەکەوێتە نێوان دوو وڵات، یان دوو مەزهەبەوە، پیاوانی هەردوو لا، گەر ژنانی وڵاتەکەی تر، یان مەزهەبەکەی تریان بەر دەست بکەوێت، ئەتکیان دەکەن و بەو جۆرە تۆڵە لە دوژمن دەکەنەوە. نەتەوەپەرستان و مەزهەبخوازان، بە هۆی دەستدرێژیکردنە سەر ژنانی یەکدییەوە، پیاوەتی خۆیان نمایش دەکەن و شکۆمەندیی پیاوانی دوژمن بریندار دەکەن. سوپای پاکستان لەو بوارەدا، مێژوویەکی ڕەشی بۆ خۆی تۆمار کردووە و عەسکەری سەربیش لە بۆسنە، تاجی هەمان ڕیسواییی لەسەر نا.
کە شەڕ کەوتە نێوان هیند و پاکستانەوە، جەستەی ژن، بەشێک بوو لەو ململانێیە. سەروەختی دابەشبوونی هیند و دواتریش لە بۆسنە، عەسکەر ژنی ڕووت دەکردەوە و بە قەمە، جەستەی دەشێواند و مۆری خۆی لەسەر جێ دەهێشت. ڕێ کەوتووە، بەبەر چاوی کەسوکاری قوربانییەکەوە، وێڕای ئەتککردن، هەم مەمکی ژنیان لێ کردووتەوە و هەم (زێ)یان هەڵقڵیشاندووە. ژن چونکە ڕەمزە بۆ نیشتمان، ئەو ئەتکردنە، هاوزەمان ئەتککردنی وەتەن و کولتووریش بووە، کە ئایین بەشێکی پێک دەهێنێت.

جەندرمە کە مۆرێک بە چەقۆ، یان بە ئاگر، لە جەستەی ژنێک دەدات، پێی وایە، چیرۆکی سەرکەوتنی خۆی و ژێرکەوتنی دوژمن دەنووسێتەوە. عەسکەر کە ژنێک زەوت دەکات، مەبەستی ئەوەیە،

خوێن و ڕەچەڵەکی گەلی ژێرکەوتوو پیس بکات، ئاخر لای ئەو، پیسکردنی شەرەفی ژنێک، وەک پیسکردنی شەرەفی نەتەوەیەک دەکەوێتەوە و ئەوە ئەوپەڕی سووکایەتیکردنە بە شکۆی میللەتێک. عەسکەر کە ئافرەتێک بە دیل دەگرێت، پێی وایە، خاکێکە و داگیری کردووە، بۆیە چی بخوازێت، لێی دەکات. ئەو هەڵسوکەوتەی عەسکەر، زیانێکی گەورەی بۆ ئەو ژنانەیش هەیە کە لە شەڕگەوە دوورن، ئاخر ئیدی بە پاساوی پاراستنیانەوە، زیاتر لە جاران لە چوارچێوەی ماڵدا، زیندانی دەکرێن.(*)

2012.07.11

(*) روبينا سايغول، العسكرة والجندر.

# حەریم و حەرام

(خەونەکانی ژنانی حەریم)ی فاتیمە مەرنیسی، هەم ڕۆمانە و هەم ژیاننامەیش، کارەکتەرەکانی هەندێکیان کەسانی ڕاستەقینەن، هەندێکی تریشیان زادەی خەیاڵن، ڕووداوەکانیش هەندێکیان بەسەرهاتی ڕاستەقینەن و هەندێکی دیکەیان، بەری درەختی فانتازیای نووسەرن، گێڕەرەوەیش کچێکە نۆ ساڵان کە دەشێت خودی نووسەر بێت. لەنێو کارەکتەرەکاندا، هەیە وەک قاسم ئەمین بیر دەکاتەوە و هەیشە دەڵێیت شاگردی غەزالییە. باوک لەم بەرهەمەدا کە بە هەق شاگردێکی بەئەمەکی غەزالییە، پێی وایە کێشەی موسڵمان لەگەڵ کریستیاندا چییە، لەگەڵ ژنیشدا، هەر هەمان شتە، چونکە هەردوو لایان (سنوور)ی پیرۆز دەبەزێنن. باوک پێی وایە، کە خودا زەوینی خوڵقاند، وەک چۆن ژنانی لە پیاوان جودا کردەوە، بە هۆی زەریایەکی بەرینەوە، مەبەستی زەریای سپیی ناوەڕاستە، گاورانیشی لە موسڵمانان جودا کردەوە. وەک چۆن کریستیانان لەو دیو زەریاوە، مەرگیان دەهێنا، ئەگەر ژنانیش لە پیاوان جیا نەکرێنەوە، فیتنە کە ئاژاوەی کۆمەڵایەتییە، دەقەومێت.(١)

ئەو سنوورەی باوکسالاران باسی دەکەن، نە هێڵێکی سروشتییە، نە هی دەستکرد، هێڵێکی وەهمییە، مەگەر تەنیا لە زەینی ستەمکاراندا هەبێت، ئاخر وەک چۆن چەوساندنەوەی

بێدەسەڵاتان، تاوانە و سزای لەسەرە، هەر وایش، دەبێت پێشێلکردنی مافی ژنان، دەرچوون بێت لە یاسا و سزای بە دوادا بێت. لای بابسالار، ئایین بە مانای سنوور دێت، سنووریش بە مانای گوێڕایەڵی دێت، گویڕایەڵیی ژن بۆ پیاو. ئەوەی کە پیاو لە ژن باڵاترە، پرەنسیپێکی جێگیر و نەگۆڕی ئایینییە، ژنێک بڕوای بەو پرەنسیپە نەبێت، لەگەڵ ئاییندا دەکەوێتە ناکۆکییەوە.

بۆچی فارووقی پاشای میسر، شاژنە فەریدەی تەڵاق دا؟ چونکە هەر کچی دەبوو، بە گوێرەی (شەرع)یش، کچ نابێت لەجێی باوکی لەسەر (عەرش) دابنیشێت. منداڵ بەرهەمی پێوەندیی باوک و دایکە، هەردووکیان هێندەی یەک بەرپرسن لەوەی کچ دەبێت یان کوڕ، کەچی لە کۆمەڵی بابسالاریدا، لە دایکبوونی کچ، وەک تاوان سەرنج دەدرێت و ئەوە دایکە، بەهۆی ئەو (تاوان)ەوە سزا دەدرێت، بە مەرجێک بە گوێرەی شەرع، ئەوە زاتی خودایە، بڕیار دەدات، ئەوی لە سکی دایکدایە، بە کوڕ دەخوڵقێت، یان کچ دەردەچێت.

(نابێت پشت بە پیاو ببەستیت داکۆکیت لێ بکات، پێویستە پشتت بە خۆت قایم بێت. پێویستە وەک چۆن فێری ڕۆییشتن و قسەکردن دەبیت، فێری هاوارکردن و دەربڕینی نارەزاییش ببیت. کە سووکایەتیت پێ دەکەن و بێجگە لە گریان هیچ کاردانەوەیەکی دیکەت نییە، ئەوە بەو مانایە دێت، بۆ ئەوە هانیان دەدەیت، دیسان سووکایەتیت پێ بکەنەوە. پێویستە فێر ببیت، وشە لە شوێنی خۆیدا بەکار بهێنیت، ڕەنگە لەسەر بە

هەڵە بەکارهێنانی وشەیەک بە کوشت بچیت، وەک چۆن دەشێت، جوان بەکارهێنانی وشەیەک، ژیانت ڕزگار بکات.) ئەوە مۆچیاریی دایکێکە کە چیرۆکەکانی هەزار و یەکشەوەی ژنەفتووگە، بۆ کچکەی.

دەڵێن: ساڵانێکی دوور و درێژ بوو، پیاوان بەردەوام بە شەڕ دەهاتن، یەکیان دەکوشت و خوێن هەر خوڕەی دەهات، ئاخر دەسەڵاتێک نەبوو، سنوورێک بۆ خوێنڕشتن دابنێت. تا ڕۆژێک لە ڕۆژان، پیاوان لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن، سوڵتانێک دەستنیشان بکەن و هەمووان گوێڕایەڵی ببن. ئیدی بڕیاریان دا، سەفەرێک بە مەبەستی ڕاوەژن ڕێک بخەن و هەر پیاوێک زۆرترین ژنی ڕاو کرد، ئەو ببێتە سوڵتان. دەبوو ئەو ژنانەی دەستگیر دەکران، لە جێیەکی داخراودا کۆ بکرێنەوە، تا دواتر بژمێردرێن. دەڵێن ماڵ لەو ڕۆژەوە داهاتووە، وەتاق خستنەوەی ژن، لەوساوە داهاتووە، حەریم وەها داهاتووە، ئەوە بۆیە کوردیش دەڵێت: ژن و ماڵیان گوتووە.

(دەڵێن سلێمانی حەکیم، حەوت سەد ژن و سێ سەد کەنیزەکی هەبووە، داوودیش وێڕای کەنیزەک، ژنگەلێکی زۆری هەبووە و ئەگەر دڵی چوو بێتە سەر ژنێکی جوان، مێردەکەی بۆ بەرەی پێشەوەی جەنگ ناردووە، تا زوو بکوژرێت و ژنەکەی بخوازێت.)[٢] خەلیفە هاروون ئەلڕەشید، کە لە سەردەمی ویدا، قەڵەمڕەوی ئیسلام لە دیواری چین نزیک بووبووەوە، دەڵێن لە حەریمەکەیدا

که تەلارێک بووە لە بەغدا، هەزار کەنیزەک هەبووە، لە حەریمی خەلیفە موتەوەکیلدا چوار هەزار کەنیزەک و لە هی خەلیفە موقتەدیردا، ژمارەی کەنیزەک لە هی وانیش زیاتر بووە. ئەو خەلیفانە، ژنیان بە (ڕاو) پەیدا نەدەکرد، بە دەم فەتحکردنی وڵاتانەوە، کۆیان دەکردنەوە. حەریم، لە حەرامەوە هاتووە، کە پێچەوانەی حەڵاڵە و بە مانای ڕێگە پێ نەدراو دێت. حەریم، ئەو شوێنەیە پیاو، ژن و منداڵی خۆی، تێدا دوور لە چاوی کەسانی دی، دادەنێت، ئەو شوێنە، مەرج نییە هەر ماڵ بێت، ڕەنگە ڕەشماڵ بێت. حەریم، هەر شوێنەکە نییە، ئەوانەیشە لەو شوێنەدا ژیان بەسەر دەبەن. حەریم، ڕێسا و دابی خۆی هەیە، بێ پرس و مۆڵەتی خاوەنەکەی، هیچ پیاوێک مافی نییە، پێ بخاتە ناوی.

چونکە ئەوە ژنە کە زێتر دیلی دەستی دابونەریتە، پارادۆکس ئەوەیە، ژن لە پیاو زیاتر، لەسەر پاراستنی دابونەریت سوور بێت. ئایا کامیان زێتر جێگەی بایەخە؟ پاراستنی دابونەریت؟ یان بەختەوەریی خەڵک؟ بەختەوەری چییە؟ ئەوەیە، ژیان لەگەڵ ئەو کەسانەدا بەسەر بەریت کە خۆشت دەوێن. بەختەوەری ئەوەیە، هەست بکەیت کەسێکی ئازاد و سەربەخۆیت، تەنیا هەوێنی بەختەوەریی ئەوانی دیکە نیت. بەختەوەری ڕاگرتنی هاوسەنگییە، لە نێوان ئەوەی دەیبەخشیت و ئەوەی وەری دەگرێت. (ئازادی)یش ئەوەیە، خۆت خاوەنی ئاوەز و خود و جەستەی خۆت بیت. بۆچی بابسالار ئەوەی بە لاوە ئاساییە، پیاو سیگار بکێشێت، کەچی بۆ ژن بە سنووربەزاندنی نێوزەد دەکات؟ بە مەرجێک سیگارکێشان، وەک چۆن بۆ ژن خراپە، بۆ پیاویش هەر

زیانبەخشە. چونکە ژنەکە خۆی ئازادانە بڕیاری داوە، سیگار بکێشێت، بابسالاریش هیچ جۆرە ئازادییەک بە ژن ڕەوا نابینێت.

پۆشاک پێوەندیی بە پرۆژەی ژنەوە هەیە، ناکرێت جلێکی دێرینت لەبەردا بێت و خۆت پێ ژنێکی مۆدێرن بێت. پۆشاک ڕەمزە بۆ ژن، ئەو ژنەی لە بازنەی جلوبەرگی دێریندا قەتیس بمێنێت، دیلی نێو زیندانی دابونەریت دەبێت. جلی ژنی کورد، بۆ شایی و سەیران جوان و لەبارە، وەلێ بۆ کار دەست نادات، ئەوە نییە ژنانی گوندنشین، بە جلی پیاوانەوە، لە باخ و کێڵگەدا کار دەکەن؟ کێشەی ژن بە خۆ شاردنەوە لەودیو عەبا و پەچە و حیجابەوە، چارەسەر نابێت، بەڵکوو بەوە دەردی سەختتر دەبێت، چونکە ئەوی بترسێت و خۆی حەشار بدات، زووتر دەبێتە قوربانی و ئاسانتر ڕاو دەکرێت. ئوم کەلسووم، کیژێکی هەژاری گوندی بوو، لە ڕێی خەباتی بێوچانەوە، لە ڕێی ویستێکی بەهێز و متمانە بە خۆ بوونەوە، بەسەر پلیکانەی شکۆمەندیدا سەرکەوتە سەرێ و لەسەر عەرشی گۆرانی ڕۆ نیشت، کە ئەو سەروەختە، ئەوە بۆ ئافرەتێکی سەر بە بنەماڵەیەکی هەژار وەک مەحاڵ وابوو.

جوانی تایبەت نییە بە ڕووخسار و بەژنوباڵا، لە ناخماندایە، دەبێت لە هەوڵی ئەوەدا بین، بیهێنینە دەرەوە. لە دەروونی هەر یەکێکماندا، ئیدی چ پیاو بین، چ ژن، گەنجینەیەکی شاراوە لە بەهرە هەیە، جیاوازیی نێوانمان لەوەدایە، بەشێکمان ئەو گەنجینەیە دەدۆزینەوە، دەیخەینە گەڕ و لێی سوودمەند دەبین و بە هۆیەوە خزمەتی ئەوانی تریش دەکەین، بەڵام بەشێکمان

هەست بە هەبوونی ئەو گەنجینەیە ناکەین، ئیدی بە درێژایی تەمەنمان لە کوێرەوەریدا دەژین و ڕەوتارمان بەرانبەر ئەوانی دی زبر و دوژمنکارانە دەبێت. هەندێک جار کۆمەڵ بۆ دۆزینەوەی بەهرەکانمان کۆمەکمان دەکات و هەندێک جار، نا، بەڵام ئێمە وەک تاک خۆمان ڕۆڵی کاربڕ وازی دەکەین و دەتوانین بە هۆی بەهرەکانمانەوە، ژیانی خۆمان لە ڕیشەوە بگۆڕین و ڕۆڵمان لە گۆڕینی ژیانی ئەوانی تریشدا هەبێت.

ئەم ڕێسایە وەک چۆن بۆ نێر دروستە، بۆ مێیینەیش هەر ڕاستە، ئەگەر نا، ئوم کەلسووم ئەو ئەستێرە گەشەی لێ دروست نەدەبوو. زەینەب فەوواز ساڵی ١٨٥٠ لە گوندێکی دوورەدەستی لوبنان هاتە دنیاوە و سەرەتای ژیانی بە (کارەکەری) دەستی پێ کرد، بەڵام بە کۆششی خۆی، بوو بە ناوێکی ناسراوی ڕۆشنبیری و ناوبانگی بە بەیرووت و قاهیرەدا بڵاو بووەوە. ئەو ژنانەیشی کە وا دەردەکەوێت، خاوەنی هیچ بەهرەیەک نەبن، ئەوە بەخت یاوەریان نەبووە، یان ڕاستتر، هەلیان بۆ نەڕەخساوە، ئەگەر نا، لە ناخی ئەوانیشدا کانێک لە زێڕ هەیە.

لە سەدەی ڕابردوودا، لەو باکووری ئەفریکایە، ئەو پیاوانەی خۆیان بە نیشتمانپەروەر زانیبا، لێ دەگەڕان ژن و کیژیان، بە پۆشاکی خۆرئاواییەوە بچنە دەرەوە. قاسم ئەمین کتێبی (ئازادکردنی ژن)ی لە ١٨٩٩ دا بڵاو کردەوە، ئەوسا بابسالاران پێیان وابوو، ئەگەر ژنی جوان ڕووی خۆی دانەپۆشێت، پیاو بەرگەی بینینی ناگرێت و لە هۆش خۆی دەچێت. کەواتە لە

سۆنگەی لاوازیی پیاوەوە، دەبوو ژن خۆی بشارێتەوە! کەموکورِییەکە هی پیاو بوو، دەبوو ژن باجەکەی بدات! (ڕێگەی ژیان سەختە، دەبێت هەوڵی تەختکردنی بدەین.) لە کۆتاییدا ئەو ژنانە گرەو دەبەنەوە کە ئەو دروشمە پێڕەو دەکەن. کارەسات ئەوەیە، ژنان لە ناخیاندا زیندانێک ڕۆ بنێن و خۆیانی تێدا بەند بکەن، ئاخر ئەوسا وەک مەحاڵ وایە، بتوانن لەو زیندانە هەڵێن کە لە ناخیاندا ڕۆیان ناوە.

جاران لە زۆر شاری وڵاتانی ئیسلامی، گەڕەکی جوولەکەکان جیابوو، هەنووکەیش، لە زۆر شاری ئەمریکا، گەڕەکی ڕەشپێستەکان جیایە، جیاکردنەوەی ژن لە پیاویش، هەر چەشنێکە لەو جیاکارییانە و دەکەوێتە خانەی سووک سەرنجدانی ئەوانی دیکەوە. بەندکردنی ژن لە چوارچێوەی ماڵدا، وا دەکات خونچەی بەهرەی وەک پێویست نەگەشێتەوە، ئاخر ئینسان بە هۆی چوونە دەرەوە و سەفەر و دنیابینینەوە، ئاوەزی گەشە دەکات. بابسالار بۆیە ژن لە حەریمدا زیندانی دەکات، بۆ ئەوەی عەقڵی نەکەوێتە گەڕ، ئاخر ئیشی بە عەقڵی مێ نییە، خەیاڵی لای جەستەیەتی.

مەسعوودی، کتێبێکی هەیە، ناوی لێ ناوە: مروج الذهب، تێیدا دەڵێت: (بە هۆی مانگەوە، ڕووەک گەشە دەکات، میوە پێ دەگات، ئاژەڵ گۆشتن دەبێت و ژن مانگی جارێک خوێنی لەبەر دەڕوات.) بە گوێرەی کولتووری بابسالاری، ژن مانگی جارێک سزا دەدرێت، سزای ئەو تاوانەی کە بە مێ خوڵقاوە، ئەو سزایە، خوێن لەبەر

ڕۆییشتنی مانگانەیە و لە مەغریب، (باجی مانگانە)ی پێ دەڵێن، نەک بێ نوێژی، یان سووری مانگانە. لە زمانی عەرەبیدا، قەمەر کە بە مانای مانگ دێت، هەم بۆ ناوی پیاوان دەست دەدات و هەم بۆ هی ژنانیش. لە هەزار و یەکشەوەدا، میرێک هەیە، خۆی ناوی قەمەر ئەززەمانە و ژنەکەیشی ناوی (بدور)ە، کە کۆی بەدرە و بە مانای مانگی چواردە دێت.

(ئەگەر دەخوازیت، پیاوێکی دیاریکراو حەزی بچێتە سەرت، دەبێت شەوی هەینی، سەروەختی دەرکەوتنی ئەستێرەی زوهرە، بە قووڵیی بیری لێ بکەیتەوە و ئەم نزایە بڵێیتەوە:

لاف لاف لاف داف

داف یابش دیبش

غالبش غالبش

داعووج داعووج

عەرەق سەدرووح

حاح حاح.

بۆ ئەوەی خواستەکەت بە دی بێت، پێویستە ئەو وشە سیحراوییانە، کە لە زمانی جنۆکەوە وەرگیراون، بە دروستی و بە ئاوازەوە و بەوپەڕی متمانەوە بڵێیت و بڵێیتەوە، ئەگەر نا، نەک هەر دوعاکەت گیرا نابێت، بەڵکوو ئەگەری ئەوەیش هەیە، جنۆکە کە زیندەوەرگەلێکن لە بان سروشتەوە، غەزەبیشت لێ بگرن.) ئەم (زانیاری)یانە لە (الکتاب الأوفق)دا بڵاو کراونەتەوە کە گوایە لە نووسینی ئیمامی غەزالییە. لە ڕوانگەی پەیامبەرەوە، ئەو ژنانەی

هانا بۆ سیحر دەبەن، لە ڕۆژی قیامەتدا، بەرەو ڕووی کوتوپڕیی ناخۆش دەبنەوە.

دنیا بەم شێوەیەی ئێستای دنیایەکی پۆخڵە، بە بەشداریکردنی ژنان لە گۆڕینیدا، هەم پاکژ دەبێتەوە و هەم دیوار و سنووری تێدا نامێنێت. بابسالاران لەگەڵ ئەوەدان توند خۆمان بە دابونەریتەوە شەتەک بدەین و هەموو یاخیبوونێک لە کەلەپووری باب و باپیران، بە ناشیرین و خراپ لە قەڵەم دەدەن. لەو ڕوانگەیەوە، ژن هەر دەبێت لەنێو ماڵدا قەتیس ببێت و لە پێناوی بەختەوەریی خێزاندا، بیر لە هیچ تازەگەرییەک نەکرێتەوە، ئاخر گوایە ماقووڵ نییە، نەوەی نوێ، لە هەموو نەوەکانی پێشووتر، بەئاوەزتر بێت!

(جووتێک تاوس، هەستیان دەکرد، ئازادییان لێ زەوت دەکرێت و بەردەوام مەترسی لەسەر ژیانیان زیاتر دەبێت، بۆیە بڕیاریان دا، ژینگەی خۆیان جێ بهێڵین و ئیدی لە شەققەی باڵیان دا و لە دوورگەیەک نیشتنەوە، لە بەهەشت دەچوو...) ئەوە یەکێکە لەو چیرۆکانەی شەهرەزاد بۆ شەهرەیاری دەگێڕێتەوە. تاوس لەوێدا ژنە کە دەبێت بەردەوام بە دوای هەلومەجی گونجاوتردا بگەڕێت و مل بۆ سەختییەکانی ژیان کەچ نەکات، ژنێک کە هاوسەرێک هەڵببژێرێت، بۆ دۆزینەوەی دوورگەی دڵگیر و گونجاو، هاوسەفەری بێت، هاوسەرێک بۆ خەبات لە ڕێی ئازادی و یەکسانیدا، هاندەری بێت، نەک لە زیندانی کەلەپووردا بەندی بکات و دەرگەی ماڵی لەسەر کڵۆم بدات.

هەنگاوی یەکەم ئەوەیە، خاوەنی خەون بین، ڕاستە دنیا بە خەون نایەتە گۆڕین، وەلێ پاراستنی شکۆمەندیمان لە خەونبینیەوە دەست پێ دەکات. خەونبینین ئەوەیە، قایل نەبین سووکایەتیمان پێ بکرێت و خەیاڵمان لای جیهانێکی جوان و دادپەروەرانە بێت. ژیان ئەوە نییە، هەناسە بدەین، ژیان ئەوەیە هەست بکەین، شنەی جووڵەی زەمەن، خوتووکەمان دەدات. ژن کە زیندانی حەریم ڕەت دەکاتەوە، پێویستە ڕەشماڵ و کۆنەهەواریش ڕەت بکاتەوە، بە گژ ڕابردوویشدا کە دنیای مردووانە بچێتەوە و چاو ببڕێتە دنیایەکی تازە و ژینگەیەکی ئازاد. سنوورێک هەیە، دنیا دەکات بە دوو بەشەوە، بەشێکی بۆ بەهێزان و بەشێکی بۆ لاوازان. لاواز ئەو کەسەیە، لە هەوڵی ئەوەدا نییە، خۆی لەو زیندانە ڕزگار بکات کە بە دەستییەوە گیرۆدە بووە.

٣١ی ئابی ٢٠١٢
ستۆکهۆڵم

(١) فاطمة المرنيسي، أحلام النساء الحريم، ترجمة: ميساء سري، مراجعة: محمد المير أحمد، ورد للطباعة والنشر والتوزيع ١٩٩٧ دمشق.
(٢) جيفرى بارندر، الجنس في أديان العالم، ترجمة: نورالدين البهلول، ص ٢٥١ دار الكلمة ٢٠٠١ دمشق.

## ژن لە سایەی ئایینێکی هاوبەش و کولتووری جیاوازدا

لای ئیسلام، چالاکییە سێکسییەکان، مەترسییەکی شاراوەن لە هەناوی کۆمەڵدا، بۆیە پێویستە کۆنترۆڵ و کەوی و بە یاسایی بکرێن. لای ئیسلام ڕەوتاری سێکسی، بە هەموو وردەکارییەکانییەوە، بە جۆرێک ڕێک خراوە کە لە هیچ ئایینێکی دیکدا لە وێنەی نییە. ئەو ڕێکخستنە، دوو لێکدانەوە هەڵدەگرێت: هەم ددانپێدانانێکی پۆزەتیڤانەیە بە ئارەزووە جەستەییەکاندا کە نابێت سەرکوت بکرێن و هەم بە پێچەوانەیشەوە، بۆ چەپاندنی سێکسواڵیتیی مێیە کە ئەگەر جڵەو نەکرێت، ئاژاوە دەنێتەوە. سێکسواڵیتی تەنیا بۆ تێرکردنی ئارەزووە جەستییەکان نییە، بەڵکوو بۆ ئارام ڕاگرتنی دەروون و بۆ سەلماندنی خودیشە، ئاخر ژن کاتێک هەست بە مێبوونی خۆی دەکات، کە لەو ڕووەوە لەژێر گوشاردا نەبێت.

لە کن ئیسلام، ئەگەر جڵەو بۆ ئارەزووی جەستە شل بکرێت، عەقڵ دەکەوێتە بەر مەترسییەکی ڕاستەقینەوە و ئیدی ئینسان نە توانای بیرکردنەوەی دروستی دەمێنێت و نە خودای بیر دەکەوێتەوە. پێوەندیی نێوان عەقڵ و ئارەزوو بە جۆرێکە، هەر کامێکیان بەهێز ببێت، ئەوی دیکەیان لاواز دەبێت، کەواتە نە عاقڵ دوای هەوەس دەکەوێت و نە هەوەسباز عەقڵی لە کن دەمێنێت. کە پیاو مافی هێنانی چوار ژن و کۆمەڵێک کەنیزەکیشی

هەیــە، لەبــەر ئەوەیــە، لــە ڕووی سێکســییەوە، تێروپــڕ بێــت، دابمرکێتەوە و دووچاری لە ڕێ لادان نەبێت.

ئیسلام، ئایینە، موسڵمان، کەسێکە بڕوای بەو ئایینە هەبێت. تێگەیشتنی موسڵمان لە ئیسلام، یان لێکدانەوەی موسڵمان بۆ دەقە پیرۆزەکان، بوارێکی کراوەیە و موسڵمان چۆن ئیسلام لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەیدا دەگونجێنێت، ئەوە هەمیشە جێی مشتومڕ بووە و بــە درێژایــی مێــژووی ئیســلام، نــاکۆکی لــێ کەوتووەتــەوە، سەرهەڵدانی ئەو هەموو ڕێباز و مەزهەب و تایەفەیە، زادەی ئەو ناکۆکییە بووە.

بەردەوام بە ڕەچاوکردنی هەلومەرجی جیاوازی کۆمەڵایەتی، لە لایەن زانایانی ئیسلامەوە، لێکدانەوەی جیاواز، بۆ دەقی پیرۆز کراوە. چۆن بەرنامەی ئیسلام پێڕەو دەکرێت؟ بێجگە لە شیعە، هەر لای سوننە چوار ڕێباز هەیە: حەنەفی، شافیعی، مالکی و حەنبەلی. بۆ نموونە تەنیا بۆ وەڵامی پرسیاری: ئایا بەکارهێنانی حەب، بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونی منداڵ، ڕەوایە؟ هەر یەکێک لەو ڕێبازانە، وەڵامی خۆی هەیە. ئایا لەباربردنی منداڵ، حەرامە یان حەڵاڵ؟ ئەو پرسیارەیش تاقە یەک وەڵامی نییە. ئایینی ئیسلام لە (نیمچە دوورگەی عەرەب) سەری هەڵداوە، لەوێ خەتەنکردنی کچ، نــەک وەک دیــاردە، وەک حاڵــەتیش هــەبوونی نییــە، کــەچی لــە سوودان، بە ناوی ئیسلامەوە، کچ نییە خەتەنە نەکرێت!

شیعە، گەلەک سرووتی تایبەت بە خۆی هەیە کە لای سوننە نییە، وەک سەردانی بە کۆمەڵ بۆ سەر مەزاری ئیمامەکان، لە خۆ

دان بە زنجیر و خۆ بریندار کردن بە قەمە، حەج بۆ کەربەلا و بە یاسایی و بە شەرعیکردنی ژنومێردایەتیی چێژ لێ وەرگرتن کە بۆ کاتێکی دیاریکراوە. هەرچەندە کاتێک شیعە سەری هەڵدا، هێشتا فارس نەهاتبوونە ناو ئیسلامەوە، بەڵام لەمێژە شیعایەتی، سروشتێکی ئێرانییانەی هەیە و بە فارسی کراوە، بە فارسیبوونەکەی شیعە، هێندە زەقە، هەر وەک دوو ئیسلام هەبێت، ئیسلامی عەرەبی و ئیسلامی فارسی.

ئیسلام لەناو عەرەبدا سەری هەڵداوە، بەڵام موسڵمانی ناعەرەب، لە موسڵمانی عەرەب زیاترن. بە هەموو دنیای عەرەب، ئەوەندەی ئەندەنووسیا موسڵمانی لێ نییە و نزیکەی سێسەد میلیۆنێک موسڵمان، لە پاکستان و بەنگلادیش دەژین، ئەو وڵاتانە چونکە کولتووریان لە هی عەرەب جیاوازە، ئەوەیش کەم و زۆر، لە چۆنیەتیی پێڕەوکردنی ئیسلامدا، ڕەنگ دەداتەوە. ئەو ئیسلامەی لە باشووری جەزائیر لای تەواریق هەیە، لە زۆر وردەکاریدا، جیاوازە لەو ئیسلامەی لە باکووری هەمان وڵات، لای عەرەب هەیە. کۆماری تورکیا، کە لە ١٩٢٣دا دامەزرا، ددانی بە گەلێک لە مافەکانی (مێ)دا نا، لەوانە: ڕەخساندنی هەلی یەکسان بۆ مێیش وەک نێر لە بواری خوێندندا، فێرگەی تێکەلاو، قەدەغەکردنی فرەژنی، یەکسانبوونی پیاو و ژن، لە بوارەیلی هاوسەرگیری، سەرپەرشتیکردنی منداڵ و میراتدا و سەرپشککردنی ژن، لەوەی حیجاب دەپۆشێت، یان نا؟ وڵاتی ئیسلامی هەیە، ئێستایش ئافرەت تێیدا، هیچ کام لە مافانەی نییە.

لە نیگێریا کە زیاتر لە سەدوپەنجا میلیۆن کەسی لێ دەژی و نزیکەی لە سەددا حەفتایان موسڵمانن، هەم فرەژنی دیاردەیەکی

بەربڵاوەوە و جێی سەرنج نییە، هەم تەڵاقیش، وەلێ لە بەنگلادیش، هەم فرەژنی و هەم تەڵاقیش، ئەوپەڕی شەرمەزاری و ڕیسواییین. لە بەنگلادیش، ژنان تێکەڵی پیاوان نابن، وەلێ لە ئەندەنووسیا، لێک جیا ناکرێنەوە. لە باکووری نیگیریا، نە ژن لەسەر زینا دەکوژرێت و نە چەمکێک هەیە، ناوی سڕینەوەی شەرم بێت، وەلێ لە باکووری کوردستان، ئەگەر تەنیا گومان لە ژنێک بکرێت، زینای کردووە، دەکوژرێت. فاتیمە ئەلمەرنیسی دەڵێت: (شەرع داوا لە کوڕان و کیژان دەکات، پێش هاوسەرگیری، خراپ توخنی یەکتر نەکەون، بەڵام کوڕان بە گشتی لە زۆر وڵاتی ئیسلامی ئەو ڕێسایە، ڕەچاو ناکەن، ئەمەیش زادەی ئەوەیە، زێتر پێبەندی دابونەریت کە بەشێکە لە کولتوور، دەبن وەک لە ئایین.) ئەوە بۆیە لە کاتێکدا لە ئێران، لەژێر ناوی هاوسەرگیریی کاتەکیدا، بازرگانیکردن بە سێکسەوە، بە شەرعی دەکرێت، کەچی لە خۆرهەڵاتی تورکیا، لەسەر گومان، یان پێوەندییەکی ڕووکەش، کچ دەکوژرێت.

ئیسلام لە بارەی جێندەر و سێکسواڵیتیی ژنەوە، هەمان گوتاری نییە، ئەوە بۆیە، ئەو هەلی کار و بواری خوێندنەی لەم وڵاتی ئیسلامی بۆ ژنان دەڕەخسێت، لەو وڵاتی دیکەی ئیسلامی ناڕەخسێت، بەڵام بە گشتی، دیسکۆرسی زاڵی ئیسلام، ژنێکی پێ نموونەیییە، ملکەچی هەژموونی پیاو بێت، ژنێک بەوە قایل بێت، پیاو بەو شێوەیەی بە گونجاوی دەزانێت، سنوور بۆ چالاکییە سێکسییەکانی دەستنیشان بکات. موسڵمان، ئەگەر توندڕۆیش بێت، هەر براوی بەوە هەیە، ژن لە ڕووی سێکسەوە تێروپڕ بێت و چێژ وەربگرێت، بەڵام لە چوارچێوەی ڕێنوێنییەکانی پیاودا. وەک

نموونە، پیاوی موسڵمان، ئەوە بە دروست نازانێت، ژنی ئارەزوو داگیرساوی بۆ سێکس برسی، هانا بۆ نانی خووی نهێنی ببات.

ئەوانەی پێیان وایە، سێکسواڵیتیی ژن، زریانێکە هەڕەشە لە سیستەمی کۆمەڵایەتیی دەکات، ژن ئەگەر ئازاد بێت، مەحاڵە خۆی کۆنترۆڵ بکات، بڕواشیان بە خەتەنەکردنی مێ هەیە، بۆ ئەوەی پاکژ بێت و خۆی بە دەست ئارەزووەکانییەوە نەدات. لە سوودان هەموو مێیەک بە ناوی ئیسلامەوە خەتەنە دەکرێت، بەڵام لە تونس، خەتەنەکردنی مێ، هەبوونی نییە. لە زۆر وڵاتی ئیسلامی کچی بنپژاو، شووی دەست ناکەوێت و ڕەنگە بکوژرێت، لە هەندێک شوێنی نیگێریا، هەبوون یان نەبوونی پەردەی کچێنی، چوون یەکە. جاری وا هەیە، گوتاری ئیسلامی لە هەمان شوێن، بە پێی زەمان دەگۆڕێت، وەک نموونە، ڕەشبەڵەک کە لە ڕابردوودا لە کوردستان ئازاد بوو، ساڵانێکە دەڵێی قەدەغە کراوە. لە پاکستان، سەردەمی زیائولحەق، لە قوتابخانەی کچاندا، نەک سەما، موزیکیش قەدەغەبوو. لە کوردستانی باکوور، دابونەریت هێندە دواکەوتووە، خێزان هێندە ستەمکارە، لەوە زۆر کەمتر بە ژن ڕەوا دەبینرێت کە شەرع پێی ڕەوا بینیوە.

ئوسوولییەت کە بە ئینگلیزی دەبێتە فەندەمەنتالیزم، گەڕانەوەیە بۆ ڕەگوڕیشەی باوەڕ، پێش ئەوەی لای ئیسلام هەبووبێت و بە مانای ئیسلامی وشکوبرینگ و توندڕۆ بێت، لای کریستیانیزم و جوودیزمیش هەبووە. باڵی ڕاسترۆی ئیسلام هەوڵ بۆ ئەوە دەدات، ژن وەک سێکسواڵیتی، سست و خاو بێت، نەک

چوست و چالاک، چونکە ئەوە وەک یەقین وایە لە کنیان، ژن چاوگ و هەوێنی فیسق و فجوورە، بەڵام بەرانبەر پیاو، دڵفراوانن و لە کۆششی ئەوەدان، بۆ تێرکردنی ئارەزووە سێکسییەکانی، ڕێگە لەبەردەمیدا والا بێت و بابسالاری هەر بەردەوام بێت.

ئیسلامی توندڕۆ، ئیدی لە سوودان بێت، یان لە ئێران، بە چۆنییەتیی هەڵسوکەوتی لەگەڵ ژندا دەناسرێتەوە. لەو دوو وڵاتە، ژنێک گوێڕایەڵ و ملکەچی یاسای حیجابپۆشین نەبێت، بە تۆمەتی سەرپێچیکردن لە شەرع، هەم توندوتیژی لەگەڵ بەکار دەهێنرێت و هەم سزایش دەدرێت. ئیسلامی توندڕۆ، ژنی بۆ داهێنانی شتی نوێ ناوێت، بۆ ئەوەی دەوێت، کەندوویەک بێت بۆ هەڵگرتن و پاراستنی کولتووری دێرین. ئیسلامی توندوتیژ، هەر بۆ ئەوەیش پێی باشە، ژن مندالی ببێت و پەروەردەی بکات، تا ئەو کولتوورە کۆنە، لەم نەوەوە بۆ نەوەی داهاتوو بگوێزرێتەوە و بە نەمریی بمێنێتەوە، تا سێکسوالیتیی مێ کەوی بکرێت، تا مێ هەر ژنی ماڵ و دایک بێت و تا هەر لە چوارچێوەی مالدا، ژیان بە ڕێ بکات. چونکە لای ئیسلامی توندڕۆ، ئەوە بۆ ژن جوان نییە، لە دەرەوە ببینرێت، لە جەزائیر، سەروەختی هەڵبژاردن، پیاو لەبری ژنەکەیشی دەنگی دەدا.

ئەوە بۆ ڕێگە گرتنە لە ڕووباری خوڕی سێکسوالیتیی ژن، لێرە لەودیو عەباوە، جەستەی دەشارنەوە، لەوێ لەودیو چادوورەوە و لەولاتر لەودیو ویشاحەوە. لای ئیسلامی توندڕۆ، ژن ئەگەر جینزیش لە پێ بکات، هەر جائیزە، بەڵام بە مەرجێک حیجاب

فـەرامۆش نـەکات. ڕێ دەکـەوێت ژن خـۆی بڕازێنێتـەوە و بـۆنێکی خۆشـیش لـە خـۆی بـدات، ئەگـەر ژنـی وا، سـەرنجی ئیسـلامییەکی توندڕۆ ڕابکێشـێت، بـۆ ئەوەیـە بـە ڕوویـەکی گـرژ و مۆنـەوە، تێـی بڕوانێت.

ئیسـلامی تونـدڕۆ، زەنـدەقی لـە هێـزی سێکسوالێتیی ژن چـووە، پێی وایە ئەگەر لەودیو عەباوە، نەیشارێتەوە، ئەگەر لـە قەفـەزی ماڵـدا، دیلـی نـەکات، تـەلاری سیسـتـەمی کۆمەڵایـەتی هــەرەس دەهێنێت. لای ئیسلامی فەندەمەنتالیست، پیاو لە بـەردەم هێرشـی هێـزی سێکسوالێتیی ژنـدا، خـۆی پـێ ناگیرێت و ئـەژنۆی دەشـکێت، هەرچەندە ددان بەوەدا دەنێت، ئـەوە خودایـە، ئـەو هێـزەی بـە ژن بەخشـیوە، بـەڵام هەمیشـە هـەر سەرزەنشـتی ژن دەکـات، هـەر خەریکی کۆنترۆڵکرنی ژنە و هەر ژن سزا دەدات.

کـە پیـاوان لـە بـەنگلادیش یـان نیگێریـا، گێچـەڵ بـە ژنـانی فرۆشیاری دەستگێڕ دەکەن، یاسا سزای ژنـەکان دەدات، کـە گومـان لـەوە دەکرێت، ژنێک لـە دەرەوەی هاوسـەرگیری پێوەنـدی هـەبێت، هــەر ژنەکــە ســزا دەدرێــت، کــەس لــە پیاوەکــە ناپرسـێتەوە. بابسالاران بـە تۆمـەتی پێوەنـدیی سێکسـی ناشـەرعی، ژن و کچـی خۆیـان دەکـوژن، بـەڵام قـەت لـەبـەر هـەمان هۆکـار، کـوڕ و بـرای خۆیان سزا نادەن. لە سوودان، هەموو پیاوێک، ئەوە بە مافی خـۆی دەزانێـت، سـووکایەتی بـەو ژنانـە بکـات، کـە پێـی وایـە جلـی گونجاویان نـەپۆشیوە. لای فەندەمەنتالیست، قەت ژن مافی ئـەوەی نییە، داوای مێرد، بۆ سـەرجێی ڕەت بکاتـەوە و منداڵ لـە هـەناوی

ژنـدا پەیـدا دەبێـت، کـەچی ئـەوە پیـاوە، بڕیـار دەدات، ژن مـەنع بکـات، یـان نـا؟ لــە ســەرەتای شۆڕشــی ئیسـلامیی ئێرانـدا، پیـاو سەرەتا بڕیاری دا، سنووردانان بۆ منداڵبوون قەدەغـە بێت، دواتـر هــەر پیـاو بڕیـاری دا، سـنووردانـان بـۆ منـداڵبوون، لــە قـازانجی موسڵمانانە.

لە ١٩٢٦ەوە فرەژنی لـە تورکیا قەدەغـە کراوە، بـەڵام پیـاو بـە بەرچاوی یاساوە، لای مـەلا، ژنـی دووەم کـە هـیچ مـافێکی یاسـایی ناکەوێت، مارە دەکات. هەرچەندە ئەوە بە یاسا، قەدەغە نـەکراوە و سزای لەســەر نییـە، ئـەگـەر ئـافرەت، لـە دەرەوەی هاوسـەرگیری، پێوەنـدیی لەگـەڵ پیـاودا ببەستێت، بـەڵام لـە ڕۆژهـەڵاتی تورکیـا، تــابووە و ژنـــی لەســەر دەکوژرێـت. لــەوێ لــە کـاتی مارەبڕینـدا، پێویسـت ناکـات، بـووک بڵێـت، بـەو هاوسـەرگیرییە قـایلم، ئـاخر بێدەنگی بە واتـای ڕازیبـوون دێت و ئـەوە وەک مـەحاڵ وایـە، کـچ، هاوسەرگیرییرک ڕەت بکاتەوە، خێزان بڕیاری لەسەر دابێت.

فەندەمەنتالیسـت چەنـدان ئاسـانکاری بـۆ پیـاو دەکـات، تـاکوو ئارەزووە جەستەیییەکانی تێر بکات، ئیدی هەر لـە فرەژنییـەوە تـا ژنــی ســەفەری. لــە نیگێریـا، فرەژنــی وەک ئــەرکی لــێ هـاتووە و شــەرمە پیـاو، تاقـە ژنێکـی هــەبێت. لـە زۆر وڵاتــی ئیسـلامی، بــە پاساوی سنووردانـان بۆ بەدڕەوشتی، هەر بـە منداڵـی، کچان بـە شوو دەدرێن. لـە سوودان، بێ ئەوەی حساب بۆ قسەی بکەن، مێرد بۆ کچ دەدۆزنـەوە و لـە جەزائیر کە سوننـەن، هاسەرگیریی کاتـەکی هێدی هێـدی بـڵاو دەبێتـەوە و لــە سـوودانیش هــەروەها. لـە سـوودان کــە

ئیسلامیی توندڕۆ فەرمانڕەوایە، ئەگەر ئافرەتێک، بە تۆمەتی ئەوەی ئەتک و دوو گیان کراوە، داوا لەسەر کەتنکەرەکە تۆمار بکات، داوای چوار شاهیدی لێ دەکەن! ئەگەر بۆی پەیدا نەکرێت، کە مەحاڵە بکرێت، بە پاساوی ئەوەی ددانی بە تاوانی زیناکردندا ناوە، سزا دەدرێت.

لە بەنگلادیش، ئەنجوومەنی گوند کە هەموو ئەندامەکانی نێرن، دەسەڵاتی ئەوەی هەیە، ژن بە تاوانی زیناکردن حوکم بدات. لە جەزائیر، هەر دەڵێی دەوڵەت لە بنەوە، لەگەڵ ئەو پیاوانەدا کە تێزاب بە ژناندا دەکەن، هاوکارە، ئەگەر نا، سزایەکی توندی دەدان. فەندەمەنتالیست، بەرانبەر بە هاوڕەگەزبازان، ئەگەر پیاو بن، دلۆڤانە، وەلێ ئەگەر ژن بن، دنیایان لێ دەکات بە چەرمە چۆلەکە. چونکە لە سایەی ئیسلامی ڕاستڕەودا، بۆ ژنان، چوونە دەرەوە و لەگەڵ پیاوان تێکەڵبوون، وەک قەدەغە وایە، هاوڕەگەزبازی لە نێوانیاندا، بۆ نموونە لە وڵاتانی کەنداو، مێژوویەکی درێژی هەیە. هەرچەندە ئەو ڕەوشە، زادەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووە ناوخۆییەکانە، وەلێ فەندەمەنتالیست بانگەشە بۆ ئەوە دەکات، ئەو بەدڕەوشتییە، لە ئەورووپاوە، بۆ ئاسیا هاتووە.

فاتیمە ئەلمەرنیسی دەنووسێت: (لە کن گەلانی موسڵمان، ژن بە گشتی، سەروەختی سەرجێیی، ناگاتە مووچڕکەی خۆشی، وەلێ خۆی وا نیشان دەدات، پێی گەییشتووە. یان ڕێ دەکەوێت، ئەگەر (نەزۆک) بوو، خۆی وا نیشان دەدات، دوو گیانە و ئەگەر بە

شێوەیەک لە شێوەکان، منداڵێکی بۆ پەیدا کرا، وای نیشان دەدات لە خۆی بووە. چونکە لە ڕووی چالاکییە سێکسییەکانەوە، یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا نییە، پیاو، ئەگەر پێوەندیی لەگەڵ چەند ژنێکدا هەبووبێت، پێی وایە پیسی کردوون، نازانێت، ئەوە بەو مانایە دێت کە خۆی سەرچاوەی پیسییە. پیاو کە لە دەرەوەی هاوسەرگیری، پێوەندیی لەگەڵ ژن دەبەستێت، لە خۆشیدا ئاهەنگ دەگێڕێت، وەلێ هەمان پێوەندی بۆ ژن، ڕەنگە بە مەرگ کۆتایی بێت.

2012.07.14

(١) دينيز كانديوتي، صور النساء في الرواية التركية.

(٢) عائشة إمام، اليمين الديني الإسلامي والجنسانية.

(٣) ليلى أحمد، المرأة والجندر في الإسلام.

(٤) فاطمة المرنيسي، المرأة والإسلام.

(٥) پنار إيلكاركان، المرأة والجنسانية في المجتمعات الإسلامية، ترجمه: معين الإمام، دار المدى للثقافه والنشر ٢٠٠٤ دمشق.

(٦) محمد جميح، في التشيع الفارسي، الشرق الأوسط ٢٠١٢/٧/١٢ لندن.

(٧) ناهد توبيا، ما هو تشويه الأعضاء الجنسية الأنثوية؟

# ژن لـه کن جۆن لۆک

بیرورِای نویّ، چونکە هێشتا نەبووە بە باو،
خەڵک بە چاوی گومانەوە سەیری دەکەن و
بە گژیدا دەچنەوە.

جاران ئەوە باو بوو کە (لەنێو عەقڵی ئینساندا، هەندێک بۆچوون هەنە، خۆڕسکانە بە میراتی بۆی دەمێننەوە و پێش ئەوەی هەستی کردبێت، پێش ئەوەی هیچ ئەزموونێکی لە ژیاندا هەبێت، بڕوای پێیان هەبووە.) ئەو تێزە هێندە جێگیر بووبوو، لەسەرووی گومانەوە بوو، یەکێک لەوانەی شێلگیرانە داکۆکی لیّ دەکرد، دیکارت (١٥٩٦ – ١٦٥٠) بوو. ئەوە جۆن لۆک (١٦٣٢ – ١٧٠٤) بوو ئەو بۆچوونە هەڵەیەی ڕەت کردەوە و گوتی: (ئاوەزی منداڵ لاپەڕەیەکی سپییە، پێش ئەوەی بێتە دنیاوە، هیچی لیّ نەنووسراوە، بە هۆی ئەزموونەوە شت فێر دەبێت.) کە نەیارانی بە گژ ئەو گوتە بەناوبانگەیدا دەچنەوە، لەسەر قسەی خۆی سوور دەبێت و دەبێژێت: (ئەگەر لێیان پرسیت: کەی دەستت بە بیرکردنەوە کرد؟ بڵیّ: لەو کاتەوەی دەستم بە هەستکردن کرد.) هەروەها دەڵێت: (منداڵ کە لە دایک دەبێت، نازانێت خودا هەیە یان نا؟ بە هۆی ئەزموونەوە، لە هەبوونی خودا دڵنیا دەبێت.)

پیاو وێنەیەکی شێواوی بۆ ژن کێشاوە، کارەساتی گەورە ئەوەیە، ژن بە جۆرێک بڕوای بەو وێنەیە کردووە، تا ئەو ئاستەی

خۆی گومانی لەوە هەیە کە پێویستە لەگەڵ پیاودا یەکسان بێت، بەڵکوو بەوە قایل بووە، دەبێت پاشکۆی پیاو بێت. تا سەدەی نۆزدەیەمیش لە ئەورووپا، ئەوسا کە بابسالاری سەروەر بوو، سووک سەرنجی ژن دەدرا، ئەو تێڕوانینە بۆ ژن، هەنووکەیش لە ئاسیا زاڵە. فەلسەفە کە کرۆکی فیکری ئەم یان ئەو سەردەمە، نزیکەی بە درێژایی مێژوو، لە سەنگەری دژایەتیکردنی ژندا بووە، دابونەریتیش هەروەها.

هێندە کۆسپ لە پێش ژندا ڕۆ نراوە، هێندە کۆت لە دەستی کراوە و هێندە سانسۆر لەسەر هەستی دانراوە، هێندە جەستەی زەوت کراوە، ناهەقی نەبووە، ئەگەر هەستی بە لاوازیی خۆی کردبێت، لاوازییەک کە زادەی هەلومەرجە دژوارە کۆمەڵایەتییەکان بووە، نەک ئەوەی گوایە سروشت ژنی بە لاوازی خوڵقاندووە. سوفستاییەکان دەیانگوت: ئەوە دابونەریتە ژنی لاواز کردووە، وەلێ سوکرات، ئیفلاتوون و ئەرستۆ کە فیکریان دوو هەزار ساڵێک دنیای داگیر کردبوو، دەیانگوت: ئەوە سروشتە، ژنی نوقسان و لاواز ئەفراندووە.

سوکرات دەیگوت: سوپاس بۆ خوا، منی بە یۆنانی خوڵقاند نەک بە بەربەر، بە ئازاد نەک بە کۆیلە، بە پیاو نەک بە ژن. یان بە قوتابییەکانی دەگوت: (ژن بهێنن! یان بەختەوەر دەبن، یان وەک من دەبن بە فەیلەسووف.) کە ژنەکەی لێی تووڕە دەبوو، ئینجا ئاوی بە خۆی و قوتابییەکانیدا دەکرد، دەیگوت: ژنەکەی من لە ئاسمان دەچێت، سەرەتا بروسکەی هەیە و دواتر باران.

ئەرەستۆیش بڕوای بە (هیرارکی) هەبوو، خەڵکی سەر بە نەتەوەکانی دیکەی لە یۆنانی پێ نزمتر بوو، پیاوی لە ژن پێ باڵاتر بوو. ئەرەستۆ کە دەیگوت: (ئینسان ئاژەڵێکی بگۆیە.) مەبەستی پیاوێکی ئازادی یۆنانی بوو، ئاخر ژنی بە ئینسانی تەواو نەدەزانی.

پێش ئەوەی جۆن ستیوارت میڵ (١٨٠٦ – ١٨٧٣) هەوڵ بدات، ڕێز بۆ ژن بگەڕێنێتەوە، فەلسەفە و کەنیسە نزم سەیری مێیان دەکرد. دەیانگوت: ئەوەی کە ژن منداڵی دەبێت، پێوەندیی بە لێهاتوویی خۆیەوە نییە، سروشت ئەو توانایەی پێ بەخشیوە. قەشە گریگۆری (٥٣٨ – ٥٩٤) لە گەرمەی گوتوبێژێکدا پرسیبووی: (بۆچی ژنیش ئینسانە؟) ئاخر هەبوون پێیان وابوو، ژن شەیتانە، بە پاساوی ئەوەی پیاوی لە بەهەشت بە دەرکردن داوە. دەیانگوت: ژن شەیتانە، دەنگی فیشکەی مارە و جوانییەکەی تەڵەیە. تۆمای ئەکوینی دەیگوت: پیاو سەرداری ژنە و نێر چارەنووسی مێ دیاری دەکات.

جۆن لۆک دەیگوت: (ژن بۆ ئەو خوڵقاوە پاشکۆی پیاو بێت، ئاخر ژن بەبێ کۆمەکی پیاو، ناتوانێت منداڵی ببێت، بێ هاوکاریی پیاو، منداڵیشی پێ پەروەردە ناکرێت، بۆیە ئەوەی ژن لەژێر کۆنترۆڵی پیاودایە، شتێکە سروشتی و ئەوەی پیاو لە ژن باڵاترە، شتێکی ڕووکەش نییە، ڕەگێکی قووڵی هەیە. دەسەڵات کە فۆرمێکی بابسالاریی هەبوو، بە هێز خۆی دەسەپاند، وەلێ دواتر

پشتی بە ڕازیکردنی خەڵک دەبەست، بۆیە ژنیش دەبێت بەوە قایل بکرێت کە ملکەچی دەسەڵاتی پیاو بێت.)

جۆن لۆک دەیگوت: پێوەندیی نێوان دەسەڵتداری شەرعی و میللەت چۆنە، پێویستە پێوەندیی نێوان باوک و دایک و منداڵەکانیشیان وەها بێت. ئەو دژی دەسەڵاتی ڕەها بوو، دەیخواست منداڵان لەژێر دەسەڵاتی دایک و باوکیاندا بن، نەک تەنیا هەر ملکەچی باوکیان بن و بەس، بەڵام ئەوەی پێ ئاسایی بوو، ژن گوێرایەڵی پیاو بێت. ئەوە بە بیری جۆن لۆکدا نەهاتبوو کە ئەگەری سەرهەڵدانی جڤاکێک هەیە، تێیدا ئینسان، چ پیاو بێت، چ ژن، یەکسان بن. ئەوسا ئینسان بە مانای پیاو دەهات، هەموو پیاوێک نا، تەنیا پیاوی ئازاد. کە باس لە یەکسانی دەکرا، مەبەست ئەوە بوو، پیاوانی ئازاد، هەمان مافیان هەبێت. ئەوسا لە باسی یەکسانیدا، نە کۆیلە حسابی بۆ دەکرا، نە ژن.

ڕۆبێرت فیلمەر (١٥٨٨ - ١٦٥٣) کە بانگەشەی بۆ سیستەمی بابسالاری و پاشایەتیی ڕەها دەکرد، دەیگوت: پێوەندی نێوان پاشا و خەڵکانی قەڵەمڕەوەکەی، درێژەپێدانی پێوەندیی نێوان باوک و خێزانە، دەسەڵاتی پەتریارکی شوێنپێ هەڵگرتنی پێوەندیی نێوان یەکەمین خێزانە لە مرۆڤایەتیدا کە لە ئادەم و حەوا پێک هاتبوو. ئەو دەیگوت هەر کەسێک بڕوای بە کتێبی پیرۆزی لە خواوە هاتوو هەبێت، پێویستە لە سەری، بڕوا بە دەسەڵاتی پاشایش بهێنێت. فیلمەر دەسەڵاتی پاشایەتی دەبردەوە سەر ئادەم و حەوا و خودا و

دەیگوت: (دەسەڵاتی پاشا لای خودای گەورەوە هاتووە، بۆیە پیرۆز و ڕەهایە و یاخیبوون لێی هەر تاوان نییە، گوناهیشە.)

فیلمەر پێی وابوو، پاشا مافی ئەوەی هەیە، خۆی یاسا دابڕێژێت، چونکە دەسەڵاتی خۆی لە ئادەم (کە سەروەری هەموو گیانلەبەرێکە) و لە خوداوە وەردەگرێت. دەیگوت: ئەوە ئەفسانەیە کە ئینسان بە ئازادی لە دایک دەبێت، ئاخر پێی وابوو، ئینسان لە سایەی دەسەڵاتی باوکایەتیدا لە دایک دەبێت و ئەوەی بە ڕەوا دەزانی ژن و منداڵ موڵکی پیاو بن. فیلمەر ئەوەی پاتە دەکردەوە کە (خودا سەرەتا ئادەمی خوڵقاند و لە پەراسوویەکی ئەو حەوای دروست کرد، خودا ئادەمی کرد بە سەرداری ژن و هەموو ئەو منداڵانەیش کە لێی دەکەونەوە، کەسیش مافی ئەوەی نییە، داوای هیچ لە ئادەم بکات، مەگەر خۆی شتێکیان پێ ببەخشێت.)

حەوا چونکە لە فەرمانی خودا یاخیبوو، بەوە سزا درا، سەروەختی منداڵبوون ئازاری پێ بگات و هەمیشە تامەزرۆی مێردەکەی بێت کە ناچارە ملکەچی بێت.. فیلمەر لارەملێی حەوا بۆ ئادەمی، کە دەکاتە ژن بۆ پیاوی، بە یاسایەکی خودایی لە قەڵەم دەدا و ئەوەی بە ژن ڕەوا دەبینی کە کۆیلەی پیاو بێت. پاشا لە کن ئەو، هەمان ئەو ئادەمە بوو، ئەوە بۆیە بێرتراند ڕاسڵ دەیگوت: فیلمەر زمانحاڵی توندڕۆترین باڵی حیزبی (مافی خودایی) بوو.

جـۆن لـۆک هەرچەنـدە دەیگـوت: (پاشـا کاتێـک درێژەپێـدەری دەسەڵاتی خودایە کە خواستی خەڵک ڕەچاو بکات، کە بـە گوێرەی ویستی خەڵک دەسەڵاتەکانی دیاری کرابێت و ملکەچی یاسا بێت،) کەچی نایەکسانبوونی ژن و پیاوی بە شتێکی سروشتی دەزانی، بە پاساوی ئـەوەی نێـر لـە مـێ بـاڵاترە و دەیگـوت: ئـەو نایـەکسـانییە سروشــت (کــە هــەرگیز کــارێکی پــووچ ناکــات،) ســەپاندوویەتی. ئەمـەیش هـەر گوتنـەوەی تێزەکـانی ئەرستۆ بـوو. لـۆک دەیگـوت: (خودا خۆی بناغەی سروشتی نایەکسانبوونی ژن و پیاوی ڕۆ ناوە، بـەڵام هـیچ بناغەیـەکی سروشـتی یـان ناسروشـتی بـۆ دەسـەڵاتی ڕەهـای پاشـا دانـەناوە و ئـەوەی نـەکردووە بـە ئـەرکی خـەڵک کـە هەمیشە گوێڕایەڵی پاشا بن.)

جۆن لۆک وەک ئەرستۆ بڕوای بەوەبوو، خودا بوونەوەرەکانی بە شـێوەیەکی هیرارکـی ڕیزبەنـدی کـردووە. ئینسـانی کـردووە بـە سەرداری هەموو بوونەوەرە نزمەکانی وەک ڕووەک، ئاژەڵ، ماسی و باڵنـدە، بـە گـوێرەی پەیماننامەیـەکیش لـە نێوانیانـدا، پاشـای کـردووە بـە سـەرورەی خـەڵک و (ژنیشـی کـردووە بـە ژێردەسـتەی مێـرد.)[1] کـە دەکاتـە ئـەوەی هـەموو ئـەو شـتانەی پێوەنـدییان بـە ژیانی هاوبەشی ژن و مێردەوە هەیە، پیاو بڕیاریان لەسەر بدات.

گرنگـە و پێویستیشـە، ئـەوە بـزانین کـە یاسـای سروشـت، یاسـای دارستان نییە، یاسایەک نییە ڕێ بە خاوەنهێزان بدات، ستەم لـە بێهێـزان بکـەن، بـەڵکوو یاسایەکە مـاف و ئـەرکی هـەر تاکێـک بـە پێوەندیی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، دیاری دەکات، ئاخر ئینسان بـە ئـازادی لـە دایـک بـووە و پێویسـتە بـە ئـازادی بـژی، ئـاخر ئـەو

ئازادییە وەک ژان ژاک ڕۆسو لە پەیمانی کۆمەڵایەتیدا باسی کردووە: (سروشت پێی بەخشیوە، دیاری یان کۆمەکێک نییە لە کەسێکی دیاریکراوەوە.) ئەوە سروشتییە مرۆڤایەتی بە یەکسانی بژی، ژیانێک نە سەردەستی تێدا بێت، نە بندەست، یەکسانییەکی تەواو باڵ بەسەر هەموو خەڵکدا بکێشێت.

جۆن لۆک هەرچەندە ددان بەوەدا دەنێت، ئەو نایەکسانی و جیاوازییە سروشتییەی لە نێوان ژن و پیاودا هەیە، زادەی ڕێکەوتە، بەڵام ئەو جیاوازییە فیزیکییەی بە پاساو دەزانی بۆ ئەوەی بڵێت: پیاو لە ژن بالاتر و لێهاتووترە. جۆن لۆک تێزەکەی فیلەری بە دروست نەدەزانی و دەیگوت: ئەوەی کە ژن ملکەچی پیاوە و مێرد لە ژن بالاترە، نابێتە پاساو بۆ ئەوەی خەڵک ملکەچی پاشا بن، ئاخر دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی مێرد، هیچ پێکەوەیان گرێ نادات. جۆن لۆکیش وەک ئەرستۆ کە باسی یەکسانی دەکرد، مەبەستی یەکسانیی نێوان پیاوانی ئازاد بوو، هەمان مافی بە ژن و کۆیلەی ڕەوا نەدەبینی و تەنانەت لە کۆمپانیایەکدا کە بازرگانی بە کۆیلەوە دەکرد، پشکی هەبوو!

جۆن لۆک چونکە داوای یەکسانیی بۆ هەموو خەڵک کردووە، بۆیە بە دامەزرێنی لیبرالیزمی سیاسی دێتە هەژمار کردن. هەندێک توێژەرەوە دەڵێن: خەڵک لای جۆن لۆک چینی بۆرژوایە و داوای یەکسانیی لە نێوان هەردوو چینی ئەرستۆکرات و بۆرژوادا کردووە، ئاخر زۆر جار عەوامی بە گەجەر و گوجەر لە قەڵەم داوە و ئەو سەروەختەی لە کۆڵۆنیی کارۆلینا کارمەندێکی

دەستڕۆییشتوو بووە، گوتوویەتی: (مافی ڕەهای هەموو پیاوێکی ئازادی ئەم کۆلۆنییەیە، سەرداری کۆیلە ڕەشپێستەکان بێت و تەنانەت دەست وەربداتە نێو بیروڕا و ئایینیشیانەوە.)

کە جۆن لۆک گوتوویەتی ئینسان بە ئازادی لە دایک بووە، مەبەستی لە ئینسان هەر پیاو بووە، نەک ژنیش. ئاخر تا سەدەی حەڤدەیەمیش کولتووری ئینگلیز هەر لەژێر کاریگەرییەتی فەیلەسووفەکانی یۆناندا بوو، کە ئینسان لە کنیان، تەنیا پیاو بوو. وشەی (مان) کە لە ئینگلیزیدا بە مانای ئینسان دێت، بە مانای پیاویش دێت، لە فەرەنساییشدا هەر تاقە وشەیەک، هەردوو ماناکە دەدات و لە لاتینی و لە کوردیشدا (پیاوەتی) بە مانای (چاکەخوازی)یش دێت، وەک کاری چاک، لە ژن چاوەڕێ نەکرێت.

بیرتراند ڕاسڵ (١٨٧٢ _ ١٩٧٠) لە بارەی جۆن لۆکەوە دەڵێت: (کاریگەرییەتییەکی هێندە گەورە و بەردەوامی لە نێو فەلسەفەی سیاسیدا هەیە، پێویستە وەک دامەزرێنی لیبرالیزمی فەلسەفی سەرنجی بدەین، ئەمە وێڕای ئەوەی کە خاوەنی ڕێبازی ئەزموونگەرییە لە بواری تیۆریی مەعریفەدا.) بەڵام ئەو لیبرالیزمە تەنیا لە خزمەتی مافی پیاودا بوو، ئاخر یەکسانی لە کن لۆک، یەکسانی بوو لە نێوان پیاوێک و پیاوێکی دیکەدا. تەنانەت پیاو لای ئەو هەموو پیاوێک نەبوو، تەنیا پیاوانی سەر بە چینەکەی خۆی بوو، پیاوانی سەر بە چینی بۆرژووا، ئەگەر نا، کۆیلە و عەوام لە کنی بە پیاو نەدەهاتنە هەژمارکرن. لۆک ئەوەی بە سروشتی دەزانی، ژن لەبن دەستی پیاودا بێت، بەڵام ئەوەی پێ دەستکرد بوو، خەڵک بێ ڕەزامەندیی خۆیان لەبن

دەستی فەرمانڕەوایەکدا بن. دەیگوت: پیاوان چونکە وەک سروشت لە ژنان بەهێزترن، کار دەکەن و ژنانی لاواز دەپارێزن، بۆیە ئاساییە سەرداری ژنان بن.

جۆن لۆک دەیگوت: (فاکتەری کاربڕ کە ئینسان لە حاڵەتی سروشتییەوە بۆ سڤیلسالاری دەگوێزێتەوە، هۆکاری خاوەندارییەتییە کە ڕەگەزێکی چالاکە بۆ سەرهەڵدانی دەسەڵاتی سیاسییش، دەسەڵاتێک کە ئەرکە سەرەکییەکانی بریتین لە پاراستنی موڵکایەتی، پارێزگاریکردن لە خاوەنموڵکان و هاندانی ئینسان بۆ بەرهەمهێنانی زیاتر. ئەوەی جێی سەرنجە لۆک دەگاتە ئەو سەرئەنجامەی، (ژن چونکە توانای تێگەییشتنی لە پیاو کەمترە و وەک بونیادی جەستەیش لە پیاو لاوازترە، بۆیە پیاو لە ژن بالاتر و بەتواناترە، بۆیە ژن چونکە هەر لە سەرەتاوە خاوەنی هیچ نەبووە، زێتر لەوە دەچێت هەر وا بمێنێتەوە.)

جۆن لۆک دەڵێت: پیاو کە وەک جەستە لە ژن بەهێزترە، لە توانایدا هەیە، ڕووبەڕووی کێشە و کۆسپەکان ببێتەوە، چارەسەریان بکات، بە سەریاندا زاڵ ببێت و هەر پیاویشە پێی دەکرێت زەوی بکێڵێت و بە ئەرکە قورسەکانی دیکەی کشتوکاڵەوە خەریک ببێت. کەواتە ئەوە کاری پیاوە کە هەوێنی نەبوونی یەکسانییە لە موڵکایەتی لە نێوان مێرد و ژندا، کە دەکاتە: هەبوونی جیاوازیی لە نێوان توانای جەستەییدا، هەوێنی نەبوونی یەکسانییە لە موڵکایەتیدا. بەڵام ئەم لێکدانەوەیەی

لـۆک کـە هـەر گوتنـەوەی تێزەکـانی ئەرسـتۆیە، بـۆ کۆمەڵگـەی سڤیلسالاری دەست نادات.

لای جۆن لـۆک تـەنیا ئـەوە پیـاوە مـافی خاوەنداریـیـەتی هەیـە، ئـەوە پیـاوە نابێـت ملکـەچی پیـاوێکی دیکـە بێـت و ئـەوەیش هـەر پیاوە، مافی ئەوەی هەیە بە سیستەمی فەرمانڕەوایی قایل دەبێـت یان نا. ئەو وەک فەیلەسووفێکی لیبراڵ، بە گژ دابونەریتی خراپدا دەچـووەوە، بـەڵام تـەنیا لـە پێنـاوی ئـەوەدا کـە داکـۆکی لـە پیـاو بکات، تەنیا پیاوی ئازاد. ئـەو دەیگـوت: کـەس مـافی ئـەوەی نییـە، مـوڵکی پیـاوێکی ئـازاد زەوت بکـات، بـەڵام لـە بـارەی مـافی ژنـی ئازادەوە دەمی دەچووە کلیلە.

جـۆن لـۆک بـڕوای بـە هاوسـەرگیریی تـاکژنی هـەبوو، هاوسـەرگیریی تـاکژنی بـە سروشـتی و گونجـاو دەزانـی، بـۆ وەچەخسـتنەوە و بـەردەوامبوونی مرۆڤایـەتی. بـەڵام دەیگـوت: پێویستە منداڵەکان موڵکی باوکیان بن، بۆ ئـەوەی میراتـی تـەنیا بـە نسیبی منداڵـەکانی یـان دروستتر کوڕەکـانی خـۆی ببێـت. ئـەوەیش شتێکی نـوێ نـەبوو، لـۆک دایهێنابێـت، بـەڵکوو هـەر درێژەپێـدانی هـەمان سیستـەمی دێرینـی بابسـالاری بـوو کـە لـە لـە کۆمەڵگـەی یۆنـانی دێریندا (سەروەختی پلاتۆن و ئـەرستۆ) سەروەر بـوو، ئـاخر ئـەوسایش زەویوزار و ژن و منداڵ موڵکی پیاو بوون، ئەوسایش پیـاو خاوەنموڵـک بـوو، ئـەوسـایش دوای خـۆی میراتـی تـەنیا بـەر کـوڕە شەرعییەکانی دەکەوت.[٢]

جۆن لۆک بانگەشەی بۆ پێکەوە هەڵکردن دەکرد، دژی ئەوەبوو، بە زەبری توندوتیژی، خەڵک ناچار بکرێن، بێنە نێو ئایینی مەسیحەوە و دەیگوت: (ئینسان لە سکی دایکییەوە، وەک کریستیان لە دایک نابێت، بەڵکوو دواتر، ئازادانە ئایینی مەسیح هەڵدەبژیرێت، بۆیە ئەوە مافی بێ چەندوچوونی خۆیەتی، ئەگەر هەستی بە ناتەواوی لەو ئایینەدا کرد، لێی بکشێتەوە.)(٣) ئەو هەرچەندە پێی وابوو: ئینسان وەک یەک لە دایک دەبن و داوای ئازادی و یەکسانیی بۆ مرۆڤ دەکرد، هەرچەندە بیروڕاکانی ڕۆڵیان لە چەسپاندنی دیمۆکراسی لە ئەورووپادا و لە سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەمریکاییدا هەبوو، بە تایبەتی کتێبی (دوو نامە لەبارەی فەرمانڕەواییەوە) کە تێیدا پاراستنی ئازادی و سامانی خەڵکی بە ئەرکی سەرەکیی دەوڵەت لە قەڵەم دەدات و جەخت لەسەر ئەوە دەکات: (ئەگەر فەرمانڕەوایان مافی خەڵکیان نەپاراست، پێویستە میللەت بیانگۆڕێت،) بەڵام پێی ئاسایی بوو، ژن سەروەختی هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی هاوسەرگیری، بێجگە لەوەی پێش شووکردن هەیبووە، هیچی دیکەی نەکەوێت و هێندە سووک سەرنجی ژنانی دەدا، داوای ئازادی و یەکسانی بۆ نەدەکردن، وەک هەر بە ئینسانیشیان نەزانێت.

٢٠١٢ /٢ /٢٧

(١) سفر التكوين، الإصحاح الثالث: ١٦

(٢) د. إمام عبدالفتاح إمام، جون لوك والمرأة ٢٠٠٩ دار التنوير، بيروت.

(٣) بۆ زانیاریی لەو بوارەدا، بڕوانە: جۆن لۆک، نامەیەک لەبارەی لێبوردەییەوە، و. عەبدوڕەزاق عەلی ٢٠١١ دەزگای ئاراس، هەولێر.

# ژن لە کن ڕۆسۆ

بیرمەندە گەورەکانی خۆرهەڵات کە خۆیان پیاو بوون،
سەبارەت بە پیاو و لە پێناوی پیاویشدا دەیاننووسی.
سۆزان مۆللەر

فەلسەفە کە کورتکردنەوەی سەردەمێکە لەنێو فیکردا، تا سەدەی نۆزدەیەمیش لە سەنگەری دژەژندا بوو. وشەی ئینسان کە وشەیەکی فریودەرە، مەبەست لێی تەنیا پیاو بوو، ئاخر لە ئینگلیزی و لە فەرەنساییشدا، هەمان وشە، هەم بە مانای ئینسان دێت و هەم بە واتای پیاویش! کە باسی ئازادی، یەکسانی و دادپەروەری دەکرا، تەنیا پیاو لەبەر چاو دەگیرا، کە ڕۆسۆ (١٧١٢ _ ١٧٧٨) دەیگوت: (ئینسان بە ئازادی لە دایک دەبێت، بەڵام لە هەموو جێیەک دیلە،) مەبەستی لەو ئینسانە، پیاو بوو، کە دەیگوت: (ئەگەر ئینسان دەست لە ئازادیی خۆی هەڵبگرێت، ئینسانبوونی خۆی لە دەست دەدات،) مەبەستی لەو ئینسانە پیاو بوو، کە دەیگوت: (نایەکسانی هەوێنی هەموو خراپەیەکە،) مەبەستی لە نایەکسانی بوو لە نێوان پیاواندا. هەرچەندە بیروڕای ڕۆسۆ ڕۆڵێکی گرنگی، لە هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنساییدا بینی، بەڵام بێ پێچ و پەنا دەیگوت: (ئەگەر ژن باس لە هەبوونی نایەکسانی لە نێوان خۆی و پیاودا بکات، ئەوە بە هەڵەدا چووە،)

ڕۆسۆ پێی وابوو، ئینسان یان دروستتر پیاو، لەناو سروشتدا بژی، باشترە لەوەی ملکەچی یاسای کۆمەڵ بێت. ئاخر ئینسان کە لەناو کۆمەڵدا و لە پێناوی کۆمەڵدا ژیا، خودی خۆی لە دەست دەدات و نابێتە کەسێکی سەربەخۆ. دەیگوت: ئینسان ئەو ڕۆژەی لە دایک دەبێت، دەیپێچنەوە، ئەو ڕۆژەیشی دەمرێت، دەیخزێنریتە تابووتێکەوە، لە نێوان ئەو دوو ڕۆژەیشدا، دیلی دەستی کۆت و پێوەندی کۆمەڵە. ڕۆسۆ وای بۆ دەچوو، ئینسان خۆی بە سروشت چاکە، ئەو کۆمەڵە خراپی دەکات، تا زانست و هونەر پێشتر بکەون، ئینسان بەدتر دەبێت و دەروونی زێتر دەشێوێت. ئەو پێی وابوو، وەک چۆن دایک، منداڵ لە مەترسی دەپارێزێت، ئەوە سروشتیشە ئینسان لە مەترسیی زانست دەپارێزێت. یان دەیگوت: (خودا هەموو شتێکی بە چاکی خوڵقاندووە، ئەوە ئینسانە خراپیان دەکات.) یان: (سروشت هەرگیز درۆ ناکات، ئەوەی لە سروشتەوە بێت، ڕاستە.)

هەندێک جار بۆچوونەکانی ڕۆسۆ لە بارەی سروشتەوە، دەبوونە مایەی گاڵتەجاڕی، پێیان دەگوت: دیارە نیازی وایە بمانکات بە دڕندە! جارێکیان ڤۆلتێر بۆی نووسیبوو: (خەڵکی کە کتێبەکەت دەخوێننەوە، ئارەزوو دەکەن لەسەر چوار پەل بڕۆن، بەڵام من چونکە شەست ساڵ زیاترە، ئەو خووەم تەرک داوە، لە بەدبەختیم ناتوانم بگەڕێمەوە سەری.) دەربارەی ئەوەی ڕۆسۆ گوتبووی: (ئینسان لەناو سروشتدا ئازاد بووە،) هیگڵ بۆی نووسیبوو: بە پێچەوانەوە، ئەوسا ئینسان هەم کۆیلەی سروشت بوو، هەم

کۆیلەی ئارەزووەکانیشی. جۆن دێوی لە بارەی پەروەردەکەی ڕۆسۆوە دەڵێت: (گەڕاندنەوەی هەموو شتێک بۆ سروشت، پەروەردە نییە، ڕاستییەکەی ڕەتکردنەوەی پەروەردەیە.)

ڕۆسۆیش یەکێکە لەو بیرمەندانەی کە وای بۆ دەچن، ئەوە کاری سروشتە کە ژن دەبێت کارەکەر و ملکەچی پیاو بێت، کە شەرمن و کەمعەقڵ بێت، کە دوای ئارەزوو بکەوێت و توانای بیرکرنەوەی نەبێت، هەرچەندە ئەو تێڕوانینە نێگەتیڤانە، سروشتی نین، زادەی سیستەمی کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئابووریین و ئەوە کەلەپووری بابسالارییە، وا سووک سەرنجی ژن دەدات. ئەوە شتێکە وەک سیستەمی هیرارکی، کە ڕۆڵی کۆیلەی بە ژن ڕەوا بینیوە و پلە و پایەی خاوەن کۆیلەشی بە پیاو بەخشیوە.

ڕۆسۆ دەڵێت: (خوداوەند پێوەندیی نێوان نێر و مێی ڕێک خستووە، حەز و ئارەزووی بێسنووری بە ژن بەخشیوە و عەقڵیش بە پیاو، بۆ ئەوەی حەز و ئارەزووەکانی ژن کۆنترۆڵ بکات. ژن زوو دەورووژێت و پیاو زوو تێر دەبێت. خودا شەرمکردنیشی بە ژن ڕەوا بینیوە، بۆ ئەوەی بتوانێت، حەزەکانی لەغاو بکات.) کەواتە لە ڕوانگەی ڕۆسۆوە، جیاوازیی نێوان ژن و پیاو، جیاوازییەکی سروشتییە و زادەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نییە. هەر لەو دەلاقەیەوە، ئەگەر پیاو ناپاکیی کرد، ئەوا لە بەجێهێنانی ئەرکی سەر شانیدا، بەرانبەر ژنەکەی، درێغیی کردووە، بەڵام ئەگەر ژن ناپاکیی کرد، ئەوە وێڕای غەدر و بێوەفایی، خێزانی هەڵوەشاندووەتەوە و پێوەندییە سروشتییەکانیشی شێواندووە. لای ڕۆسۆ، بە زەبری ئارەزووە، پیاو دوای ژن دەکەوێ، بەڵام ژن،

وێـڕای ئـارەزوو، بـۆ دابینکردنـی بژێـویش، پێویسـتی بـە پیـاوە، بۆیە ژن زێتر مەجبووری پیاوە.

لـەبەر ڕۆشنایی تێڕوانینەکانی ڕۆسۆدا، باسکردن لە یەکسانیی نێوان ژن و پیاو، دەبێتە قسەی پووچ، ئاخر لای ئەو، پێویستە ژنان لـەبەر خۆیان و منداڵەکانیان ملکەچی پیاوان بن. ڕۆسۆ کـە حـەزی لە ژنیکە، (هەم لێزان بێت و هـەم دلۆڤـان، هـەم بەڕەوشت بێت و هەم جوان،) پێی وایە، ژن نابێت هـەوڵـی بـۆ ئـەوە بێت، وەک پیـاو بژی، بەڵکوو دەبێت لە پێناوی پیاودا بژی. ڕۆسۆ ژنـی بۆ حیکمـەت، فیکر، هونـەر و سیاسەت ناوێت، ژنـی بۆ دایکایەتی دەوێت و بەس.

ڕۆسـۆ هـەرچەنـد بـە بـاوکی ئـازادی، دادپـەروەری و یـەکسـانـی ناسـراوە، هـەرچەنـدە بانگەشـەی بـۆ شۆڕشـێک کـردووە، کـە کۆیلایـەتیی لـە نـاو بـرد، هەرچەنـدە بەرانبـەر بـە دابونـەریتی دێـرین ڕادیکـاڵ بـووە، کـەچی بەرانبـەر بـە ژن، هێنـدە کۆنـەخواز بووە، هـەر تێزەکـانـی ئـەرستۆی دووبـارە کردووەتـەوە و نـەیتوانیوە خۆی لـەژێر باری قورسـی کەلـەپووری بابسالاری قوتـار بکـات. ئـەو ئـازادی، دادپـەروەری و یەکسـانیی هــەر بــۆ پیــاوان ویسـتووە و هەسـتی بـەوە نـەکردووە، جیـاوازیی نێـوان ژن و پیـاو، زادەی سیستەمی کۆمەڵایەتییە، نەک کارکردی سروشت.

ڕۆسۆ دەرکی بەوە کردووە، ئەوەی خـەڵکی لـە وەزیـر و گزیـر، لـە زەنگـین و فـەقیر پێـک دێـن، زادەی پێوەندییـە کۆمەڵایـەتییەکانـە، بـەڵام پێـی وابووە، ئـەو سروشتـە، ژنـی لاواز و کـەمعـەقڵ خوڵقاندووە.

پێی وابووە، ئەوە کاری سروشتە، کە ژن زوو هەڵدەچێت و دەبێت جێگەی قوژبنی ماڵ و ئەرکی بەخێوکردنی منداڵ بێت. ئایا ئەوە پارادۆکس نییە، ڕۆسۆیەک کە بە درێژایی تەمەنی بە کۆمەکی ژن ژیاوە، ئافرەت بە هاووڵاتی نەزانێت و وای بۆ بچێت، نابێت ژن توخنی سیاسەت بکەوێت؟ ئایا ئەوە جێی سەرنج نییە، بەردەوام سروشتی لە دژی ژن و لە قازانجی پیاو وەگەڕ خستووە؟

ڕۆسۆ سەبارەت بە ژنە گوندییەکەی دەڵێت: (هەر چەند هەوڵم دا، نە توانیم فێری بە ڕیز گوتنی ناوی مانگەکانی بکەم، نە فێری ژماردنی پارە، زۆر جار کە دەیویست وشەیەک بڵێت، پێچەوانەکەی دەگوت.) ڕۆسۆ لای وابوو، لە خێزاندا دەبێت دەسەڵات لای پیاو بێت و دەیگوت: ئەو نایەکسانییەی لە نیوان ژن و پیاودا هەیە، زادەی دابونەریت نییە، شتێکی سروشتییە، دەبێت ژن، گومانی لەوە نەبێت کە لە پیاو کەمترە و بۆ ئەوە خوڵقاوە ملکەچی پیاو بێت و چێژی پێ ببەخشێت.

ڕۆسۆ دەیگوت: ئەوەشی کە پیاو لە ژن ئازاترە، هەر سروشتییە و دەبێت ژن خۆی بڕازێنێتەوە تا ئارەزووی پیاو ببزوێنێت، بۆ ئەوەی پیاو پەلاماری بدات، ئاخر لای ئەو دەبوو لە هاوجێییدا، پیاو بکەر و ژن بەرکار بێت و وایشی بۆ دەچوو، ژن تا شەرمنتر بێت، زیاتر ئارەزووی پیاو دەجووڵێنێت و ژن هەر بە سەلیقە، بەناز و شەرمنە. لای ڕۆسۆ ژن دەبێت هاوزەمان هەستبزوێن و شەرمنیش بێت، هەستبزوێنییەکەی بۆ ڕاکێشانی سەرنجی پیاو و شەرمنییەکەیشی بۆ ئەوەی بتوانێت، هەست و ئارەزووی خۆی

کۆنترۆڵ بکات. لە کن ڕۆسۆ : (خودا بۆ ئەوە ژنی ناسک دروست نەکردووە، تا توندوتیژ بێت، بۆ ئەوە دەنگێکی ناسکی پێ نەبەخشیوە، تا قسەی زبر بێت و ئەو سیما جوانەیشی بۆ ئەوە پێ ڕەوا نەبینوە، تا بە تووڕەبوون، بیشێوێنێت.)

ژن لە ڕوانگەی ڕۆسۆوە، دەبێت، جوان، خۆشەویست، چاک و خاوەنی ناوبانگێکی باش بێت، چونکە ژن کە ناوبانگی زڕا، ئیدی وەک پاشایەک وایە، عەرش و تاجی لە کیس چوو بێت. ڕۆسۆ پێی وابوو: ژن کە ئاوڕووی تکا، ئیدی سڵ لە هیچ ناکاتەوە، ئاخر ئیدی هیچی دیکەی نامێنێت تا لە کیسی بچێت. ڕۆسۆ وای پێ خۆش بوو، ژن تا دەژی هەر مێ بێت و دەیگوت: ئەوە ناخۆشە بچیتە ژووری نوستنی ژنێکەوە، خەریکی نووسین یان خوێندنەوە بێت، ئەوە خۆشە، خەریکی خۆڕازاندنەوە بێت.

ڕۆسۆ دەیگوت: کچ بە سەلیقە ئارەزووی لە وێنەکێشان و چنینە، بۆیە پەروەردە دەبێت ئەو ئارەزووەی پەرە پێ بدات، بەڵام سیمۆن دی بۆڤوار پێی وایە، ئەوە کولتوورە، ئەو مەخلووقە بەرهەم دەهێنێت کە مێی پێی دەڵێن. ئاخر ئەوە کۆمەڵە، مێ فێری شەرمکردن، خۆ بە کەم زانین، ملکەچی و تەنانەت خۆ جوان کردنیش دەکات، چونکە ئێمە لە پێشدا وەک ئینسان لە دایک دەبین، ئەو ژینگەیە، لێ ناگەڕێت، خودی خۆمان بین. سیمۆن دی بۆڤوار دەڵێت: (ژن لە سەرەتاوە وەک ژن لە دایک نابێت، ئەوە کولتوورە دەیکات بە ژن.) ئەوە کولتوورە وا دەکات، ژن بۆ پەروەردەکردنی هاووڵاتییان دەست بدات، بەڵام خۆی بە هاووڵاتی

هـــەژمار نـــەكرێت. ئـــەوە كولتـــووره دەڵێـــت: (ژن گيـــرۆدەی هەڵچوونەكانييـەتی و بەختـەوەری لـە خزمـەتكردنی ئـەوانی ديـدا دەبينێتـەوە.)

ژيانـی ڕۆسۆ پڕ بووە لە ناكۆكی، خۆی لـە سـەرەتادا پرۆتسـتانت بـووە، بووەتـە كاسـۆليك، دواتـر بـای داوەتـەوە و بووەتـەوە بـە پرۆتستانت! ڕۆسۆ زوو زوو بيرمەنـدەكانی سـەردەمی خـۆی تووشـی سەرسـوڕمان دەكـرد، خـۆی بيرمەنـد بـوو، كـەچی دەيگـوت: (ئـەو ئينسـانەی بيـر بكاتـەوە، زينـدەوەرێكی خراپـە.) ژنگـەلێك كـە لـە سەرەتادا زۆری خۆش ويستوون، دواتر چی خراپە پێی كردوون. يان لـە لايەكـەوە سـووك سـەرنجی ژنـانی دەدا و لـە لايـەكی تـرەوە، بۆيان دەهاتە سەر چۆك و لەبـەر پێيانـدا فرمێسكی هەڵدەڕشت و دەيگـوت: (مـن ڕووتوقـووت بـووم، ژن پۆشـتەی كردمـەوە.) يـان بـە ئاشـكرا، (مـەدام دی ڤـارنس)ی كـە دە دوازدە سـاڵێك لـە خـۆی گەورەتر بوو، بە دايە، بانگ دەكرد و بە نهێنی هـاوجێيی لـەگەڵدا دەكـرد. لـە لايەكـەوە كتێبـی دەربـارەی پـەروەردە دەنووسـی و لـە لايـەكی تـرەوە، منداڵـەكانی خـۆی، لـەو جێيانـە جـێ دەهێشـت كـە زارۆكی فڕێدراويان لـێ بـەخێو دەكرا.(*)

09.06.2012

(*) أ. د. إمام عبدالفتاح إمام، روسو و المرأة، التنـوير للطباعـة ٢٠١٠ بيروت.

## ژن لە کن کانت

لە کۆتاییدا تەرازووی عەقڵی منیش، بە تەواوی بێلایەن نییە.
کانت

لەوساوە موڵکایەتیی تایبەتی سەری هەڵداوە،
وەک بوونەوەرێکی نزمتر لە پیاو، سەرنجی ژن دەدرێت.
هەنری مۆرگان

کانت (١٧٢٤- ١٨٠٤) دەیگوت: نابێت میر و سەرۆکی دەوڵەت لە سەروو یاساوە بن، نابێت دەسەڵاتێکی ڕەهایان هەبێت، پێویستە ملکەچی یاسا بن و دەسەڵاتێک هەبێت، بتوانێت لێیان بپرسێتەوە. دەبێت هاووڵاتییان بە هۆی لێهاتوویی و هەوڵدانەوە، بگەنە پۆستی بڵند. نابێت کوڕ، دەسەڵاتی لە باوکییەوە بۆ بمێنیتەوە، نابێت بۆ گەییشتن بە پلەی بەرز، لە موڵک و پۆستی باوکی سوودمەند ببێت و دەبێت بە گوێرەی یاسا و بە یەکسانی، هەلی گەییشتن بە لوتکەی دەسەڵات، بۆ هەمووان بڕەخسێت.

کانت هەرچەندە فەلسەفەی کرد بە دوو لەتەوە: پێش خۆی و پاش خۆی، هەرچەندە سەردەمی ڕۆشنگەری لەسەر دەستی ئەودا

بە لوتکە گەییشت، هەرچەندە بە قووڵی لە ژن و لە دابونەریتی کۆڵییەوە، بەڵام لە کۆتاییدا لە بۆرژووایەکی دڵسۆز و دەستپاک و تەنگەنەزەر زێتر هیچی دیکە نەبوو. لە کۆتاییدا ئەویش هەر وەک فەیلەسووفەکانی دیکە، لە ئەرستۆوە تا ڕۆسۆ، ژنی پێ ئینسانێکی نزم بوو. کانت پێی وابوو، (ژن بۆ ئەوە دەست نادات خۆی بۆ لێکۆڵینەوە تەرخان بکات، ئاخر ئەگەر کتێبێکی بە دەستەوە بێت، ئەوا وەک بازنگەکەی مەچەکی، بۆ خۆ جوان نیشاندان، بە دەستییەوە گرتووە و تەنانەت سەعاتیش هەر بۆ خۆڕازاندنەوە دەکاتە دەستی کە ڕەنگە ئیش نەکات.)

ئایا ژن عەقڵی هەیە یان نا؟ کانت دەڵێت: (بەڵێ ژن عەقڵی هەیە، بەڵام عەقڵێکی جوان، جیاواز لە عەقڵی قووڵی پیاو.) بێ ئاگا لەوەی، ئەگەر هەلی بۆ بڕەخسێت، ژنیش وەک پیاو، لە هەر بوارێکدا پێویستی بە عەقڵ هەبێت، توانای داهێنانی هەیە. ئەدی (تیانۆ)ی ژنی فیساگۆرس، فەیلەسووف نەبوو؟ کام پیاو دەربارەی ژن، لە سیمۆن دی بۆڤوار قووڵتر قسەی کردووە؟

کانت پێی وایە: (ئافرەت کە شوو دەکات، ئازادی بە دەست دەهێنێت، بەڵام پیاو کە ژن دەهێنێت، ئازادیی لە دەست دەدات.) کانت وەک زۆر لە فەیلەسووفەکانی دیکە، ژنی نەهێنا، کە لە حەفتاوپێنج ساڵیدا لێی دەپرسن: لەبەر چی ژنت نەهێنا؟ دەڵێت: (کە پێویستم بە ژن هەبوو، نەمدەتوانی بژێویی بۆ دابین بکەم، کە بوومە خاوەنی توانای دابینکردنی بژێوی، پێویستم بە ژن نەمابوو.) ئەگەر کانت کەسێکی ڕاستگۆ نەبا، دەیگوت: ئاخر

ژیانی خۆم، بۆ گەڕان بە دوای حیکمەت و حەقیقەتدا تەرخان کردبوو.

بەشێک لە فەیلەسووفەکان هاوسەرگیرییان نەکردووە، وەک: دیکارت، شۆپنهاوەر، نیتشە و عەبدولڕەحمان بەدەوی. سوکرات شەیدای ئالسیبیادێس بوو بوو، کە بە کوڕە بەنازەکەی ئەسینا، ناوی دەر کردبوو. سوکراتی مامۆستای ئیفلاتوون، دوو ژنی هێنا، ئەرستۆی شاگردی ئیفلاتوون، دوو ژنی هێنا، بەڵام ئیفلاتوون خۆی ژنی نەهێنا، بڕوای بە خۆشەویستی ڕۆحی هەبوو، نەک جەستەیی. میشیل فۆکۆ (١٩٢٦- ١٩٨٤) کە هاوڕەگەزباز بوو، بە ئایدز کۆچی دوایی کرد.

ئایا ئینسان بە زەبری خۆشەویستی، سێکس دەکات؟ ئاخر ئەگەر سێکس تەنیا لە پێناوی خستنەوەی وەچەدا بێت، ئەوا ئاژەڵانیش هەر لەبەر هەمان هۆ جووت دەبن. کانت پێی وابوو، جووتبوون لە دەرەوەی تاک ژنومێردایەتی، کارێکی ئاژەڵانەیە و لەگەڵ شکۆمەندیی ئینساندا ناگونجێت. کانت وای بۆ دەچوو، حەیفە ناوی خۆشەویستی لەو پێوەندییە بنێین کە لە پێناوی سێکسدایە، ئاخر ئەوە هەڵچوونێکی نائەخلاقییە. ئیفلاتوون جەستەی بە قەبری خود دەزانی، بەڵام دەیگوت: چونکە خودا جەستەمانی خوڵقاندووە، مافی ئەوەمان نییە کاری خودا تێک بدەین و مافی خۆکوشتنمان نییە. کانت دەڵێت: خۆکوشتن لەوە باشترە، ملکەچی تێرکردنی ئارەزوو بین، ئاخر ئینسان کە بوو بە

بابەتی چێژ لێ وەرگرتن و چێژ پێ بەخشین، هیچ ڕێزێکی بۆ خودی خۆی نامێنێت.

کانت بە هەمان چاو سەیری پیاو و ژنی نەدەکرد، پێی وابوو، سروشت یەکەمیانی لە دووەمیان بالاتر خوڵقاندووە. وای بۆ دەچوو، کە هاوسەرگیری ڕووی دا، ئیدی پیاو ژن ناچەوسێنێتەوە و ژن لەوە ڕزگاری دەبێت، کەرەسەیەک بێت بۆ بەخشینی چێژ بە پیاو. کانت دەیگوت، ئەوە ژن خۆیەتی لە پێناوی بەرژەوەندیی خێزان و ئاشتیی ناو ماڵدا، ملکەچی پیاو دەبێت، واز لە هەندێک لە مافەکانی خۆی دەهێنێت و ئەوەی پێ سروشتی دەبێت کە پیاو زاڵ و بالادەست بێت، بەڵام ڕاستییەکەی ژن تووشی دووهەستی دەبێت، ئەو دوو هەستە دژ بە یەک دەبن، لە ژیانی هاوسەرییەتیدا هاوزەمان هەست بە خۆشی و بە ئازاریش دەکات، خۆشی: چونکە ماڵ و مێردی هەیە، ئازار: چونکە هەست بە بێدەسەڵاتی و تەنانەت بە کۆیلەیی، خۆی دەکات.

کانت پێی وابوو، ژن دەیەوێت هەم پیاو بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە و هەم چێژیشی پێ ببەخشێت. کە چێژی پێ دەبەخشێت، ئەوە لە پێناوی کۆنترۆڵکردنیدایە و کۆنترۆڵکردنی پیاو، ئامانجی ڕاستەقینەی ژنە. کانت پێی وایە، چونکە سروشت ئەرکی مانەوەی ڕەگەزی ئینسانی بە ژن بەخشیوە، بە زیندوویی هێشتنەوەی کۆرپەلەکەی، وای لێ دەکات، نیگەران و تەنانەت ترسنۆکیش بێت، بۆیە هەست بە لاوازی دەکات و پێویستی بە کۆمەکی پیاو دەبێت و هانای بۆ دەبات. کەواتە لای کانت، ئەوە سروشتە وای

کردووە ژن لاواز بێت، نەك کۆمەڵ. کانت لەژێر کاریگەرییەتی کەنیسەدا، کە ژنی لە پیاو نزمتر دەبینی، دەیگوت: مێرد وەک هێزی جەستە، دەبێت لە ژن بە تواناتر و پێویستە ئازاتریش بێت.

لای کانت دوو جۆر هاووڵاتی هەبوو، ئەکتیڤ و پاسیڤ، ئەکتیڤ ئەوە بوو، بۆ دابینکردنی بژێوی، پشتی بە خۆی دەبەست، پاسیڤیش ئەوی پشتی بە خاوەنکار دەبەست، وەک شاگرد و هەموو ئەو پیشەگەرانەی لەسەر خواستی کەسانی دی کاریان دەکرد، بۆ نموونە: سەرتاش، ئاسنگەر و پێڵاودروو. لای کانت هاووڵاتی پاسیڤ مافی دەنگدانی نەبوو، ژنانیش چونکە لە ڕووی ئابوورییەوە وابەستەی پیاوان بوون، لە پەراوێزدا بوون و بە پاسیڤ هەژمار دەکران.

هەرچەندە کانت، ئازادی، یەکسانی و سەربەخۆبوون، بۆ هاووڵاتی دەخوازێت، بەڵام ژن کە هاووڵاتییەکی ئەکتیڤ نەبێت، کە لە مافی دەنگدان بێبەش بکرێت، کە هیچ بەشدارییەکی لە نووسینەوەی ئەو یاسایانەدا نەبێت کە ناچارە ملکەچیان بێت، کە لە ڕووی ئابوورییەوە وابەستەی پیاو بێت، ئیدی نە لە یەکسانی سوودمەند دەبێت، نە هەست بە ئازادی دەکات و نە سەربەخۆیش دەبێت.

کانت وای بۆ دەچێت، مێ کە توانای ئەوە نییە، بەبێ پیاو بژی، ئیشی ئەوەیە ژن بێت و ناتوانێت سەرداری خودی خۆی بێت و نایشبێتە هاووڵاتییەکی ئەکتیڤ، بەڵام پیاو، با شاگرد یان

خزمەتکاریش بێت، ئەگەری ئەوە هەیە، ببێتە خاوەنکارێکی سەربەخۆ و پاشان هاوولاتییەکی ئەکتیڤ. لە ڕوانگەی کانتەوە، ژن کە لە بواری کاری سیاسیدا پاسیڤە، دەتوانێت بەوە قەرەبووی بکاتەوە، لەناو ماڵدا فەرمانڕەوا بێت و پێی وابوو، لە هاوسەرگیریدا، ئەو ژنە، پیاو دەچەوسێنیتەوە، نەک بە پێچەوانەوە.

(چەند تێبینییەک سەبارەت بە هەستکردن بە جوانی و شکۆمەندی لە پێوەندیی نێوان نێر و مێدا،) ئەوە ناونیشانی نامیلکەیەکی کانتە کە لە تەمەنی چل ساڵیدا نووسیویەتی، تێیدا باسی تایبەتمەندیی مێ دەکات کە چۆن لە هیی نێر جیاوازە و چۆن مێ هۆگری جوانییە و نێر بیری لای شکۆمەندییە. کانت دەڵێت: (دیمەنی بەفر کە لوتکەی چیای داپۆشیوە، دیمەنێکی بەشکۆیە و وات لێ دەکات، هەست بە شکۆمەندی بکەیت، بەڵام دیمەنی گوڵێک لە باخچەیەکدا، دیمەنێکی جوانە.)

کانت پێی وایە: (ئەوی یەکەمین جار بە ژنی گوتووە، ڕەگەزی نەرمونیان، ڕێی تێ دەچێت، خەریکی ساردکردنەوەی ماستاو بووبێت و بڕوای بەو قسەیەی خۆی نەبووبێت.) لای کانت، (ژن هەندێک خەسڵەتی تێدایە، وەک دلۆڤانی و ناسکی و ئەفسوونێک کە پیاو کەمەندکێش دەکات، ئەوانە هەموویان جوانیی پێ دەبەخشن، بەڵام پیاو کە ڕەگەزی خانەدانی پێ دەڵێن، زێتر شکۆمەندی پێوە دیارە.) لای کانت، بۆ ژن سووکایەتیی گەورە ئەوەیە، فەرامۆشی بکەیت یان بە ناشیرینی بزانیت، بەڵام پیاو

بەوە زۆر سەغڵەت دەبێت، بە گێلی بزانیت. کانت دەڵێت: (چونکە لای ژن، ئەوە ئارەزووە بڕیار دەدات، بەڵام لای پیاو، عەقڵ، بۆیە ژن حەزی لە دەستبەسەردا گرتنە، بەڵام پیاو، فەرمانڕەوایی.)

کانت پێی وایە، (ژن بۆیە ئیشی جوان یان چاک دەکات، چونکە پێی خۆشە، نەک لەبەر ئەوەی خاوەنی پرینسیپە، چونکە ڕەگەزی نەرمونیان ناتوانێت خاوەنی پرینسیپ بێت.) چونکە کانت شوێنی ئیشی ژن، بە چوارچێوەی ماڵ دەزانێت، ئەو پیاوەی پێ دووڕووە کە ژن بۆ کاری وا هان دەدات، پێویستی بە عەقڵێکی قووڵ هەبێت. لای کانت، پەیداکردنی پارە، ئیشی پیاوە، ژن حەزی لێیە پاشەکەوتی بکات. جێی سەرنجە، کانت باسی ئەوەی نەکردووە، ئەوە کۆمەڵە وا دەکات، ژن ئەو خەسڵەتانەی هەبێت. مارگرێت مید دەڵێت: (زۆرینەی خەسڵەتەکانی تاک، چ نێر بێت، چ مێ، زگماک نین، زادەی سیستەمی کۆمەڵایەتین.)

ڕۆسۆ دەیگوت: (ژن بۆ ئەوە خوڵقاوە، ملکەچی پیاو بێت و چێژی پێ ببەخشێت، ئەوە سروشتی خۆیەتی.) نیتشەیش هەمان تێزی گوتەوە: (ژن وەک سروشت، حەزی لێیە کارەکەر بێت، بەختەوەری لەوەدا دەبینێتەوە.) وەهایش باوە، ژن لە پەراسووی پیاو چێ کرابێت، پەراسوویش چونکە خوارە، ئەوە بۆیە، ڕەوتاری ژنیش خوارە! کانت دەبێژێت: (ڕەوشی کۆمەڵایەتیی ژن، ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەی سروشتی خۆیەتی.) ئەوە بۆیە سوزان مێندوس کانت بە بۆرژوایەکی تەسکبین لە قەڵەم دەدات. کانت دەڵێت: ژن هەرچەندە زۆربڵێیە و نهێنی کەسانی دی

ناپارێزیـت، بـەڵام نهێنیـی خـۆی نادرکێنێـت. هـەروەها دەڵێـت: ئەوانـە گـێلن کـە توانـای ژن بـە هێنـد نـاگرن، ئـەوە نییـە ژن لـە ماڵدا، چی بخوازێت بەسەر پیاویدا دەسەپێنێت؟

کانـت دەڵێـت: (ژنـی گـەنج، چونکـە هەمیشـە مەترسیی ئـەوەی هەیـە، لـەناکاو ببێتـە بێـوەژن، ئـەو هەسـتە وای لـێ دەکـات، بەردەوام عەتری جوانیی خۆی، بەسەر پیاواندا ببەخشێتەوە، بۆ ئـەوەی لـە داهـاتوودا، ئەگـەری ئـەوە هـەبێت، یـەکێکیان بـبن بـە مێـردی.) لـە کانـت وایـە، ژن کـە جلـی جـوان دەپۆشێت، مەبەستی ئەوەیە، ژنـانی دیکـە ئێرەیـی پێ ببـەن و وایش هەڵکـەوتووە، زۆر بـە توندی ڕەخنـە لـە هەڵـەی ژنـانی دیکـە بگرێت، بـەڵام پیـاو لـە بەرانبـەر هەڵـەی ژنـدا لێبـوردەترە، چونکـە پیـاو بـە عـەقڵ بڕیـار دەدات و ژن بـە حـەز و بـە ئـارەزوو. لای کانـت، بۆیـە ژن دەبێـت ملکـەچی پیـاو بێـت، چونکـە ژن لـەباریـدا نییـە وەک پیـاو عـەقڵ وەگەڕ بخات. کانت ئـەو ملکەچییـەی ژنـی بـۆ پیـاو، بـە یاسایەکی سروشـتی دەزانـی، وەلـێ ئیمـامی غـەزالی، هـەمان ملکـەچی بـە یـەکێک لـە پرینسـیپەکانی ئیسـلام لـە قەڵـەم دەدات و دەڵێـت: (ئەگـەر پیـاو حـەزی لـە جووتبـوون بـوو، ژن بـا بەسـەر پشـتی حوشتریشەوە بێت، پێویستە دڵی نەشکێنێت.)

ڕۆسۆ دەیگـوت: (کیـژ هـەر لـە منداڵییـەوە، بووکەشووشـە لەبـەر دڵـی زاوا دەڕازێنێتـەوە.) هیـوم پێـی وایـە، کرۆکـی ژیـانی ژن، لـە شـووکردندا چـڕ دەبێتـەوە، ئـەوە بۆیـە ژن بـا تـەمەنیشـی هەڵکشـاو بێـت، هـەر بـە هیـوای هـاتنی سـوارچاکی خەونەکانیـەتی. کانـت

بڕوای وایە، سێکس پێویستە تەنیا لە سایەی تاک ژنومێردایەتیدا بێت و گرێبەستیش لە نێوان ژن و مێرددا هەبێت. هیگڵ لە کتێبی (بنەڕەتاکانی فەلسەفەی هەق)دا، بە توندی بە گژ ئەو تێزەی کانتدا دەچێتەوە.

لە کن کانت: خۆشەویستی هەستێکی ناسکی ئینسانییە، بەڵام سێکس کردەیەکی حەیوانییە، بۆیە ئەوینی ئینسانی و سێکسی حەیوانی دانوویان پێکەوە ناکوڵێت، چونکە سێکس نە سۆزی تێدایە و نە ڕەوشت. کانت لای وابوو، چونکە ژن و پیاو وەک شتومەک مامەڵە لەگەڵ یەکدیدا دەکەن، چونکە خراپ سوود لە یەکدی وەردەگرن و یەکتری دەچەوسێننەوە، بۆیە سێکسی نێوانیان، سروشتێکی نائینسانیی هەیە. کانت دەیگوت، ئینسان ئامانجە، نابێت وەک کەرەسە وەگەڕ بخرێت.

کانت وەک پێشبینیی کردبێت، لە داهاتوودا، لە ئەورووپا چی ڕوو دەدات، دژایەتی هاوڕەگەزبازی دەکرد و بە دژی یاسای سروشتی دەزانی. کانت دەیگوت: گەنج پێویستە خۆی بگرێت تا بە شێوەیەکی شەرعی هاوسەرگیری دەکات و پێی وابوو، خووی نهێنی: کارێکی قێزەونە، لەگەڵ سروشتی ئینساندا ناگونجێت، هەم جەستە لاواز دەکات و هەم عەقڵیش، زیان بە توانای وەچەخستنەوە دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی زوو پیربوون.

کانت کە لە بواری مەعریفەدا، هەموو مرۆڤایەتیی هەژاند، بەڵام نەیویست، دابونەریتی ئەورووپایی لە بواری ژندا

بلەقێنێت. گەر خواستبای دەیتوانی بەشدارییەکی کارای هەبێت، لە قوتارکردنی نیوەی مرۆڤایەتی، لای کەم لە بەشێک لەو ستەمەی سەدان ساڵ بوو لێی دەکرا، بەڵام خۆی لەو شەڕە پیرۆزە دزییەوە و لە کێشەی ژندا، چۆکی لەبەردەم دابونەریتی دێرینی کۆمەڵدا دادا. کانت لەگەڵ ئازادکردنی کۆیلەدا بوو، بەڵام ئازادیی بە ژن ڕەوا نەبینی، لەگەڵ دادپەروەری و یەکسانیدا بوو، بەڵام بۆ ژنان نا.(*)

2012.06.15

(*) أ، د. إمام عبدالفتاح إمام، كانط و المرأة، التنوير للطباعة ٢٠١٢ بيروت.

## ژن لە کن تەواریق

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی تەواریق ئەوەیە،
ئەگەر لە برسانیشدا بمرن، گۆشتی حوشتری خۆیان ناخۆن،
ئاخر ئەوەیان لە بیرە، ساڵانێک بەو حوشترە
سەفەریان کردووە و بە شیرەکەی ژیاون.

تەواریق کە نزیکەی سێ میلیۆنێک دەبن، لە بیابانی گەورە، لە نیگەر، مالی، جەزائیر، لیبیا، بورکینا فاسۆ و هەندێک وڵاتی دیکە دەژین، موسڵمانی سوننەی سەر بە ڕێبازی (مالکی)ین، زۆریان کۆچەرین و بڕێکیشیان لەمێژە نیشتەجێ بوون و لە دەوار یان خانووی قوڕیندا ژیان بە ڕێ دەکەن. ئەو زمانەیشی پێی دەپەیڤن، چەندان شێوەزاری هەیە و تاریق، بە مانای جۆگەلە یان کانیاو دێت. لەناو تەواریقدا، مەگەر پیاوانی ئایین و ئەوانەیان

زۆریـان خوێنـدووە، عـەرەبی بـزانن، ئەگـەر نـا، بـە گشتی هـەر بـە زمانـی خۆیان دەپەیڤن.

ژن لای تـەواریق پایەیەکی هێندە بڵندی هەیە، تـا ئـەو ئاستـەی دەتـوانین بڵێـین، هێشـتا سیسـتەمی کۆمەڵگەکـەیان، شـێوازی دایکایەتییە و بەناوبانگتریان ژن لـە مێژوویاندا (تان هینان)ی ناو بـووە. ژنـان لای وان، سیمایان بـە ڕووپۆش ناشـارنەوە، کـە میـوان ڕوویـان تـێ دەکـات، بـە ڕووخسـارێکی گـەش و شـیری حوشـترەوە، پێشـوازیی لـێ دەکـەن، وەک چـۆن لای خۆمـان ژنـان دۆیـان بـە میوانـان و ڕێبـوارانیش پێشکەش دەکرد. لای تـەواریق، ئـەوە پیـاوە بـە ڕووپۆشـەوە دەچێتـە دەرەوە و کۆمەڵگـە لای وان، نزیکـەی وەک کۆمەڵگـەی ئێـزدی، بەسـەر چوار چین و تـوێژی جیـاوازدا، دابـەش بـووە، کـە لـە بـەرزەوە بـۆ نـزم، بـەم ڕیزبەندییەیـە: خانـەدان، خاوەنزەوەی، جووتیار و وەستای کاری دەستی.

ژن لای تەواریق، هـەر یـەکەمین جار، بە ڕەزامەنـدی و پرسوڕای خێـزان شـوو دەکـات، بـەڵام کـە لـە مێردەکـەی جیا بـووەوە، ئیـدی ئـازادە و بـێ ئـەوەی ڕاوێـژ بـە کـەس بکـات، مـافی شـووکردنـەوەی هـەیە. ژن لـەوێ بۆیە هاوسـەرگیریی یەکـەم بـە پێویست دەزانێت، تـا لـە دەسـەڵاتی خێـزان ڕزگـاری ببێـت. لای تـەواریق، ژنـی جیابووەوە، هـەمان ئـەو ڕێز و پلـەیەی هـەیە کـە پێش هاوسـەرگیری هەیبووە. هاوسـەرگیری لـەوێ کارێکی ئاسانـە، لـە هـیچ کوێ تۆمـار ناکرێت، تـەنیا پێویستی بـە چـوار شاهیدە کـە لـە بـەردەم مـەلای خێڵدا ئامادە دەبن و جیابوونەوەیش هەر بە هەمان شێوەیە.

لای تــــەواریق، ئەگـــەر پیاوێــک، ژنێــک دووگیـــان بکـــات و نەیخوازێت و حاشا لەوە بکات کە باوکی منداڵەکەیە، خەڵکەکە نزم سەیری دەکەن و لە حاڵـەتی وەهـادا، ئـەوە پیاوەکـەیە هەست بە شەرمەزاری دەکات و لەناو کۆمەڵدا ڕیسوا دەبێت، نەک ژنەکە. ئەگەر شتی وا ڕووی دا، کۆمەڵ بیر لە سزادانی کەسیان ناکاتـەوە، هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان دەدات، ئاخر لەوێ چـەمکێک نییە، ناوی سڕینەوەی شەرم بێت. بـە گـوێرەی لێکدانـەوەی وان بـۆ شـەرع، چارەسـەرێک لەگـەڵ خۆشەویستی و سۆزدا تـەبا بێت، نـە لەگەڵ ڕەوشتدا ناکۆک دەبێت و نە لەگەڵ ئیسلامیشدا.

ئەگەر لە خۆرهەڵاتی تورکیـا، بـە کوردستانیشـەوە، کچێک ئـەو هەواڵــە بــە دایکـی بڵێـت کـە بـۆ یەکـەمین جـار خـوێنی لەبــەر ڕۆییشتووە، بە زللـەیەکی توند وەڵامی دەداتـەوە، ئـەوە بەشێکە لـە کولتـوور و مەبەست لێـی وریاکردنـەوەی کیژەیـە، بـۆ ئـەوەی ئیدی بووە بە ژن و پێویستە ئاوڕووی خۆی و خێزان بپارێزێت، بـەڵام لای تــەواریق، بـۆ یەکـەمین (خـووی مانگانــە) ئاهــەنگێکی ڕاسـتەقینە دەگێڕن، ئاهەنگێک تێیدا، ژنان گۆرانـی دەڵێن، تـەپڵ و چەپڵـە لـێ دەدەن و پیاوانیش سەما دەکەن.

ئــەو ئاهەنگــە بــۆ ئەوەیــە، ئیــدی ئــەو کچــە، پێگەییشــتووە و ئامادەیە بۆ هاوسەرگیری. پیاوانیش بۆیە کەیفخۆش دەبن، بیریان لای ئەوەیە، لە خێڵەکەیاندا ژنێکی دیکـەیش زیـادی کـردووە و بـێ شـک دەبێتــە نسـیبی یــەکێکیان. کــچ لــە دوای یەکــەمین خــووی مانگانــەوە، ئیــدی مــافی خــۆ ڕازاندنــەوەی، کــە پێشــتر نــەیبووە،

دەبیبێت. ئیدی بۆی هەیە، هەم سووراو و سپیاو بکات، هەم گوێ و گەردن و مەچەکی، بە گوارە و خەناوکە و بازنگ بڕازێنێتەوە.

لای تەواریق وا باوە، ژن و پیاو، پێش هاوسەرگیری، پێوەندیی ئەویندارییی پێکەوە ببەستن و دەشێت ئەو خۆشەویستییە، کە لە خێڵ نهێنی نییە و وەک هاوسەرگیری دیاردەیەکی ئاساییە، چەند ساڵێک بخایەنێت. ئەو دڵدارییە، ئەگەر ئەوینێکی ڕاستەقینە بوو، بە هاوسەرگیری دوایی دێت، ئەگەر پشکۆی ئارەزوویەکی ساتەوەختیش بوو، ئەوا زوو دەبێتە خۆڵەمێش و دەبڕێتەوە. لای تەواریق، ئەویندارانی مافی ئەوەیان نییە، لەگەڵ یەکدا جووت ببن، بەڵام دەست لە ملان و ڕامووسان، وەک ئازاد وایە. ئەو دڵدارەی پێش هاوسەرگیری، نیازی بەزاندنی سنووری هەبێت، بە خاوێن ناناسرێت و ئەوەی بە کەموکووڕی لە پەروەردەدا، بۆ لە قەڵەم دەدرێت و دڵبەر لێی دوور دەکەوێتەوە.

کولتووری تەواریق وایە، بەتەمەنترین ژنی خێڵ، بە چاودێریی خۆی و لەژێر دەوارەکەیدا، شەوئاهەنگ بۆ عاشقان ساز دەکات، ئاهەنگێک هەموو عاشقانی خێڵ تێیدا ئامادە دەبن و تا درەنگانی شەو، بە دەم گوتنی گۆرانی و سەماکردنەوە، وەختێکی خۆش پێکەوە بەسەر دەبەن. لەوێ دڵدار مافی ئەوەی هەیە، شەوان کە هەمووان لە دنیای خەوندا نوقم دەبن، بخزێتە خێمەی خۆشەویستەکەیەوە و تا دەمەوبەیان ئاوێزانی ببێت. کەسوکاری کچە، ئاگاداری ئەم ژووانەن، دەزانن، کوڕە لە ئامێزی کچەکەیاندا ئارامی گرتووە، بەڵام لەوەیش بێ گومانن کە

سنوورشکێنی ڕوو نادات، بۆیە ئەو ڕەوتارە لە کنیان کارێکی نەشیاو نییە، بەڵکوو خۆشکردنی ڕێگەیە بەرەو هاوسەرگیری.

کولتووری تەواریق وایە، پیاو دەست لە ژنەکەی بەرز ناکاتەوە، ئەگەر بە ڕێکەوت پیاوێک زللەیەکی لە ژنەکەی دا، هەم سزای ماددی دەدرێت، بۆ نموونە دەبێت، بزنێک بۆ ژنەکەی بکڕێت، هەم دەبێت لای مەلا بەڵێن بدات، ئیدی دووبارەی ناکاتەوە، ئەگەر نا، ژنەکەی بۆی هەیە، دەستبەجێ لێی جیا ببێتەوە. ژن لای تەواریق، ئەوەی پێ قەبووڵ ناکرێت، پیاو لێی بدات و دیاردەی لە ژن دان، لە ناو خێڵی تەواریقیی کۆچەردا، وەک حاڵەتیش هەبوونی نییە.

لەناو تەواریقدا لە ژن دان، ڕێسواییيەکی هێندە گەورەیە، ئەو پیاوەی لە ژن بدات، لەناو خێڵدا هێندە سووک سەرنجی دەدرێت و بە جۆرێک نەفرەتی لێ دەکرێت، ناچار دەبێت سەری خۆی هەڵبگرێت. ئەوەیش هەر مایەی شەرمە، پیاو، چێشتلێنان بە ئیشی ژن لە قەڵەم بدات. هەرچەندە بە گوێرەی شەرع، فرەژنی ئازادە، بەڵام ژن لای تەواریق، نە سەر بە هەویە شوو دەکات، نە بەوە قایل دەبێت، مێردەکەی بایەخ بە ژنێکی دیکە بدات. ئەگەر لە هەندێک خێڵی تەواریقدا، فرەژنی هەبێت، وەک حاڵەتێکی دەگمەن هەیە.

ژن لای تەواریق دەتوانێت بە ئاسانی لە مێردەکەی جودا ببێتەوە، هەر هێندەی لەسەرە، ماڵئاوایی لە مێردەکەی بکات و

بە چوار شاهیدەوە بچێت بۆ کن مەلا. ژن کە جیا دەبێتەوە، هەر زوو عەشیرەت لەو هەواڵە ئاگادار دەکاتەوە و هێندەی پێ ناچێت، بەو بۆنە خۆشەوە، ئاهەنگێکی گەورەی وەک هی هاوسەرگیری، کە هەموو خێڵی بۆ بانگهێشت دەکات و بە جوانترین شێوە خۆی بۆ دەڕازێنێتەوە، ساز دەکات. ژنەی تازە جیابووەوە، دەبێتە ئەستێرەی ئاهەنگەکە و چەندان دیاریی بەنرخی زیوینی، لە لایەن ئەو پیاوانەوە کە خەو بە ئامێزییەوە دەبینن، پێشکەش دەکرێت. ئەو ئاهەنگە دەبێت، دوای تێپەڕبوونی سێ مانگ لە جودابوونەوە ساز بکرێت، ئەم مەرجە، شەرع دەیسەپێنێت.

لای تەواریق ئەوە هیچ بایەخی نییە، ئافرەتێک شووی کردووە یان نا؟ ئاخر پیاو سەروەختی خوازبێنی، ئەوە لەبەر چاو ناگرێت و کۆمەڵیش بە چاوێکی نزمەوە، سەیری ژنی جیابووەوە ناکات. لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا، بە گشتی، ژن لە دۆزەخی خێزاندا هەڵدەکات، بەڵام ئەوەی پێ قەبووڵ ناکرێت، بە بێوەژن ناوزەد بکرێت، لای تەواریق، کە ژنێک جیا دەبێتەوە، هەر ئەوەندەی پێ دەڵێن کە لەگەڵ مێردەکەیدا نەگونجاوە و هیچی تر، بۆیە ژنی جیابووەوە ئەو هەستەی لە کن دروست نابێت کە ئافرەتێکی سەرنەکەوتووە، یان هەڵەیەکی کردووە.

ژن لای تەواریق، ئەوەیان زۆر پێ سەیرە کە دەبیستن لە ئەورووپا، ژنان لەنێو ترسدا دەژین و دووچاری لێدان و تەنانەت ئەتکردنیش دەبنەوە. بەوە تووشی شۆک دەبن، کە دەبیستن، ژنان، بۆ نموونە، لە پاریس، وەک ئامانجێکی سێکسی سەرنجیان

دەدرێت، تەنگیان پێ هەڵدەچنرێت، پەلامار دەدرێن و هێندە هەراسان دەبن، ناچار هەندێکیان هانا بۆ خۆکوشتن دەبەن. کە دەبیستن لە شارێکی وەک پاریسدا، چەندان شوێن، بۆ ئەو ژنانە تەرخان کراوە، کە پیاوان خراپ هەڵسوکوتیان لەگەڵدا کردوون و لە ترسی لێدان هەڵاتوون.

بۆ ژن ئەوانە گرنگن، هەست بکات لەگەڵ پیاودا یەکسانە، وەک خود ئازادە و ئەوەی کە مێیە، نەفرەت نییە بەسەریدا بارییبێت، نیعمەتە و دەرگەی بەختەوەریی بۆ دەخاتە سەر پشت. ژن پێی باشە، بە قووڵی ڕێزی لێ بگیرێت، لەبەر ئامانجی سێکسی نا، لەبەر ئەوەی پێش ئەوەی مێ بێت، ئینسانە و ڕۆڵێکی گرنگ و پیرۆز لە کۆمەڵدا وازی دەکات. ئایا چی لە دایکایەتی پیرۆزترە؟ تەواریق پێیان وایە، ئەوە دایکە، کولتوور، دیرۆک و بەها ئینسانییەکان دەپارێزێت و قسەیەکی نەستەقیان هەیە دەڵێت: (گەر دەخوازیت کولتووری میللەتێک بناسێت، دەبێت بە کولتووری ژنانیان ئاشنا ببیت.)

ژنان لای تەواریق، فریشتە نین، ئینسانن، حەز و ئارەزوویان هەیە و چێژ لە خۆشەویستی وەردەگرن، بەڵام هەر جەستەی جوان نین، هاوزەمان لەگەڵ مێبووندا، بەڕێز و بەرپرس و عاقڵیشن، ئەوە بۆیە، منداڵ بە ڕەچەڵەک دەچێتەوە سەر دایکی نەک باوکی. لای تەواریق، ژنان هەم چادر دروست دەکەن و هەم هەڵیشی دەدەن، کە دوو ئیشی سەختن. ئیشە هەستناکەکانی لە

بابەتی دروستکردنی ئەنگوستیلە، بازنگ، ملوانکە و گوارە، پیاوان دەیانکەن.(*)

٢٠١٢/٧/٤

(*) پنار إيلكاركان، المرأة والجنسانية في المجتمعات الإسلامية، ترجمه: معين الإمام، دار المدى للثقافه والنشر ٢٠٠٤ دمشق.

# ژن لە سایەی ستەمی پیاودا

ئەوە سروشتە وای کردووە، ژن و پیاو جیاواز بن. ئەم گوتەیە کاتێک دروستە، مەبەست لەو جیاوازییە، تەنیا لە یەکدی نەچوونی بایۆلۆگی بێت و هیچی دیکە، بەڵام ئەوەی پیاو لە ژن باڵاترە، لە ئەفسانەیەکی حەوتڕۆح بەولاوە، هیچی دیکە نییە. یەکێک لەو هۆکارانەی وای کردووە، تەمەنی ئەو ئەفسانەیە هێندە درێژ بێت، پشتگیریی ئایینەکانە لێی. ئایینەکان، ئیدی ئاسمانی بووبن، یان زەوینی، لەسەر ئەوە کۆک بوون، پیاو لە ژن باڵاترە.

مێژووی پەیدابوونی ئەو ئەفسانەیەی گوایە پیاو لە ژن باڵاترە، بۆ سەرهەڵدانی سیستەمی بابسالاری دەگەڕێتەوە. بە گوێرەی لێکدانەوەی ئەنترۆپۆلۆگەکان، ئەگەر هەشتهەزار ساڵێک بێت، بابسالاری سەری هەڵدابێت، ئەوا پێش ئەو وەرچەرخانە، نزیکەی دووسەد هەزار ساڵێک، ژن و پیاو لە ماف و ئەرکدا یەکسان و هاوبەش بوون. فرێدریک ئێنگڵس (١٨٢٠- ١٨٩٥) لە کتێبی (ڕەچەڵەکی خێزان و موڵکی تایبەت و دەوڵەت)دا، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، چەوساندنەوەی ژن و بابسالاری، هاوزەمان لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی چینایەتیدا پەیدا بوون.

نــزیکەی ســەدوپەنجا بــۆ دووســەد هەزار ســاڵێک لەمەوبەر، یەکەمین سیستەمی کۆمەڵایەتی کە تێیدا ئینسان بە پشتبەستن بە کـۆکردنەوەی بەروبـوومی کێـوی و ڕاو، بژێـویی دابـین دەکـرد، سەری هەڵدا. ئەوسا ئینسان زیندەوەرێکی (دەست لەناو دەم) بوو، ڕاوی دەکرد، هەر چی کەڵکی خواردنی پێوە بووایە، کۆی دەکردەوە و درێـژەی بە ژیـان دەدا. ئەوسـا وێـڕای کەشوهەوای سـەخت، دوو مەترسـی تـریش لەسـەر ژیـانی ئینسـان هەبـوون، پەلامـاری گیـانلەبەری دڕنــدە و هێرشــی لەناکــاوی (خێــڵ)ی شــەڕخوازی دراوسێ.

ئەو ســەردەمە، ڕەوتــی ژیـان لەسـەرەخۆ بـوو، ئینسـان ڕۆژانە، ئەوپەڕی دوو ســەعاتێک کــاری دەکــرد و پاشــماوەی ڕۆژەکەی بە قسەوباس و دانس و پشوودانەوە بەسـەر دەبرد. چونکە گـرووپەکە هەم کاریان پێکەوە دەکرد و هەم پێکەوەیش ژیانیـان دەگوزەراند، ئەم پێکەوەبـوونە، ڕۆڵـی گرنگـی لە پێشکەوتنی ئینساندا دەگێـڕا. ئەو سـەردەمە دابەشکردنی کـار، پشـتی بە لێهـاتوویی و ڕەگەز و تەمەن دەبەســت، بەڵام هەمــوو کارەکــان، بە چاوپۆشــین لەوەی سـەختن یـان ئاسـان، لای گـرووپەکە هەمـان بەهایـان هەبـوو. بە پـلەی یەکەم پیـاوان و ئینجـا ژنـانی گەنـج سـەرقاڵی ڕاوکـردن دەبوون، ئەوی ڕاوی نەکردبا، خەریکی کۆکردنەوەی خۆراک دەبـوو کە ئەم ئیشـە زێتـر ژنـان دەیـانکرد و سەرچاوەیەکی هەرە گرنگـی دابینکردنــی بژێــوی بــوو. ئەو ســەردەمانە پلەوپـایەی ژن لەنێـو گرووپدا، لای کەم هێندەی پلەوپایەی پیاو بڵند بوو.

ئەوسا بە هەرەوەز منداڵ بەخێو دەکرا، ئەمەیش وای دەکرد، ژنی تازەزاو ئازاد بێت و بیپەرژێتە سەر کاری دیکەیش، نەک تەنیا وابەستەی منداڵ بێت، ئاخر تەنانەت شیر بە منداڵ دانیش، هەر بە کۆمەڵ دەکرا و تەنیا ئەرکی سەرشانی دایکی منداڵەکە نەبوو. ئەوسا ژن دۆکتۆری گرووپیش بوو، چونکە دەرمان لە ڕووەک دروست دەکرا و ژنیش لە بواری ڕووەکناسیدا، لە پیاو شارەزاتر بوو. هەر لەو وەختەوە کە ئینسان کەوتە سەر پێ، ئاخر لە سەرەتادا بە چوارپەل دەڕۆییشت، ئیدی سیستەمێکیش پەیدابوو، کە گرووپی پێکەوە دەبەستەوە و هەر لەناو گرووپیشدا، چارەسەر بۆ ئەو دەستدرێژییانە دەبینرایەوە کە دووچاری تاک دەبوون، ئەگەر نا، لەو سەروەختە سەختانەدا، منداڵ چانسی بە زیندوویی مانەوەی گەلێک کەم دەبوو. ئەگەر سەرنجی سیستەمی پێکەوە ژیانی ڕەوە شیمپانزییەک بدەین، هەست دەکەین سوپەربابسالارییە، چونکە نێر هێندە دڕندانە مێ دەچەوسێنێتەوە، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، بە گشتی، پیاو وەها زبر، ڕەوتاری لەگەڵ ژندا نەکردووە.

چونکە منداڵ لەناو گرووپدا، بە هەرەوەز بەخێو دەکرا و ژیانی مسۆگەر بوو، پیاو پێویستی بەوە نەبوو، بیر لەوە بکاتەوە، سامانی تایبەت بە خۆی هەبێت و وەک میراتی بۆ منداڵی بمێنێتەوە. ئەو سەردەمە، کەس خاوەنی هیچ نەبوو، هەمووان خاوەنی شتەکان بوون، تەنانەت ئەوەیش زەحمەت بوو کە باوکی بایۆلۆگیی منداڵ بە دڵنیاییەوە دیاری بکرێت. ئەمەیش سێ شتی گرنگ دەسەلمێنێت، یەکەم: ئەوەی نائاساییە، بابسالارییە، نەک

یەکسانیی نێوان نێر و مێ. دووەم: ئەوە هیچ بناغەیەکی دروستی نییە کە دەڵێن، ئینسان چونکە خۆپەرستە و شەیدای موڵکی تایبەتە، مەحاڵە سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم پێڕەو بکرێن. سێیەم: مانەوەی ئینسان لەو هەلومەرجە سەختانەدا، بەرهەمی کاری هەرەوەز و ژیانی کۆلێکتیڤە.

ئەنترۆپۆلۆگی ئەمریکایی، ئێلینۆر لیکۆک (١٩٢٢ - ١٩٨٧) دەیگوت: لە کۆمەڵگەی کۆلێکتیڤی ڕاو و بەری دار کۆکردنەوە و پەیدابوونی چاندنیشدا، پێوەندیی نێوان تاکەکان، سۆسیالیستەنە بووە، یەکسانی زاڵ بووە و ئەوانەی بڕیاریان بە دەست بووە، هەر خۆیان جێبەجێکەری بڕیاریش بوون، بەڵام کە کۆمەڵگەی چینایەتی سەری هەڵدا، ئیدی ژن نەک هەر لە بڕیارداندا بەشدار نەدەبوو، بەڵکوو هێدی هێدی شوێنپێی لە کۆمەڵدا، وەک هی کۆیلەی لێ هات.

لە کۆمەڵی کۆلێکتیڤدا، گەلێک ژن و مێرد، منداڵ و نەوەی جیاواز، لە بن هەمان میچدا دەژیان و ئەگەر کەسێک لەوانی دی، زێتر ڕێزی لێ گیرابێت، ئەوە ژنێکی بەتەمەنی بەئەزموون بووە. ئێنگڵس بەخت یاوەری نەبووە کە ناوی (داکسالار)ی لەو کۆمەڵگەیە ناوە، ئاخر ئینسان سیستەمی زاڵمی (بابسالار)ی وەبیر دێتەوە و زەینی بۆ ئەوە دەچێت، ئەو قۆناغە، ژن، ستەمکار و پیاو، ستەملێکراو بووبێت، کە ئەو لێکدانەوەیە لە ڕاستییەوە دوورە، چونکە لە هیچ کۆمەڵگە و قۆناغێکدا، دایک زاڵم نەبووە. ئەو دایکسالارییە، کە ڕاستییەکەی (سیستەمی شێوازی

دایکانە)یە، لەوەوە نەهاتووە کە دایک سەروەر بووە، لەوەوە هاتووە کە خزمایەتی تەنیا لە بەرەی دایکەوە دروست بووە، کە تەنیا ئیمکانی ئەوە هەبووە، دایکی منداڵ بە دروستی دەستنیشان بکرێت و کە ژن و پیاوێک بڕیاریان داوە پێکەوە بژین، پیاوەکە چووەتە (ماڵ)ی ژنەکە، بەڵام ژن ستەمی لە پیاو نەکردووە و سەرداری پیاو نەبووە، هەردووکیان یەکسان بوون.

ئەو کۆمەڵگەیە، کارڵ مارکس (١٨١٨ - ١٨٨٣) ناوی نابوو، کۆمۆنیزمی سەرەتایی، کۆمەڵگەیەکی ناچینایەتی بوو، کۆمەڵگەیەک تێیدا کەس خاوەنی شتومەکی تایبەت بە خۆی نەبوو، کۆمەڵگەیەک هێشتا دەوڵەتی تێدا پەیدا نەبووبوو. لە کۆمۆنیزمی سەرەتاییدا، خەڵکەکە بە شێوەیەکی هاوبەش لە شتەکان سوودمەند دەبوون، پێکەوە کۆمەڵیان بەڕێوە دەبرد، بڕیاردەران هەر خۆیان بڕیار جێبەجێکەرانیش بوون و ڕۆڵی ژنان هیچی لە ڕۆڵی پیاوان کەمتر نەبوو. گواستنەوە لە قۆناغی کۆکردنەوەی بەری دار و ڕاوەوە، بۆ قۆناغی کشتوکاڵکردن، هەزاران ساڵی خایاند، ئێنگڵس بەو ماوەی گواستنەوەیە، دەڵێت: بەربەریزم کە بناغەی دامەزراندنی شارستانیی کۆمەڵگەی چینایەتی بوو.

کە زەویکێڵان گەشەی کرد، ئەوە پیاو بوو، چونکە لە ڕووی فیزیکییەوە لە ژن بەهێزتر بوو، لە کێڵگەدا کاری دەکرد، بۆیە ئەوەی بەرهەمی دەهێنا و ئەو قازانجەی دەیکرد، دەبوون بە موڵکی خۆی و بالای ژمارەی دانیشتووانیش بەردەوام هەڵدەکشا،

ئیـدی دابەشـکردنی کـاریش، گـۆڕانی گرنگـی بەسـەردا هـات. زەویکێڵان، ژنـی لـە کـاری سـەخت ڕزگـار کـرد، بەڵام کۆنترۆڵکردنی دانـەوێڵـەشی لـە بن دەستی دەرهێنا، کە سەرچاوەیەک بـوو، بـۆ خـۆ دەوڵـەمەندکردن و پێشتر ژن سەرپەرشتیی دەکرد.

لـەگەڵ پەیـدابوونی خاوەنـداریەتیی تایبەتـدا، نـاکۆکی کەوتە نێوان پیاوانی خاوەنموڵک و ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەوە کە ژن و پیاو تێیدا یەکسان بوون. پیاوان کە دەستیان بەسـەر دانـەوێڵـە و ئاژەڵدا گرت، ئیدی بەوە قایل نەبـوون، میراتـی بەر بنەماڵـەی ژن بکەوێت. زۆربوونی سامان بە قازانجی بەهێزکردنی شوێنپێی پیـاو لـە خێزاندا شکایەوە و پیاو بـوو بە سـەروەر و بەخێـوکەری خێـزان، ئەمەیـش وای کـرد، دابەشـکردنی میراتـی بە شـێوەی جـارانی نەمێنێت و تەنیا بەر وەچەی پیاو بکەوێت.

موڵکایەتیی تایبەت، هەر پێوەندی نێوان ژن و پیـاوی نەگـۆڕی، پێوەندیی پتـەوی نێـوان خێـڵ و تیرەکانیشـی تێـک دا و پێوەنـدیی ئابووری و سیاسیی دێرینی نێوان ئەم کۆمەڵگە و ئەوی دیکەیشـی لـە ڕەگوڕیشەوە گۆڕی. گەشەسەندنی بەردەوامی ئابووری، وای کرد پیـاوانی خـاوەن سـامان، پێوەنـدییەکی ئەوتۆیـان بە ئەنـدامانی خـێڵەوە نەمێنێـت و لـەبـری ئەوە، بـۆ پاراسـتن و زیـادکردنی سـامانیان، پێوەنـدیی لـەگەڵ کەسـانی خاوەنموڵکـدا ببەسـتن، بە چاوپۆشـین لـەوەی سـەر بە کـام خێـڵ، یـان کـۆمەڵگەن. بەمەیـش کۆتـایی بەوە هـات، بەرهەمهێنـان پشـت بە توانـای کەسـوکار و

خزمایەتی ببەستێت و ئیدی ئەوە سەرەتای پەیدابوونی کۆمەڵگەی چینایەتی و دروستبوونی دەوڵەتیش بوو.

تێکشکانی سیستەمی شێوازی دایکانە، تێکشکانی ڕەگەزی مێ بوو، ئیدی تەنانەت لەناو ماڵیشدا، ئەوە تەنیا پیاو بوو، بڕیاری دەدا و ئیتر ژن هێندە بچووک بووەوە، وەک کۆیلە و وەک شتێک لە شتەکانی پیاوی لێ هات. لە قۆناغی ئەنتیکدا کە پێنجسەد ساڵێک بەر لە دایکبوونی مەسیح کۆتایی دێت، بە کۆیلەکردنی ژن گەییشتە لووتکە، ئەو سەردەمە لای ڕۆمەکان، فامیلی بە مانای ئەو کۆیلانە دەهات کە تاقە پیاوێک هەیبوون. ئەو سەردەمە، هێندە سووک سەرنجی ئافرەت دەدرا، ئەگەر کچێک یان ژنێک ئەتک کرابا، بە دەستدرێژی بۆ سەر کچەکە یان ژنەکە هەژمار نەدەکرا، بە تاوان دژی باوکی کچەکە، یان مێردی ژنەکە، لە قەڵەم دەدرا. ئافرەت بە چەشنێک کەوتە بن هەژموونی پیاوەوە، ئەگەر کچێک شووی کردبا و دەرکەوتبا پێش هاوسەرگیری بنی پژاوە، پیاوانی سەر بە بنەماڵەی باوکی، مافی ئەوەیان هەبوو، سەنگبارانی بکەن.

لە سایەی کەپیتالیزمیشدا، ژن وەک شتومەک سەرنجی دەدرێت و هاوسەرگیری لای کەپیتالیستەکان، زیاتر پرۆژەیەکی بازرگانییە و وەک لەوەی لەسەر بناغەی سۆز و خۆشەویستی دابمەزرێت. سۆسیالیستەکان خەو بەوەوە نابینن، کۆمەڵ بۆ قۆناغی کۆکردنەوەی بەروبوومی کێوی و ڕاوکردن بگەڕێتەوە و تامەزرۆییان بۆ ئەو ڕابردووە نییە، بەڵکوو دەرسی لێوە فێر دەبن

و هەوڵ دەدەن بە کۆمەکی ئەو ئەزموونە، کۆمەڵگەیەک ڕۆ بنێن، تێیدا ژن و پیاو یەکسان بن، کەسیان سەروەری ئەوی تریان نەبن. کۆمەڵی چینایەتیی سەرمایەداری کە لە سایەی بابسالاریدا پاڵی لێ داوەتەوە، دوا وێستگەی گەشەسەندنی مێژوو نییە و ئەگەر چاوبڕینە قازانج و موڵکی تایبەت، جێپێیان پێ لێژ ببێت، هەم چەوساندنەوەی چینایەتی و هەم ئەو ستەمەی لە ژنان دەکرێت، دەبن بە بەشێک لە کەلەپوور. دیرۆک ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەو جیاوازییە بایۆلۆگییەی لە نێوان پیاو و ژندا هەیە، پاساو نییە بۆ ئەوەی، پیاو، ستەم لە ژن بکات، بۆیە ڕۆژێک دێت، ئەو ستەمە نەمێنێت.(*)

(*) Anna Löfgren, Kvinnoförtryckets historia, Offensiv 30 augusti 2012 Stockholm.

## شاژنی عەرشێک لە دڕک

جەستەی ژن، چونکە عەورەتە، بۆیە دەبێت لەودیو شوورەی عەبا و حیجابەوە زیندانی بکرێت! ئایا هیچ لۆگیکێک لەوەدا هەیە، جەستەیەک کە عەورەت بێت، هاوزەمان ئاوڕووی تاکی موسڵمان و ئوممەتی موسڵمانانیش بێت، وەک ئیسلامییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن؟ ئەو جەستەیەی ئیسلامییەکان دەیشارنەوە، لە لایەن لیبرالیزمی نوێوە، وەک هەر کاڵایەکی دیکە، بازرگانیی پێوە دەکرێت، بازرگانی لای وان، هەر فرۆشتنی سێکس نییە، جەستەی ژن، هەر کاڵایەک نییە، بەڵکوو بە هۆی ڕووت نیشاندانی لەشی ئافرەتەوە، ڕیکلام بۆ چەندان کاڵای دیکە دەکرێت. بازاڕیش پڕە لەو کلیپەگۆرانییانەی بە هۆی ڕووت نیشاندانی جەستەی ژنەوە، برەویان هەیە و بازرگانانی فیلم و درامایش، لە پێناوی دەستکەوتدا، بەراوەژوو سوود لە جەستەی ژن وەردەگرن.

سێ جۆر تێروانین بۆ جەستەی ژن هەیە، یان ئەوەتا بە دەروازەی شەیتان و سەرچاوەی وروژاندن و هەوێنی فیتنەنانەوەی لە قەڵەم دەدەن، یان بە پیرۆز و بە ڕەمزی فەڕ و بە هێمای بەخشینی دەزانن، یان ئەوەتا وەک کاڵا، لە پێناوی قازانجدا، (ئەو تاکە خوداوەندەی سەرمایەداران دەیپەرستن،) فڕێی دەدەنە بازاڕەوە. هەرچەندە سەرمایەداران، بە هۆی بازرگانیکردن بە جەستەی ژنەوە، قازانجێکی زۆریان دەست

دەکەوێت، کەچی لە سایەی کەپیتالیزمدا، ژنان هەژارترین توێژی کۆمەڵن. ژن هەر کاڵا نییە، کڕیاریشە و چی پەیدا دەکات، لە ڕێی کڕینی پۆشاک و کەرەسەی مکیاجەوە، دەچێتەوە گیرفانی سەرمایەداران.

عەققاد هێندە دژەژن بوو، دەیگوت: (هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە ئافرەت، هەڵەی گەورە و ناپاکی بکات، ئەو لاوازییەی ژن، پێوەندیی بەوەوە هەیە، وەک ڕەگەزێکی نەوی خوڵقاوە.) عەققاد سێکسی بە شتێکی پیس دەزانی و دەیگوت: جەستەی ئافرەت، هەوێنی ئەو شتە پۆخڵەیە. سێکس لای ئایینی کریستیانەکانیش، شتێکی پیسە، ئەوە بۆیە، بێ کردەی سێکس، مەریەمی پاکیزە، عیسای لێ بووە. عەققاد لەگەڵ ئەوەدابوو کە پیاو سەرداری ژن بێت، کە پیاو پلەیەک لە ژن بالاترە و دەیگوت: هەر لە ڕووی بایۆلۆژییەوە، نا، لە ڕووی فسیۆلۆژیشەوە، خودا ژنی لە پیاو، نزمتر خوڵقاندووە.

ژنان بۆ هەمان کار، کرێیەکی کەمتر لە پیاوان وەردەگرن و کە سەرمایەداری تووشی قەیران دەبێت، یەکەمین زەبر بەر ئافرەتان دەکەوێت، لە ئیش دەریان دەکەن و دەکەونە پێدا هەڵدان بە دایکایەتیدا و ئافرەت ناو دەنێن: شاژنی ماڵ. ئەمە لایەنی هاوبەشی ئیسلامی توندڕۆ و لیبرالیزمی نوێیە، ئاخر ئیسلامییە توندڕۆکانیش دەیان پاساو دەهێننەوە، بۆ ئەوەی ژن لە ماڵدا زیندانی بێت. ئەو زیندانیبوونە کە جۆرێکە لە کۆیلایەتی، کە لوتکەی ملکەچییە، لە دیسکۆرسی عەوامفریودەرانەی ئیسلامیی

توندڕۆدا، خاڵی بەهێزی ژنە و قوربانیدانە لە پێناوی ئەوانی دیکەدا.

بەشێکی گرنگ لە خەباتی ژن، پێویستە بۆ ئەوە بێت، هیچ ئایینێک، دینی دەوڵەت نەبێت، ئایین لە دەوڵەت جودا بکرێتەوە و دەستوور لەبەر ڕۆشنایی شەریعەتدا نەنووسرێتەوە، یان ئەوپەڕی، شەریعەت یەکێک بێت لە سەرچاوەکانی نووسینەوەی دەستوور، نەک سەرچاوەی سەرەکی. ژنان نابێت بەوە فریو بخۆن، کە وڵات ڕزگار بوو، ئەوسا ئەوانیش بە مافە ڕەواکانیان دەگەن، نابێت داخوازییەکانیان بۆ دوای ڕزگاری دوا بخەن، ئاخر ئەوانەی ئەو جۆرە پاساوانە دەهێننەوە، بڕوایان بە ئازادیی ژنان نییە. ئەمە بەو مانایە نییە، ژنان، خەبات لە پێناوی مافەکانی خۆیاندا، لە خەباتی کۆمەڵایەتی جیا بکەنەوە.

پێویستە ئافرەت لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا، هەمان مافی پیاوی هەبێت، ئاخر ئەوە بە کەم سەرنجدانی ژنە، کاتێک وەک لە فیلمە میسرییەکاندا هەیە، زاوا دەست دەخاتە نێو دەستی خەزوورییەوە و بە فاتیحایەک، کۆتایی بە ئیشەکە دەهێنرێت. ئەوەیش ستەمێکی گەورەیە لە ژن دەکرێت کە تەڵاق لە دەستی پیاودا بێت، بەو پاساوانەی ژن زوو هەڵدەچێت، پشووی کورتترە و بە سۆز بڕیار دەدات، نەک بە عەقڵ. ژن با تەمەنیشی هەڵکشاو بێت، ئەگەر سەربەخۆ گرێبەستی هاوسەرگیریی ئیمزا بکات، لای ڕێبازی حەنەفی، بە بیانووی ئەو نوقسانییانەی ژن هەیەتی، وەلی ئەمری کە پیاوێکی خێزانەکەیە، دەتوانێت گرێبەستەکە

هەڵبوەشێنێتەوە، ئەمەیش یەکێکە لەو ستەمە زۆروزەبەندانەی لە کۆمەڵگەی بابسالاریدا لە ژن دەکرێن.

لە کۆمەڵگەی بابسالاریدا، ژنی تەڵاقدراو، بەو دوو بیانووەی نە پاکیزەیە، نە پیاوێک هەیە بیپارێزێت، وەک نێچیرێک سەرنجی دەدرێت کە ڕاوکردنی ئاسان بێت. چونکە سووک سەرنجی ژنی تەڵاقدراو کە ڕەنگە لە ڕووی ئابووریشەوە سەربەخۆ نەبێت، دەدرێت، بۆیە زۆر جار ناچار دەبێت، بە ستەمی مێرد قایل بێت. وێڕای ئەمانە، ڕەنگە منداڵەکانی لێ بسەنرێتەوە و بکەونە ژێر چەپۆکی باوەژن، یان ئەگەر منداڵەکانی لای خۆیشی بن، ئەگەری ئەوە زۆر کەمە، شووی دەست بکەوێتەوە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو گوتەیەدا کە دەڵێت: (وازهێنان لە ماڵی حەلاڵی خۆت، حەرام نییە،) باوک مافی ئەوەی هەیە، سامانی خۆی بە یەکسانی بەسەر کوڕ و کیژیدا دابەش بکات و ئەوە لادانیش نییە لەو دەقەی کە نیو هێندەی نێر، میراتی بە مێ ڕەوا دەبینێت، بەڵام (تونس)ی لێ بترازێت، لە دادگاکانی وڵاتانی دیکەی عەرەبیدا، نێر دوو هێندەی مێی دەکەوێت. ئەوەیش جێی سەرنجە، لە ناخی بەشێک لە ژناندا، کولتووری دێرینی بابسالاری، بە جۆرێک کەڵەکە و جێگیر بووە، ئەو نایەکسانییە، بە ئاسایی وەردەگرن، تەواو وەک چۆن ژنانێکی زۆر، ئارەزوومەندانە خۆیان سەرکوت دەکەن و حیجاب دەپۆشن.
ئیسلام ڕێی بە مێرد داوە، لە ژنی بدات، ئەوەی جێی مشتومڕی ئیسلامناسانە، سنووری لێدانەکە، یان بڕی زەبرەکەیە، ئەوە بۆیە

پیاوی بابسالار، بۆ سەلماندنی باڵاییی خۆی، پشتقایم بە شەرع، ناوبەناو هەندێک لە ژنی دەدات. کارەسات ئەوەیە، نواندنی زەبروزەنگ لە لایەن مێردەوە بەرانبەر بە ژن، لە زۆر وڵاتی ئیسلامیدا، بە یاسا پشتگیریی لێ کراوە. لە کن (مالیک) ئەگەر پیاو بە مەبەست، چاوی ژنەکەی کوێر کردبێت، یان دەستی شکاندبێت، سزا دەدرێت، بەڵام ئەگەر مەبەستی نەبووبێت، سزا نایگرێتەوە.

ئەوەیش کە ژن ئازاد نەبێت، کەرەسەی دژە دووگیانی بەکار بهێنێت، جۆرێکە لە نواندنی زەبروزەنگ بەرانبەری. ئەگەر لوتکەی توندوتیژی نواندن بەرانبەر بە مێ، خەتەنەکردن بێت، ئەوا دوندی نایەکسانی ئەوەیە، بەشە میراتی و خوێنباییی مێ، نیو هێندەی بەشە میراتی خوێنباییی نێرە. کاتێک میری کوەیت بڕیار دەدات، ژنیش مافی دەنگدان و خۆ هەڵبژاردنی هەبێت، پەرلەمانتارە ئیسلامییەکانی ئەو وڵاتە، هێندە سووک بۆ ژن دەڕوانن، دژی ئەو بڕیارە دەنگ دەدەن و لێ ناگەڕێن ببێتە یاسا. قەهرا نەکیزکار کە خاتوونێکی لێکۆلەرەوەی ئێرانییە دەڵێت: (لە ئێران، یاسا نەک هەر پاساو بۆ ئەو ستەمە دەهێنێتەوە کە لە ژن دەکرێت، بەڵکوو وەک بوونەوەرێک سەرنجی ژن دەدات کە بەردەوام زیان بە ڕەوشت، پاکژی و چاکە دەگەیەنێت و نیگەرانی و کێشە بۆ کۆمەڵ دروست دەکات.)

پارادۆکس ئەوەیە، ئیسلامییە تۆندڕۆکان ناوبەناو بۆ ڕەوشی خراپی ژنانی خۆرئاوا دەگرین، وەک خۆیان هەموو مافەکانی

ژنـــانی خۆرهـــەڵاتیان دابـــین کردبێـــت! لـــە کۆتـــاییی ســـەدەی هەژدەیەمدا، کە فەرەنسا، میسری داگیر کردبوو، ژنـانی میسر بـە خۆپیشاندانێک داوایـان کـرد، پیـاوی فـەرەنسایی چۆن هەڵسوکەت لـەگەڵ ژنیدا دەکات، پیـاوی میسرییش وەهـا ڕەوتـار لـەگـەڵ ژنیدا بکـات. ئـەوەیش جێـی سـەرنجە، هەرچەنـدە ڕەنگـە هـیچ ئـایینێکی ئاسمانی یان زەوینی نـەبێت، هێنـدەی ئـایینی جوو، سووک بۆ ژن بڕوانێت، بەڵام ڕەوشی ژنان لـە ئیسرائیل، بە گوێرەی یاسا، هێنـدە ئینسـانیترە، ژنـانی وڵاتـانی ئیسـلامی ئێرەییـیـان پـێ دەبـەن. لـە سـاڵی ١٩٨٦دا وەزیرانـــی دادی عـــەرەب، لەســـەر پرۆژەیاســـایەکی هاوبەشـــی بـــاری کەســـیەتی ڕێـــک کـــەوتن، کـــە لایـــەنی کـــەمی داخوازییـەکانی ژنـانی تێـدا ڕەچـاو نـەکرابوو. تێیـدا هــەر پیـاو سەردار و ژن گوێڕایەڵ بوو، فرەژنی هـەر بەرقـەرار بـوو، تەنانـەت مافی عیسمە،(ژن بـە ویستی خۆی تـەلاق بدرێت،) کە شەرع بە ژنـی بەخشیوە، لێی زەوت کرابوو.

دواکـــەوتوویی لـــە هـــەردوو بـــواری ئـــابووری و کۆمەڵایەتیـــدا، هێندەی نەخوێندەواری، نەخۆشی و هەژاری، بۆ پیاو لـەگـەڵ خۆیدا دەهێنێت، لای کەم دوو هێندە زیان بە ژن دەگـەیەنێت. لـە وڵاتـانی ئیســـلامیدا، بـــا کۆســـپیش لەبـــەردەم خوێنـــدنی ژنانـــدا قـــوت نەکرابێتـەوە، بـەڵام هەمیشـە ڕێـژەی ژنـانی نەخوێنـدەوار لـە هـی پیاوان بڵندترە. چونکە خوێندنیش خـەرجیی خـۆی هەیـە، خێزانـی هەژار، ڕەنگە هەر توانای ئەوەی هـەبێت، تـەنیا کوڕەکـانی بخاتـە بـەر خوێنـدن، ئـەمـەیش جیاوازکارییـەکی دیکـەیـە کـە بـەرەو ڕووی مـێ دەبێتـەوە.

نایەکسانی، نزیکەی هەموو قوژبنێکی وڵاتانی ئیسلامیی گرتووەتەوە، قەت نەبووە، سەرۆک یان سەرەکوەزیرانی وڵاتێکی عەرەبی ژن بووبێت. هەرچەندە بەشێکی گرنگی مامۆستایانی زانکۆکانی وڵاتانی عەرەبی، ژنن، بەڵام سەرۆکی هیچ زانکۆیەک، ژن نییە! ئەلحەبیب بورقیبەی لێ بترازێت، هیچ سەرۆکێکی عەرەب هەنگاوێکی لە قازانجی ژن نەناوە. عەبدولناسر هێندە ژنی لا سووک بوو، کاتێک خاتوونەشاعیر دورییە شەفیق، لە سەفارەتی هیندستاندا لە قاهیرە، لە پێناوی ئازادیدا، مانی لە خواردن گرتبوو، سەفیری هیندستان تکا لە ناسر دەکات کە ئەو خانمە کۆتایی بە مانگرتن دەهێنێت، بەڵام با ئازار نەدرێت. ناسر لە وەڵامدا دەڵێت: (دەبوو قسەت لەگەڵ مێردەکەی کردبا.) واتا: پیاو چونکە سەرداری ژنە، ژن چونکە ملکەچی پیاوە، مێردەکەی دەتوانێت گوێی ڕابکێشێت. کە (وەفاء قوستەنتین)ی کریستیان، جاڕی موسلمانبوونی خۆی دا، هەرایەکی گەورەی نایەوە، کە لەو بارەیەوە قسەیان لەگەڵ حوسنی موبارەکدا کرد، گوتی: بووە بە موسڵمان یان نا، ئەوە تەنیا پێوەندیی بە مێردەکەیەوە هەیە.

مەرج نییە کە یاسا پێشکەوتووانە بوو، ئیدی ستەم لە ژن نەکرێت، چونکە خەیاڵی میللی، نەستی کۆ، داستان، ئەفسانە، دابونەریت و کەلەپوور بە گشتی، کە ڕەگوڕیشەیان قووڵ بە ناو مێژوودا ڕۆ چووە، هەموویان ئەو چیرۆکانە دەگێڕنەوە، کە ژن، کەمە، پیسە، هەوێنی هەڵەیە، ڕەمزی تاوانە و شیاوی سزادانە. یەکسانی ئەوە نییە، ژنیش مافی فرەپیاویی هەبێت، ئەوەیە: پیاو

مـافی فرەژنــی نــەمێنێت. کــە ژنەکــەی یەزیـد لــە دراوسـێیەکەی دەپرسێت: (ـ ئـەوە بـۆچی پیـاو، مـافی هێنـانـی چـوار ژن و سـەدان کەنیزەکیشـی هـەیـە؟ ـ چونکـە پەیامبـەران هـەموویان پیـاو بـوون، خـەلیفــەکان هــەموویان پیــاو بــوون، قازییــەکانیش هــەروەها و پۆلیســەکانیش هــەروەها.) کــەچی جیهادییــەکان و ســەلەفییەکان، بەردەوام ئەو قەوانە لێ دەدەن، ئەو مافەی ئـەوان بـە ژنیـان ڕەوا بینیـوە، هـیچ ئایینێـک، یـان هـیچ فەلسـەفەیەکی تـر، پێـی ڕەوا نەبینوە.

فێمینیست داوای یەکسانی لە نێوان ژن و پیـاودا دەکـات، بـەڵام فێمینۆکرات بە هێندە قایل نابێت و دەخوازێت لە هـەموو بوارێکـدا ژن جێ بە پیـاو لـەق بکـات. فێمینۆکراتـەکان هەرچەنـدە بـە نـاوی هــەموو ژنانــەوە قســە دەکــەن، وەلــێ نوێنەرایـەتیی کەمینەیـەک دەکــــەن. کۆنــــەپارێزانی وڵاتــــانی ئیســــلامی، دژی هــــەموو بزووتنەوەیــەکی ئافرەتــان دەوەســتنەوە و دەڵــێن: (بزووتنــەوەی ژنـان، دیاردەیەکە پێوەندیی بە خۆرئاواوە هەیـە و لـەوێوە هـاوردە کـراوە. ژنـی موسڵمان بـە بەشـی خـۆی قایلـە و ڕەوشـی خـۆی بـە سروشتی دەزانێت.) یان بۆ ئـەوەی ژن هـەر ملکەچ و گوێڕایـەڵ بێت، دەڵــێن: (ئێمــە تایبەتمەنــدیی خۆمــان هەیــە و وابەســتەی شەریعەتین.)

(هەر کە ناوی جێندەر هات، یەکسەر شمشێرەکەم هەڵدەکێشم!) جێندەر نە هەڕەشەیە، نـە جنێو، بـەو مانایـە دێت، ئـەوە کۆمەڵـە دەیـەوێت، کچێـک هـەر لـە منداڵییـەوە هەست بکـات، مێیـە. ئـەوە

نییە زوو زوو پێی دەڵێن: کۆشت دابپۆشە! بەڵام قەت وا بە کوڕ ناڵێن. ئەوە کۆمەڵە کچ فێری بووک ڕازاندنەوە و کوڕ فێری شەڕەشیر دەکات. ژندۆست داوای ئەوە دەکات، ئینسان تەنیا لەبەر ئەوەی مێیە، ستەمی لێ نەکرێت، پیاو و ژن هەمان بەها و هەمان مافیان هەبێت و وەک ئینسان سەیر بکرێن، نەک وەک نێر و مێ.

جێندەر بەو مانایە نایەت، ژن دەست لە مێبوونی خۆی هەڵبگرێت و وەک پیاو ڕەوتار بکات ، یان مافی پیاو زەوت بکات. ژندۆست باسی ئەوە دەکات کە نەوال سەعداوی ویستی خۆی بۆ سەرۆکی میسر کاندید بکات، موفتیی میسر نەدەبوو (بە پاساوی ئەوەی لە شەرعدا جائیز نییە، ژن ببێتە ئیمامی مەزن،) ئەو مافەی لێ زەوت بکات! ژندۆست دەیەوێت یاسا وەک دوو ئینسان سەیری ژن و پیاو بکات، بە چاوپۆشین لە جیاوازییە بایۆلۆگییەکانی نێوانیان. هیگڵ گوتوویەتی: (خراپترین شت کە لە سیاسەتدا بقەومێت، ئەوەیە: ژنان کە نە عەقڵ دەناسن و نە دەزانن عەقڵانیبوون چییە، لە بواری سیاسەتدا کار بکەن.) یەکسانی ئەوەیە، دەرگەی کاری سیاسی وەک چۆن بە ڕووی پیاودا کراوەیە، بە ڕووی ژنیشدا واز بێت و ژنیش وەک پیاو هاووڵاتی بێت، نەك ڕەعیەت.

کۆمەڵگەی چینایەتیی بابسالار، وەک بوونەوەرێکی لاواز کە سۆز دەیبزوێنێت نەک عەقڵ، سەرنجی ژن دەدات. ئیسلامیی توندڕۆ، ژن تەنیا هەر بە کەمعەقڵ لە قەڵەم نادات، بەڵکوو لە

بواری ئایینیشدا هەر بە نوقسانی دەزانێت و دەیباتەوە سەر ئەوەی، سروشت یان دروستتر خودا، ژنی بەو خەسڵەتانەوە خوڵقاندووە و هیچ هەڵەی کۆمەڵی تێدا نییە کە پایەی ژن لە هیی پیاو نزمترە. بابسالاران زوو زوو فوو بەو زوڕنایەدا دەکەن کە سیاسەت، ئیشی پیاوە، نەک ژن، ئافرەتێکیش خەریکی سیاسەت بێت، پێی دەڵێن: مێبوونی خۆی لە دەست داوە و لە پیاو دەچێت. ئەمەیش پێشێلکردنی جاڕی جیهانیی مافی مرۆڤە کە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت، ئەو خەڵکە هەمووی بە چاوپۆشین لەوەی نێرن یان مێ، شکۆمەندی و مافیان پارێزراو بێت و جیاکاری لە نێوانیاندا نەکرێت.

ڕەشەبای ئەو (ڕابوون)ە ئیسلامییە سەلەفی و توندڕۆیەی خۆرهەڵاتی ناوینی گرتووەتەوە، سەرلەنوێ لێکدانەوە پواوەکان و بیروباوەڕە کۆنەخواز و سەردەم بەسەرچووەکانی بووژاندووەتەوە. ئیسلامی سیاسی وەک باڵێکی بەهێزی بۆرژووای گەورە، لە گەلێک وڵاتی ناوچەکەدا، لە هەوڵی ئەوەدایە، جێ بە باڵە (شارستانی)یەکەی بۆرژووا لێژ بکات و دەوڵەتێکی دینی دابمەزرێنێت، کە لە سایەیدا، ژنان و خەڵکانی سەر بە ئایینەکانی دیکەی غەیری ئیسلام، بە هاووڵاتیی پلە دوو، هەژمار دەکرێن. کە ئیسلامی سیاسی دەسەڵات دەگرێتە دەست، ئیدی ژن دەبێتەوە بە عەورەت و وروووژێنەری ئارەزوو، دەبێتەوە بە دەرگەی شەیتان و فیتنەیەک کە لەسەر دوو پێ دەڕوات، بۆیە هەر زوو، دەبێت لەودیو حیجاب و نیقاب و دەرگە داخراوەکانەوە، بزر و زیندانی بکرێت.

ئەوە حەوا بوو، ئادەمی فریو دا، سێوەکە بخوات و لە بەهەشت بە دەرکردنی دا، کەواتە ژن، سیمبۆڵی فریودانە، ئەوەشی کە ژن، مانگانە خوێنی لەبەر دەڕوا، هەندێک ئەفسانە بە نەفرەتی خودای لێک دەدەنەوە، نەفرەتێک کە بەر ئەوانەیش دەکەوێت، لە کاتی خوێن لەبەر ڕۆیشتندا، دەستیان بەر ژن دەکەوێت. بە گوێرەی ئایینی سۆمەرییەکان، لە هەندێک حاڵەتدا، مێرد مافی ئەوەی هەبووە، ژنەکەی بکوژێت، یان بیفرۆشێت و قەرزی پێ بداتەوە. سەرنجی داستان و ئەفسانە، حەکایەت و بەسەرهات، پەندی پێشینیان و قسەی نەستەق بدەن، تیری بەشێکی زۆریان، شکۆمەندیی ژنانی کردووە بە نیشانە. ئەوەندە گوتراوە و گوتراوەتەوە، کە ژن کەمعەقڵ و کەمدینە، ئەو وەهمە لە زەینی بەشێکی زۆر لە ژنانیشدا، وەها جێگیر بووە، متمانەیەن بە خۆیان نەماوە.

ژن کە بڕوای بەوە کرد، کەمعەقڵ و کەمدینە، ئەوانەشی پێ ئاسایی دەبێت، لە میراتدا نیوەی بکەوێت و لە شایەتیشدا بە نیو پیاو بچێت. تەنانەت لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەیشدا، کە ژنان بەڕێوەیان دەبەن، لەو بەرنامانەیشدا، ژنان لە تیڤییەکانەوە پێشکەشیان دەکەن، ئافرەت هەر بایەخ بە ڕووکار دەدات و کرۆک پشتگوێ دەخات، ئافرەت هەر سەرقاڵی خۆ جوانکردنە، بۆ ئەوەی سەرنجی پیاو ڕابکێشێت. تەنانەت لەو چیرۆکانەیشدا ژنان دەیاننووسن، ئەوە نەبوونییە، ژن بۆ کار هان دەدات، ژنێک نمایش ناکرێت، بایەخی ڕاستەقینەی ڕۆڵی کار، لە گەشەکردنی ئینساندا بزانێت.

ئەوە بەشێکە لە کولتووری بابسالاری، وای کردووە، کار لای ژن ئەو بایەخەی نەبێت کە لای پیاو هەیەتی. بابسالاری ژن ناچار دەکات، بە پلەی یەکەم، شووکردن جێی بایەخی بێت و ئەگەر کاریش بکات، هەر بۆ هەمان مەبەست بیخاتە گەڕ. لە عەرەبستانی سعوودی، (شێخ بن باز)ی موفتی، دەیگوت: (کارکردنی ژنان، جۆرێکە لە زینا) و تەنانەت دژی ئەوەیش بوو، ژن بچێتە بەر خوێندن. هەر ئەو موفتییە، کە بە توندی لە دژی ئەوەبوو، ژن سەیارە لێ بخوڕێت، پێ دەچێت لەوە بێ ئاگا بووبێت، ژنانی گوند لە وڵاتانی ئیسلامیدا، شانبەشانی پیاوان لە کێڵگەدا کار دەکەن. لە میسریش ئیسلامییە فەندەمەنتالیستەکان دەیانگوت: ژن ئەگەر بچێت بۆ کار: ١) منداڵەکانی بەرەڵای کۆڵان و شەقام دەبن و بەدڕەوشت دەردەچن. ٢) لە ڕێگەی کار، ئارەزووی لاوان دەورووژێنێت و فیتنە دەنێتەوە. ٣) دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری لەناو پیاواندا. ٤) فێر دەبێت داوای ماف، تا بە مافی عیسمەیش دەگات، بکات. کە سەروەختی شەڕی ناوخۆ، ژنان هاتبوونە بەردەم پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و هاواریان کردبوو: ئاشتی، ئاشتی، پەرلەمانتارێکی بابسالار گوتبووی: (جاران ژن هەر لنگی هەڵدەبڕی، هەنووکە دەنگیش هەڵدەبڕێت!)

وەک چۆن سینەمای ئەمریکایی دەیویست، پیاوی سپیمان وەک فەریادڕەس و هیندییە سوورەکانمان وەک دڕندە پێ بناسێنێت، بە مەرجێک دڕندە، ئەو پێستسپییە بوو، هیندییە سوورەکانی دەکوشت و خاکی داگیر دەکردن، پیاویش هەوڵی بۆ ئەوە داوە،

وێنەی بوونەوەرێکی نزم و کەمعەقڵ و لاواز بۆ ژن بکێشێت، کە هەمیشە پێویستی بە توانای پیاو بێت، پیاوی باڵا و عاقڵ و بەهێز! مەحموود دەرویش دەڵێت: (مەغۆل دەیانەوێت وا بین، وەک خۆیان بۆمان دەخوازن.) بابسالاریش دەیەوێت، ژن وەها بێت، وەک پیاو دەخوازێت.(*)

2012.06.19

(*) فريدة النقاش، حدائق النساء، في نقد الأصولية، دار المدى ٢٠١٢ بغداد.

# ژن لە دوورگەی پیرۆزدا
# ژن لە کن عەرەب

زمان هەر بۆ ئەوە پێویست نییە، مەبەستەکانی خۆمانی پێ دەرببڕین، بۆ ئەوەیش پێویستە هەبوونی خۆمانی لە کۆمەڵدا پێ بسەلمێنین و دەربڕی ڕەوتار و چۆنیەتی بیرکردنەوەیشمانە. زمان کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، یەکێکە لە پێکهێنەرە هەرە گرنگەکانی کولتوور. ئەوە زمانە ڕاستگۆیانە، مێژووی میللەتان تۆمار دەکات، ئەگەر میللەتێک لە ڕووی شارستانییەوە دواکەوتوو بێت، دەربڕینەکانی، زبر، وشکوبرینگ و ڕەقن، نەک ناسک و پاراو. زمانی میللەتی وا، ڕاستەوخۆیانە و بێ پەردە، باس لە شتە ڕووهەڵماڵراوەکانیش دەکات، بە پێچەوانەی زمانی گەلی پێشکەوتووەوە کە بە ڕەمز و هێما باس لە ڕسوایی و شتە ناشیرینەکان دەکات.

جوگرافیا، کاریگەریەتییەکی زۆری لەسەر زمان هەیە، تا ژینگەی جوگرافیایی، سەختتر، ڕووگرژتر و وشکتر بێت، زمان زبرتر دەبێت. میللەتێک لە زانستەوە دوور بێت و خەڵکەکەی نەخوێندەوار بن، ئاستی شارستانیشیان نزم دەبێت. دەڵێن ئەو وەختەی کە ئیسلام سەری هەڵدا، لەناو قورەیشدا، تەنیا حەڤدە کەس هەبوون، توانای نووسینیان هەبێت. عەرەبە کۆچەرییەکان کە لە بیاباندا و لەگەڵ حوشتردا، دوور لە شار و گوند و بێ ئەوەی کشتوکاڵ بناسن، ژیانیان بە ڕێ دەکرد، لە ڕووی

شارستانییەوە، سەرەتایی بوون، بۆیە زمانیان کە زادەی ژیانیان بوو، دەربڕی ئەو شارستانییە سەرەتاییە بوو.

لە ڕێی ئەوەوە، کەسێک چۆن زمان دەخاتە گەڕ، دەتوانین فیکر و ڕەوتاری بناسین، بە هەست و ویژدانی ئاشنا ببین و پەی بە دابونەریتی ببەین و بزانین سەر بە کام کولتوور و شارستانییە، ئەوە بۆیە جیاکردنەوەی زمان لە شارستانی، شتێکە وەک مەحاڵ. ئەوە ئاساییە بۆ کەسێک کە لە بیاباندا، ژیان بەسەر ببات، زمانی خاڵی بێت لە دەربڕینی نوێ و تەنیا ڕەنگدانەوەی ژینگە دواکەوتووەکەی خۆی بێت. ئەوە زمانە شایەتی لەسەر ئەوە دەدات، فلان میللەت چەند لە زانستەوە نزیکە و چەند عەقلی بەگەڕ خستووە. زمانی عەرەبی بە پێوەست بە حوشترەوە، هێندە دەوڵەمەندە، نەک هەر هەموو ئەندامێکی ئەو ئاژەڵە ناوی هەیە، بەڵکوو بەشە هەر وردەکانی هەر ئەندامێکیشی ناویان هەیە. لە بارەی بیابان و باران و هەر شتێکی تر کە پێوەندیی بە ژیانیانەوە هەبووبێت، زمانی عەرەب زۆر زەنگینە.

زمان وا بە قووڵی دەکەوێتە بن کاریگەریەتیی ژینگەی سەختەوە، بە ئاسانی هەست بەو زبری و وشکوبرینگییەی دەکەین کە زادەی ئەو دەوروبەرە دژوارەیە. ئەو زبرییە تەنانەت بەو دەربڕینانەیشەوە دیار دەبێت، کە تایبەتن بە پێوەندەیی سۆزداریی نێوان ژن و پیاو، هەرچەندە دەبوو زمان لەو بوارەدا ناسک و نیان بێت. چونکە لەو بیابانە وشکوبرینگەدا، هیچی دیکەی شک نەبردووە، چێژێکی لێ ببینێت، یان فیکری سەرقاڵ

بکات، ئەوە بۆیە سێکس دنیای عەرەبی داگیر کردووە و تاکە بوار بووە کە خۆشییەکی پێ بەخشی بێت. لە کاتێکدا گەلانی خاوەن شارستانیی بەرز، ژنان بە جوانترین ناوەوە بانگ دەکەن و شیرینترین سیفەتیان دەدەنە پاڵ، عەرەب کام ناو دزێوە، لە ژنی دەنێت و کام ئاوەڵناو قێزەونە، دەیداتە پاڵی، ئەمەیش هەر زادەی ئەو سروشتە سەختەیە کە تێیدا گەورە دەبن.

مەبەست لەم نووسینە، تەنیا هەوڵدانێکە بۆ نووسینەوەی دیرۆکی پڕ لە چەوساندنەوەی ژن، ئەگەر نا ڕێزێکی زۆرم بۆ هەموو گەلان، بە گەلی عەرەبیشەوە هەیە و هەرگیز نزم سەرنجی میللەتێکم نەداوە و نادەم. عەرەبی کۆچەری، حەزی لە ژنێک بوو، سمتی هێندە بڵند بێت، گەر ئاو بە پشتیدا هاتبا خوارەوە، بەشی دواوەی ڕانی تەڕ نەبووایە، مەمکیشی هێندە گەورە و بەرز بووایە، تەنگی بە کراس هەڵچنیبا، عەرەب ژنی وای کە هەنووکە لە کاریکاتێری ژن دەچێت، بۆیە لا پەسەند بوو، چونکە چێژی تەواوی لێ وەردەگرت. لە شیعری (عومەر بن ئەبی ڕەبیعە)دا، بۆ ژنی وا بگەڕێین، نائومێد نابین.

ئەوانەی بە عەرەبی قسەیان دەکرد، لەگەڵ حوشتر و ئەسپدا دەژیان و بۆ دابینکردنی بژێوی، پشتیان بەو دوو ئاژەڵە دەبەست، بۆیە لە هەمان ئەو گۆشەنیگایەوەی بۆ حوشتر و ئەسپیان دەڕوانی، سەرنجی ژنیشیان دەدا. وەک چۆن حوشتری قەڵەویان لە کن پەسەند بوو، هەروایش، ژنی گۆشتن، سەرنجی ڕادەکێشان. وەک چۆن ئەسپی سمت و کەفەڵ گەورەیان پێ باش بوو،

هەروایش، ژنێک جێی بایەخیان بوو، پاشەڵێکی گەورە و بڵندی هەبووایە. بە ژنی پاشەڵگەورەیان دەگوت: پاشەڵگران، یان بارقورس. ژنی نموونەیی لای عەرەب، ژنێک بوو، هەم مەمکی بەرز و گەورە بێت، بە جۆرێک کراسدڕ بێت، هەم کەفەڵی هێندە قورس و گەورە بێت، بڵند بووبێتەوە، بەو چەشنە ژنەیان دەگوت: لە پێش و پاشەوە، هێرش دەهێنێت. یان پێیان دەگوت: هەم (ڕەزیع) تێر دەکات و هەم (زەجیع) گەرم دەکاتەوە. ڕەزیع، کۆرپەیە و زەجیع، ئەو پیاوە لەگەڵ ژندا جووت دەبێت.

لە نێوان (عوربان) و (بوعران)دا، تەنیا وەک ڕیزبەندیی حەرفەکان دەڵێم، جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە، خەلیل عەبدولکەریم کە باسکارێکی ناوداری عەرەبە دەڵێت: (بەعیر کە تۆزێک هەڵگێڕ و داگێڕی بکەیت، دەبێتەوە بە عەرەب، نێرەکەی هەزار ناو و مێیەکەی دووسەد و پەنجاوپێنج ناوی هەیە.) ئەوە لەو لای مەحاڵیشەویە، لە زمانێکی دیکەدا، بۆ هەمان مانا، هەزار گوتە هەبێت. سامەکانی باکووری سوێد کە تەنیا بزنەکێوی (ڕێن) بەخێو دەکەن، ڕەنگە هەر ناوێکیشیان لەو ئاژەڵە نابێت. پەروەردەکردنی حوشتر هەر دیاردەیەکی ئابووری نییە، کۆمەڵایەتیشە، ئەوە ژینگەی جوگرافیاییە، حوشتری بەسەر عەرەبدا سەپاندووە، ئاخر بێ حوشتر، نە لەو بیابانەدا هەڵیان دەکرد، نە توانای سەفەرێکیان دەبوو. شیری حوشتر نەبووایە، بە چی ژیابان و بە چی تینوویەتی خۆیان شکاندبا؟ عەرەبی حوشتردار، هێندە هۆگر و وابەستەی ئەو ئاژەڵەن، هەرچی خەسڵەتێکی تێدایە، دەیدەنە پاڵ ژنیش.

عەسوود کە حوشتری قەڵەوە، بە ژنی قەڵەویش هەمان شت دەڵێن. قەیدوود کە حوشترێکی پشتدرێژە، بە کەنیزەکی جوانیش وا دەڵێن. بە ژنی کەتە و حوشتری زەلام، دەڵێن: دەحووح. قەرتاس، هەم حوشترێکی جحێڵە و هەم کەنیزەکێکی سپیپێستی باڵابەرز. عەندەل، هەم حوشترێکی سەرزلە و هەم ژنێکی مەمکگەورە. مەری، هەم حوشترێکە شیر زۆر بدات، هەم ژنێکە سپیوسۆڵ. زەباء، هەم حوشترێکە کورکی چڕ و زۆر بێت، هەم ژنێکی برۆ گەورەیە. ئەجزەل، هەم حوشترێکی (سنام) گەورەیە، هەم ژنێکی پاشەڵزل. مەغار، هەم حوشترێکی کەمشیرە، هەم کیژۆڵەیەکی کەمئەزموون. عوللاق، هەم حوشترێکە، بایەخ بە غەیری بەچکەی خۆی بدات، هەم ژنێکە شیر بداتە منداڵی ژنانی دیکە. عەجباء، هەم حوشترێکی پاشەڵناشیرینە و هەم ژنێکی ئێسکقورس. بیکر، هەم حوشترێکە تاقە جارێک دووگیان بووبێت، هەم کەنیزەکێکی پاکیزە.

ئەو نموونانە کە مشتێکن لە خەروارێک، بەڵگەن بۆ ئەوەی حوشتر بە گشتی و مێحوشتر بە تایبەتی، چۆن ویژدان و خەیاڵ و فیکری عەرەبی داگیر کردووە، چۆن هەست و خولیا و ئارەزووەکانی بە تالان بردووە، بەڵگەن بۆ ئەوەی پیاوی عەرەب چ کاریگەرییەتییەکی بەهێزی حوشتری لەسەرە، ئەوە بۆیە کە ئاوڕ لە ژن دەداتەوە، لەگەڵ حوشتردا بەراوردی دەکات و وەک چۆن کە سەرنجی حوشتر دەدات، تەنیا جەستەی دەبینێت، بۆ ژنیش هەمان تێڕوانینی هەیە و قەت بیر لە لایەنە مەعنەوییەکانی ژن ناکاتەوە.

وەک خەلیل عەبدولکەریم باسی کردووە، (حوشتر و عەرەب، لە گەلێک لایەنەوە لە یەکدی دەچن و زۆر شتی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە. عەرەبیش وەک حوشتر، نموونەی ئارامگرتن و خۆڕاگرییە، بە تایبەتی لە کەشوهەوای سووتێنەری بیاباندا. عەرەبیش وەک حوشتر بەرگەی تینوویەتی و برسیەتی دەگرێت و هەر وەکوو حوشتریش کە بیورووژێنێت، زۆر خراپ هەڵدەچێت و کە تووڕە بوو، سنوور ناناسێت. عەرەبیش وەک حوشتر، لە کاتی ناچاریدا، چەندان ڕۆژ بە کەمێک خواردن هەڵدەکات و وەک چۆن حوشتر، تووشی هەر ڕووەکێک بێت، دەیخوات، عەرەبیش گەلێک گیانلەبەری وەک کوللە و قالۆنچە و سیسرک دەخوات کە میللەتانی دیکە، توانای ئەوەیان نییە، بیانخۆن. عەرەبیش وەک حوشتر بەرگەی غەریبی ناگرێت و تامەزرۆییەکی زۆری بۆ زێدی خۆی هەیە. عەرەب و حوشتر هێندە لە یەک دەچن، هەر دەڵێی دوو ڕووی یەک دراون، ڕوویەکی ئینسانی کە یەعروبییە و یەکێکی حەیوانی کە بەعیرە.)

بە عەرەبی بە ماین دەڵێن: (فەرسە) کە زۆر نزیکە لە فەریسەوە و فەریسەیش بە مانای نێچیر دێت، ئاخر پیاوی عەرەب هەمیشە وەک ڕاوچییەک، بۆ ژنی نێچیر لە بۆسەدایە، ئاخر فەریسە بە مانای کەنیزەکیش دێت. بۆیە بە ئەسپ دەڵێن: خەیل، چونکە بەشکۆیە و بە خۆیەوە دەنازێت، ژنێکیش بە جوانیی خۆی سەرسام بێت و فیز لێ بدات، شتێکی نزیک لەوەی پێ دەڵێن. فارس کە سوارچاکە، وەختێ بەسەر (حصان)ەوە بێت، دەستی

کەسی پێ ناگات و دوژمن زەفەری پێ نابات، ئاخر حیسان، قەڵایە و دەیپارێت. ئەوە نییە (المحصنات) کە لە ئایەتی پێنجی سوورەتی مائیدەدا هاتووە، ئەو ژنە ئازادانەن کە پیاوەکانیان دەیانپارێزن. حصان ئەسپە، بەڵام إحصان، هاوسەرگیرییە.

لای عەرەب لە دوای حوشتر، ئەسپ دێت، ئاخر حوشتر لە ئەسپ زیاتر بە کەڵکی عەرەب هاتووە، زمانی عەرەبی هێندەی کاریگەریەتیی حوشتری لەسەرە، نیو هێندە هی ئەسپی لەسەر نییە، بەڵام عەرەب پێی وایە، جوانترین وڵاخ بۆ سواری، ئەسپە و کە لە خەودا ئەسپ ببینێت، گەشبین دەبێت، چونکە وای لێک دەداتەوە، ئیدی هەم فەڕی بە سەردا دەڕژێت و هەم بەسەر دوژمنیشدا زاڵ دەبێت. عەرەب هەرچەندە دەستی دەچووە خەساندنی ئاژەڵ، بەڵام بە دەگمەن ئەسپی دەخەساند، ئیللا مەگەر بۆ ئەوەی وەختی تاڵانی و پەلامار نەحیلێنێت و دوژمن بە ئاگا نەهێنێتەوە، ئاخر ئەسپی خەسێندراو ناحیلێنێت.

ئەسپ لای عەرەب هێندە هێژایە، وەک چۆن درەخت بۆ ڕەچەڵەکی ئینسان چێ دەکرا، ئەسپیش درەختی ڕەچەڵەکی هەبوو. ئاخر عەرەب پێی وایە، دوای ئینسان، ئەسپ وەک سیما، جوانترین زیندەوەرە و وەک جەستەیش، هارمۆنییەکی دەگمەن لە نێوان ئەندامەکانی لەشیدا هەیە. ئەمە وێڕای ئەوانەی ئەسپ، وڵاخێکی زیرەک، خێرا، ڕەوتارجوان و گوێڕایەڵی سوارە. ئەسپ تاقە وڵاخە، بە (سوار)ەوە، نە هەڵدەمیزێت و نە ... عەرەب هەمان ئەو سیفەتانەی وەپاڵ چاوی ئەسپی داون، وەک ناو بۆ ژنیش بە

کاری هێناون، لەوانە: نەجلاء کە بە مانای چاوی گەورە دێت و کەحلاء: کە بە واتای چاوڕەش دێت. عەرەب پێیان وا بووە، چاوی شین، ئیدی هی ئەسپ بێت یان ژن، شوومە.

عەرەب وەک چۆن ئەسپی لەڕی پێ باش نەبووە، چونکە لە غاردانددا سوار نائومێد دەکات، هەر وایش ژنی لاوازی پەسەند نەکردووە، چونکە سەروەختی پێکگەییشتن، چێژی تەواو بە پیاو نابەخشێت. عەرەب بۆ ئەسپی کویێت و ژنی کوڵمسوور، هەمان وشەی بەکار هێناوە. هەیفاء، هەم ماینە و هەم ژنە، ئەگەر ناوقەدیان باریک بێت. ئەگەر لووت، سووکەخوارییەکی تێدا بووبێت، ئەوە بە لای عەرەبی کۆچەرییەوە، جوان بووە، بەو ئەسپ و ژنە کەپوولارانەیان گوتووە: قەنواء. بە ئەسپی ئێسکسووکیان گوتووە: ناهید، ئەو وشەیە کە نەهدەوە هاتووە، بۆ ژن بە مانای مەمکی قوت و گەورە دێت. بە ئەسپی درێژی باریکەڵە و ژنی باڵابەرزی لاوازیان گوتووە: مەقاء.

عەرەب ئەو ئەسپەی پەسەند کردووە، کە ڕان و سمت و کەفەڵی گۆشتن بووبێت، ئەسپێک پشتقایم، بەهێز، چاوڕەش و برۆتەنک بووبێت، پیاوی عەرەب بۆ ژنیش هەمان ئەو سیفەتانەی خواستووە و حەزی کردووە، ژنەکەیشی وەکوو ماینەکەی بووبێت. خەڵکانێک هەن بڕوایان بە دۆنادۆن هەیە، دۆنادۆن بە مانای (تناسخ الأرواح) دێت کە دەکاتە ئەوەی، ئینسان کە مرد، ڕۆحی دەچێتە جەستەی ئینسانێک یان زیندەوەرێکی دیکەوە. پێ دەچێت عەرەب بڕوای بە (تناسخ الأجساد) هەبووبێت، ئەوە نییە حەزی کردووە

لەشی ژنەکەی لە لەشی حوشترەکەی یان ماینەکەی چووبێت! ژنە عەرەب هەستی بەوە کردووە، بۆیە هەوڵی داوە، هەندێک شوێنی لەشی لە هی حوشتر و هەندێک جێی دیکەی، لە هی ماین بچێت.

ژنەعەرەب ئەگەر سمتی لاواز و مەمکی بچووک بووایە، هەوڵی دەدا گۆشتن و گەورە بنوێنن و ئەگەر چاوی ڕەش نەبووایە، هانای بۆ کل دەبرد. ئەگەر برۆی ئەستوور بووایە، ئەوەیان ئاسانبوو، تەنک و باریکی بکات. ئەوەی ژن هەوڵ بدات لە حوشتر یان ماین بچێت، شتێکی تایبەتە بە ژنی عەرەب، ئاخر غەیری عەرەب، ڕەنگە پیاو نەبووبێت، ژنێک پەسەند بکات، ئەندامەکانی لەشی لە هی حوشتر یان ماین بچن. کە پیاوی عەرەب، خاوەنی ئەو زەوقە بووە، ئەوە زادەی ژینگەی دژوار و بێبەشبوون بووە لە شارستانی.

ژنە عەرەب لە ماینەوە فێر بووە، ملوانکە لە گەردن بکات، پاوانەیش بۆیە لە پێ دەکات، چونکە پیاوی عەرەب، ماینێکی لا جوانە، مەچەک و قولەپێی سپی بێت. عەرەب بەو شوێنە سپییەی مەچەک و قولەپێی ماین دەڵێن: حجل، بۆ پاوانەیش هەمان وشە بەکار دەهێنن. ئەگەر ماینێک تاقە جوانوویەکی بوو بێت، ئیدی لە سکوزا چووبێتەوە، (عەوان)ی پێ دەڵێن، ئەگەر ژنێکیش تەڵاق درابێت، یان مێردمردوو بێت، هەر عەوانی پێ دەڵێن. ئەگەر ئەسپێک لە سوارەکەی یاخی ببێت، (سەرکێش)ی پێ دەڵێن، هەمان شت بە ژنێکیش دەڵێن، ماڵی مێرد جێ بهێڵێت و بۆ ماڵە

باوانی بگەڕێتەوە. عەرەب هەمان وشە بۆ ماینێک کلکی درێژ بێت و بۆ ژنێک داوێنی کراسەکەی شۆڕ بێت، بەکار دەهێنن.

عەرەب ئەو ژنەی پێ باش بوو کە لە لە بەرانبەر پیاوەکەیدا، چاوشۆڕ و ملکەچ بووایە، بۆیە هەمان سیفەتی دەدایە پاڵ ژنی زەلیل و ئەسپێک لە ئەنجامی غاردانلدا ماندوو بووایە. هەمان سیفەتیشی دەدایە پاڵ ئەسپێکی سنووربەزێن و ژنێکی چاو لە دەرەوە بوو. عەرەب بە ئەسپێک لە دەست خاوەنەکەی هەڵاتبا و بە ژنێکیش شووی بە پیاوی غەیری خێڵەکەی خۆی کردبا، هەمان شتی دەگوت. زەیل، هەم کلکی ئەسپ بوو، هەم ئەو بەشەی کراسی ژنیش کە لە ئەرز دەخشا، بەڵام قەت بە پیاویان نەدەگوت: کلکدار، با پۆشاکی لە زەوینیش خشابا. بۆچی؟ چونکە ماین و ژن، هەردووکیان موڵکی پیاو بوون.

لای عەرەب، پیاو هەر لە ژن عاقڵتر و باڵاتر و بەهێزتر نەبوو، ئابڕوومەندتریش بوو، ئاخر قسەیەکی (نەستەق)ی بەناوبانگ، یان دروستتر، بەدناویان هەیە، دەڵێت: (پیاو لە ژن بەشەرەفترە.) زمانی عەرەبی هەر لەژێر کاریگەریەتیی حوشتر و ئەسپدا نەبوو، بەڵکوو سروشت (بە دەنگدار و بێدەنگییەوە، بە جێگیر و بزۆزییەوە، بە فڕندە و خشۆکییەوە،) جێپەنجەی خۆی بە سەرییەوە جێ هێشتبوو. قسەی نەستەقی عەرەب بە گشتی، ئیدی بۆ ستایش بووایە یان سەرزەنشت، پشتی بە ئاژەڵ دەبەست، بۆیە ئەوە ئاسایی بوو، ئەو کاریگەرییەتییە بۆ لای ئافرەتیش بپەڕێتەوە.

ژینگـەی عـەرەب، چونکـە وشـک و سـەخت بـوو، ئـەوە شـتێکی چـاوەڕێکراو بـوو، زمانێـک بڕسـکێت، تـا بڵێیـت، زبـر و ڕەقوتـەق. عـەرەب بۆ ڕەشـەبایەکی بێزارکـەر کـە ماوەیـەکی درێـژ لـە هـەمان لاوە هـەڵی کردبـا، (خـەرقاء)یان بـەکار دەهێنـا، هـەمان وشـەیان دەدایـە پـاڵ ژنێـک کـە نەیدەتوانی کاروبـاری خۆی بـەڕێوە ببـات. (هەقەبلـەس) کـە وشـەیەکە گـوتنی سـەختە، بـە مانـای ئەسـپێی گچکـە دێـت، هـەمان شـتیان بـە ژنێکـیش دەگـوت کـە زل و کەتـە بووایـە. غەیلـەم، هـەم کانییـەکی زۆرئـاوە، هـەم ژنێکـی جـوان. هــەیفاء، هــەم هــەورێکی تەنکــە، هــەم ژنێکــی ناوقــەدباریک. ضـەهیاء، هـەم درەختێکـی دڕکاوییـە، هـەم ژنێکـی (بـێ مـەمک.) خـەدماء، هەم مەڕێکی مەچەک و قولـەپێ سپییە، هـەم ژنێکـی پـێ بە خڕخـاڵ. فەزراء کە پڵنگی مێیە، بـە ژنێکی گۆشتنیشـان هـەر وا دەگوت. عـەرەب بـۆ ژنێکـی پـانوپۆڕ و هەڵکێشـانی شمشێر، هـەمان شـتیان دەڵـێن و بـۆ ژنـی سیمای سـپی و درەوشـاوە و بـۆ هـەڵاتنی خۆریش هەمان وشە دەبێژن.

عـەرەب بـۆ ملـی فیـل و ژنـی کورتـەباڵا، هـەمان وشـەیان بـەکار دەهێنا و بۆ کۆتر و ژنـی جوانیش هەمان شتیان دەگوت. بـۆ چاڵێـک ئـاوی تێـدا کـۆ ببووایەتـەوە و بـۆ ژنێـک چـاوی بـە کـل نەڕشـتبا، هــەمان شــتیان دەگــوت. یــەغلوول، ئــەو بارانــە بــوو کــە بــە دوای بارانـدا دەهـات، ژنێکیشـیان پـێ چـاک بووایـە، هـەر وایـان پـێ دەگـوت. هــەمان وشــە بــە مانــای، ئــاگرێکی گڕبــەرز و ژنێکــی قژدرێژیش دەهات. بۆ ساڵی (بـەفەڕ) و ژنـی بڕۆپڕی تـووکن، هـەمان وشـەیان بـەکار دەهێنـا. لـە ڕوانگـەی عەرەبـەوە، بڕۆپڕیـی ژن،

نیشانەی کەموکووڕی بوو لە مێبوونیدا، بۆیە ژنان برۆیان باریک دەکـــردەوە و مـــووی ڕووخســـار و جەستەیشـــیان هەڵـــدەگرت. دەوروبەری گوانی حوشتر هەندێک ڕەش بوو، بۆیە چونکە نموونەی بالآیان حوشتر بوو، عەرەب ئەوەیان پێ جوان بوو، دەوری گۆی مەمکی ژنیش مەیلە و ڕەش بێت.

سوئرە، هەم ئەو چۆرە ئاوەیە لە بنی ئەو دەفرەدا دەمێنێتەوە کە هەڵۆ ئاوی لێ دەخواتەوە، هەم ئەو ژنە تەمەنهەڵکشاوەیشە کە هێشتا تینوویەتیی پیاو دەشکێنێت. موسڵمانان کە وڵاتێکیان فەتح دەکرد، مافی ئەوەیان بە خۆیان دابوو، ژن و کچی ئەو وڵاتە بە دیل بگرن و لەگەڵ خۆیاندا بیانهێننەوە و چێژیان لێ ببینن، بەو کچە پاکیزە و ژنە بە دیلگیراوانەیان دەگوت: سەبایا. سەبی بە مانای ئەو شتەیش دەهات کە لافاو دەیهێنا. خەلیل عەبدولکەریم پێی وایە، (هۆکاری سەرەکیی بڵاوبوونەوەی ئیسلام، بە تالآنی هێنانەوەی سەبایا بوو.ل ١٣٩)

بەخاق، هەم نێری گورگ بوو، هەم ژنی چاوکز و نابینا. عەرەب وەک د. تەها حوسێن دەڵێت: (بە عەقڵ و سۆز نا، تەنیا بە هەست حەزیان لە ژن دەکرد، ئەوە بۆیە وەك عومەر بن ئەبی ڕەبیعە، شەیدای ژنی سمتزل دەبوون، ئەوە لای وان لوتکەی جوانی بوو، ژن سمت و کەفەڵ و ڕانەکانی زل و گوشتن بن. ژنێک لای وان شاژنی جوانی بوو، مەمکە گەورەکانی لە پێشەوە، کراسە ئاودامانەکەی لە ئاستی سنگی بەرز بکەنەوە و لە دواوەیش، خاوەنی بارێک لە سمت و کەفەڵ بێت کە دیسان هەر کراسەکەی بڵند بکەنەوە. لە

وەسفی ژندا، عەرەب ئاوڕی لە لایەنە مەعنەوییەکانی مێ نەدەدایەوە و خەیاڵی هەر لای ئەو لایەنانەی ژن بوو کە بە دەست هەستی پێ دەکردن.

لای عەرەب، ژنیش وەک مەڕ و حوشتر و ئەسپ، هەر بە موڵک هەژمار دەکرا، گەر پیاوێک ژنێکی مارە کردبا، ئیدی دەبووە موڵکی و پیاوە چۆنی خواستبا، وای هەڵسوکەوت لەگەڵدا دەکرد، ئەمەیش لە کۆمەڵی بابسالاریدا، شتێکی ئاسایی بوو. ژن کە ستەمی لێ دەکرا و شوێنپێی لاواز بوو، هی ئەوەیش بوو، لە هێرشدا بە مەبەستی تالانی، کە سەرچاوەیەکی گرنگی داهات بوو، بەشداریی نەدەکرد. ژن هەم بەرهەمی نەبوو، هەمیش ئەگەر هێرش کرابایە سەر خێڵ، لە توانایدا نەبوو داکۆکی لە خۆی بکات و کە بە دیلیش دەگیرا، دەبووە مایەی شەرم بۆ پیاوانی خێڵ، بۆیە لە ڕوانگەی عەرەبی کۆچەرییەوە، سووک سەرنجی دەدرا. کە عەرەب لای وا بووبێت، ژن نەک هەر بەرهەمهێن و شەڕکەر نییە، بەڵکوو سەرچاوەی شەرمیشە، ئیدی پێی ئاسایی بووە، سووک بۆی بڕوانێت.

عەرەب کە لە ژینگەیەکی سەختی دوور لە شارستانیدا ژیاوە، ئەمە وای کردووە، کەسێکی ڕەق و زبر بێت، کەسێک بە زمانێکی قورس و وشکوبرینگ بپەیڤێت و حەزی لە ژنی بەژنزراف، باریکەلە و خنجیلە نەبێت و جەستەی ژنی، وەختێک پێ جوان بێت، پڕ دەست بێت، زل و قەڵەو و هێرشهێن بێت. لە زمانی عەرەبیدا هەمان وشەیان دەگوت بۆ ئەوەی کە کوللە دەیدا بەسەر

ئەرزێکدا، یان کە ژنێک منداڵی زۆری دەخستەوە. سەلغەد کە بە مانای گورگ دێت، ژنێکیشیان پێ گێل بووایە، هەمان شتیان پێ دەگوت. خەلیل عەبدولکەریم پێی وایە: (ئەوەی عەرەبی زمانێکی شاعیرییە، بانگەشەیەکی پووچە، زادەی گرێی خۆ بە کەم زانینە و نە لاوازێک، گۆشتن و نە برسییەک تێر دەکات، بەڵام بەنگێکە عەقڵ دەتەزێنێت.)

عەرەب بە ژنی جوان دەڵێن: کۆتر، بەڵام ژنێک لە سك بچێتەوە، (بۆق)ی پێ دەڵێن. مەخاض، هەم ئامادەبوونی ئاسمانە بۆ داکردنە باران، هەم ژانی پێش منداڵبوونیش. زمانی عەرەبی، ژن بە زەوینێکی نزمایی دەچوێنێت کە پیاو هەر وەختێک خواستی، بارگە و بنەی لێ دەخات، یان بەو خوانە هەمیشە ئامادەکراوەی دەزانێت، هەر کاتێک ویستی نانی لێ دەخوات. واتا: ئەرکی ژن لە بەخشینی چێژ و لە ئامادەکردنی خواردندا چڕ دەکاتەوە. سێبەر لەو بیابانە گەرمەدا، بایەخێکی زۆری هەیە، بۆیە لە ڕوانگەیەکی بابسالارانەوە، گوتوویانە: پیاو دەبێتە سێبەر بۆ ژن. عەرەب سووک سەرنجی ژنی کورتەباڵایان دەدا و گەلێک ناتۆرەیان وە دووی دەخست، یەکێکیان (جەعبەر) بوو، کە بە مانای بنی جام دێت. عەرەبی کۆچەری وەک چۆن پەزەکەی بە (حەڵاڵ)ی خۆی دەزانێت، ژنەکەیشی هەر بە حەڵاڵی خۆی نێوزەد دەکات و هەردووکیان هەر لە خزمەتی خۆیدا دەخاتە گەڕ!

دوا وەزیری ڕاگەیاندنی ڕژێمی سەددام، بە ئەمریکاییەکانی دەگوت: عولووج، عیلج، بە مانای کەری کێویی قەڵەو دێت. سەیر و

سەمەرە ئەوەبوو، عەرەبی دوور لە شارستانی، کە وڵاتێکی خاوەن شارستانیی بەرزی وەک میسر یان (ئێران)ی داگیر دەکرد، بە دانیشتووانەکەی دەگوت: عولووج. عیلجە، بە مانای ژنی دڵڕەق و وشکیش دێت. بە ژنی قسەلەڕووشیان دەگوت: وەک مار بە پیاوەوە دەدات. عەرەب لەبری ئەوەی ڕێز لە ژنی بەتەمەن بگرن، (ئەفنوون،) یان (هەرمەلە)یان پێ دەگوت، کە یەکەمیان بە مانای مار و دووەمیان بە مانای پیرەحوشتر دێت. ژنێکی پیر ئەگەر قەڵەو بووایە، (بەراز)یان پێ دەگوت. نهێنیی ئەوە چییە، عەرەبی کۆچەری، سووک بۆ ژنی پیری دەڕوانی؟ چونکە ئیدی نەک هەر توانای چێژ بە پیاو بەخشین و وەچەخستنەوە و خزمەتکردنی نەمابوو، بەڵکوو پێویستی بەوەیش بوو، خزمەت بکرێت و خۆراک و پۆشاک و نیشتگەیشی بۆ دابین بکرێت.

باخێک کە خاوەنەکەی فەرامۆشی کردبا، (تەریکە)یان پێ دەگوت، هەمان شتیان بە ژنێکیش دەگوت، ئەگەر کەس خوازبێنیی نەکردبا. هەمان شتیان بە مەڕێک شیری نەدابا و بە ژنێک خێریان لێ نەدیبا، دەگوت. ژن ئەگەر ناپاک بووایە، بە (کەر)یان دەزانی، ئەگەر پاک بووایە بە (مەڕ)یان دەزانی، واتا لە هەردوو حاڵەتەکەدا هەر بە ئاژەڵیان دەزانی. هەمان شتیان بە هەورێک، بارانی پێوە نەبووایە و بە ژنێک بۆ ژووان نەهاتبا، دەگوت. صەرصەر، هەم ئەو با سارده بوو کە وەک مار پێستی ئینسانی دەگەست، هەم ئەو ژنەیش بوو، بە زمانی وەک مار بە پیاوییەوە دەدا. زەوییەک هیچی لێ شین نەبووایە، (نەزۆک) یان پێ دەگوت، هەمان شتیان بە ژنێکیش دەگوت، منداڵی نەبووایە. هەمان

وشەیان بۆ خاکی بەپیت و بۆ ژنێکیش مندالّی زۆری خستباوە، بەکار دەهێنا. هەمان گوتەیان بۆ ئەرزێک، سالّێک تۆویان کردبا و سالّێک نا و بۆ ژنێک سالّێک مندالّی ببوایە و سالّێک نا، بەکار دەهێنا. (جەزلە) کە هێشووە خورمایە، بە مانای سمت و کەفەلّی گەورەی ژنیش دەهات.

(فەلەج) ئەو چەمە سازگارەیە، لە نێوان دوو چیادا، ڕێڕەوی خۆی هەلّدەکولّێت، فەلوج، ئەو ژنە جوان و نازەنینەیە، دلّی پیاوان دوولەت دەکات. عەرەب کە لەو بیابانە ترسناک و تاریک و چۆلّوهۆلّەدا، شەوان بۆ (هاودەنگی) ئاگری دەکردەوە، بەو ئاگرەیان دەگوت: موئنیسە، ئەگەر کچێکیش دلّپاک و قسەشیرین بووایە، هەر وایان پێ دەگوت، ئانیسە، لەوەوە هاتووە، بەلاّم (ئەنوس،) بە مانای سەگی دلۆڤان دێت. (ئافل،) هەم بە مانای ئاوابوونی خۆر دێت، هەم بە مانای ژنێکیش دێت، کە شیری وشکی کردبێت. کە ڕووەکێک تازەکی سەری لە بن خاک دەرهێنابێت، (ئانف)ی پێ دەلّێن، کە کەنیزەکێکیش هێشتا کەس لاقەی نەکردبێت، هەر ئانفی پێ دەلّێن، کە بە مانای پاکیزە دێت. عەرەب چونکە بڕوایان بە جادوو هەبوو، کە ژنێکی زێدەجوان عەقلّی لێ زەوت دەکردن، وای بۆ دەچوون، سیحرێک لە چاویدا هەیە کە توانای دیلکردنی پیاوی پێ بەخشیوە. ژنێک کە لە سەروەختی سەرجێییدا، تانە لە توانای پیاو بدات، وەک دووپشک یان زەردەوالّە بێت، (لەسووع)ی پێ دەلّێن.

ئەوە بۆ عەرەب، شتێک بوو وەک مەحالّ، بڕوا بەوە بکات، فیکرێکی دیکە هەیە، بانگەشە بۆ یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا

دەكات، ئاخر فیكری جیا و تازە، پێویستی بە عەقڵ و زمانی تازە هەیە. عەرەب كە گاڵتەی بە ئینسانبوونی ژن دەهات و وەك كۆیلە بۆی دەڕوانی، ئەوەی پێ دژی لۆگیك بوو، كولتوورێك هەبێت، بە یەك چاو سەیری ژن و پیاو بكات. یەكێك لەو بەهایانەی عەرەب درەنگ لە نەتەوەكانی دیكەوە پێی ئاشنابوو، یەكسانی بوو لە نێوان نێر و مێدا.

زمانی عەرەبی لە كولتوورێكەوە هەڵدەقوڵێت كە هێشتا بڕوای بە یەكسانیی نێوان نێر و مێ نییە، زمانێكە لە ناخیدا، ڕێز لە نازی ژن ناگرێت، زمانێكە وەك مەی بۆ ژن دەڕوانێت، ئاخر عەرەب بە مەی سەری گەرم دەكات و بە ژن خۆی گەرم دەكاتەوە، مەی نەشوەی پێ دەبەخشێت و ئافرەت، لەزەت. خەلیل عەبدولكەریم دەبێژێت: (عەرەب، بێجگە لە گەڕان بە دوای ژندا، هیچ چالاكییەكی دیكە نانوێنێت، ئاخر نە خۆی بە وەرزشەوە سەرقاڵ دەكات، نە بە هونەرەوە، ئاخر نە دەخوێنێتەوە، نە حەزی لێیە فێری شتێكی نوێ ببێت.) ئەوە بۆیە لە كولتووری عەرەبدا، پێوەندیی نێوان ژن و پیاو، ڕووبەرێكی بەرینی داگیر كردووە.

حیداد، كە بەربەستێكە لە نێوان دوو شتدا، بە مانای ئەو (ماوە)یەش دێت، كە تێیدا ژنی تازەكی مێرد مردوو، مافی ئەوەی نییە، شوو بكاتەوە. بۆچی بۆ ژن حیداد هەیە و بۆ پیاو، نا؟ بۆچی پیاو دەتوانێت، هەر لەو ڕۆژەدا كە ژنی دەمرێت، ژنێكی دیكە بخوازێت؟ چونكە پیاو، هەم سەروەری ژنە و هەم خاوەنی. ئەوەی

ژن ڕەنگە سکی هەبێت، بۆیە دەبێت چاوەڕێ بکات، بۆ هەنووکە دەست نادات، ئێستا زانست، بە ئاسانی و بە خێرایی، دەتوانێت ئەو گومانە بکات بە یەقین.

عەرەب لە ژینگەیەکی سەختدا تەمەنی بە ڕێ کردووە، ژینگەیەک ئینسانی تووشی خەمۆکی دەکرد. ئاووهەوای بیابان کە بە ڕۆژ بێسنوور گەرمە و بە شەو ئەوپەڕی ساردە، ئینسان تەواو بێزار دەکات. ژیان لە بیاباندا کە بە دەگمەن بارانێکی لێ دەبارێت و بە دەگمەنیش سەوزاییی لێ بەدی دەکرێت، ژیانێکە پڕ بە مانای وشە، دژوار. بیابان لە گیانلەبەری دڕندەیش تەژییە و ئینسان لەوێ، نزیکەی هەمیشە ژیانی لەبەردەم مەترسییەکی ڕاستەقینەدایە. هەر ئەو ژیانە سەختەیشە وای کردووە، بۆ دابینکردنی بژێوی، ڕێگەی پەلاماردانی یەکدی و یەکتر تالانکردن بگرنە بەر و ژیانیان بە شمشێرەکانیانەوە بەند بێت. عەرەب بە هۆی گیرخواردنیانەوە لە دوورگەیەکدا و ئەو دوورەپەرێزییەوە کە تووشی هاتبوون، تیشکی شارستانیشیان پێ نەدەگەییشت، ئەمانەیش هەوێنی ئەو زەبروزەنگە بوون کە بەرانبەر بە ژن دەیاننواند.

عەرەب کە لەگەڵ کۆمەڵێک بەرزەولاخ و ئاژەڵی گەورەی وەک حوشتر و ئەسپ و مانگادا دەژیا، ئیدی ئەوە ئاسایی بوو، ژنی نموونەیی لە کنی، ژنێک بێت، کەڵەگەت و گۆشتن. ئیدی ئەوە ئاسایی بوو، حەزی لە کەنیزەکی (عەنکاء) بێت، کە بە مانای سکێک دێت، لە قەڵەویدا، قەف قەف بووبێت، یان شەیدای ژنی

(جـەعباء) بێـت کـە بـە مانـای فیلەتـەن دێـت، ئەمانـە وێـڕای (کەرشـاء) کـە بـە ژنـی سکگەورەیان دەگـوت. دایـک کـە کوڕەکـەی هەڵدەپەڕاند، بە گۆرانییەوە لـە خودا دەپاڕایەوە کە کـەنیزەکێکی زلحۆرتی پێ ببەخشێت.

ژن چونکە هیچ کوێی بە دەرەوە نەبوو، پاژنـەی نـەبێت، پاژنـەی گوشتن، ئارەزووی پیاوی دەبزواند. ژنەعـەرەب بۆیـە چـاوی بـە کل دەڕشـت، چونکـە چـاوی بـە کـل ڕێـژراو، گـەورەتر لـەوەی هەیـە، دەنوێنێـت. ژن، بـا وەک سـیما، تـەواو جـوانیش بووایـە، عـەرەب گوتـەنی لـە دواوە، جانتـای قـورس نەبووایـە، شانسـی شـووکردنی لاواز بوو، ئاخر وەک شاعیرێکی جاهیلی گوتوویـەتی، عـەرەب دڵـی بۆ ژنێک لێ دەدا کە بە دەرگایەکەوە نەچێت. لای عەرەب، حوشتر و ئـەسـپ، تـا زلتـر و قەڵـەوتر و بـەرزتر بـن، پەسـەندترن، ژنـیش هـەروەها. بـە لای عـەرەبی کۆچەرییـەوە، ئـەو ژنـە جوانـە کـە (جەریمە) بێت، جەریمە لێرەدا بە مانای کەتە و قەڵەو دێت، ئەوە نییە لای خۆیشمان یەکێک لاواز و کورتەباڵا بێت، پێی دەڵێن: هیچ جورمی نییە.

لـە کۆمەڵگەی پێشکەتوودا، ژن و پیاو پێش ئـەوەی وەک جەستە بەر یەک بکەون، هەست و سۆز و خۆشەویستی دەگۆڕنـەوە، دەیـان وشـەی نـاسک بـە گـوێی یەکـدا دەچـرپێنن، وەلـێ لـە کۆمەڵگـەی دواکەوتوودا، بیریان لای کوژاندنەوەی ئاگری ئارەزووە و هیچی تر. عەرەب کە هەر خەریکی پەلامار و شەڕ و لێدان و کوشتوبڕ بوون، زمانـەکەیشیان لـە وشەی شەڕەنگێزانـە تـەژی بـوو. یـەکێک لـە شتە

هەرە سەیرەکانی مێژوو ئەوەیە، گەلێکی نەخوێندەواری ناشارستانی، بەسەر چەندان گەلی خاوەن شارستانیی پێشەکەوتوودا سەرکەوت و سامان و ژنانی بە تالآن بردن.

کە عەرەب دای بەسەر میسردا، ئیدی ژن لە کۆیلە خراپتری لێ هات، ئاخر هیچ نەبێت کۆیلە، مافی ئەوەی هەبوو، خۆی بکڕێتەوە. ئیدی ژن تەنانەت مافی ئەوەیشی نەما، بێ پرسی مێرد، شیر بە منداڵی ژنەدراوسێیەک بدات، ئاخر وەک چۆن شیری حوشتر موڵکی پیاو بوو، شیری ژنیش موڵکی مێرد بوو. عەرەب وای کرد، ژن یەکسان بێت بە حوشتر و ماین، چونکە لە نەستی پیاوی عەرەبدا، ژن، حوشتر بوو، ئەوە بۆیە وەک چۆن کە مێحوشترەکەی دەفرۆشت، بەچکەکانی نەدەدا بە کڕیارەکە، کە ژنیشی تەڵاق دەدا، منداڵ لای خۆی دەمایەوە.(*)

(*) خلیل عبدالکریم، العرب و المرأة، دار مصر المحروسة (ساڵی لە چاپدانی لەسەر نییە، ۱۹۹۷ پێشەکیی بۆ نووسراوە.) القاهرة.

# سوپاس خودایە کە بە ژن نەتخوڵقاندم

ئەگەر یاسای توند سەروەر بێت، میللەت خەون بە سڕینەوەی یاساوە دەبینێت.

ستانسلاڤ جیرۆزیلیک

جارێک کانت (١٧٢٤ - ١٨٠٤) کە پیاوێکی کورتەباڵا بوو، بە زەحمەت لەشە بچووکەکەی، توانای هەڵگرتنی سەرە گەورەکەی هەبوو، لە باخێکی شاری (کونگسبورگ)دا، دژی ئیمپریالیزمی بەریتانیایی قسە دەکات، کە چۆن وڵاتان داگیر دەکات و خێروبێریان دەدزێت. تومەس مەکە، پیاوێکی باڵابەرزی ناوشانپانی ئینگلیز گوێی لە قسەکانی دەبێت، دێتە لای، لە بەردەمیدا دەنوشتێتەوە و پێی دەڵێت: (چونکە تۆ شکۆمەندیی منت بریندار کرد، بەو چەکەی دەخوازێت، لەو جێیەی دەتەوێت و شایەتەکانیش خۆت دیارییان بکە، وەرە با بەرانبەرێن بکەین!) کانت دوای ڕامانێکی قووڵ، بە کابرای ئینگلیز دەڵێت: (باشە، بەڵام بەو چەکە بەرانبەرێن دەکەین کە من تۆم پێ بریندار کرد، بە چەکی گوتوبێژ، چەکی بەڵگە هێنانەوە، چەکی سەلماندن و چەکی لۆگیک.)[1]

لــه کۆمەڵگەیەکـدا دەنگــی ژن، عــەورەت، جەســتەی تەڵــەی شـەیتان و پرچـی گوریسـی ئیبلیس بێت، ژن بـە کاڵفام لـە قەڵـەم بدرێت، ژن لـە دەیان شت کە بۆ پیاو دابین کراون، بێبەش بکرێت، ژن گوێڕایـەڵی پیـاو بێـت و تەنانــەت ناچـار بکرێـت، لـە لەشـی مێردەکەشیدا هاوبەشـی هـەبێت، قسـەکردن لـە هـەبوونی ئـازادی، لوتکـەی عەبەسـە، ئـاخر لـە کۆمەڵگـەی وەهـادا، ئـەوەی سـەروەرە کۆیلایەتییە، نەک ئازادی.

لـە هـەر کۆمەڵگەیەکدا ژن ئـازاد نـەبێت، ئـەوە کۆمەڵگـەیـەکی ئازاد نییە، ئاخر کە ژن ئازاد نەبوو، پیاویش ئازاد نابێت، چونکـە ئــەو پیــاوەی، ژن بــە زینــدانی و کۆیلــە بزانێــت، خۆیشــی لــەو بەندیخانـەیەدا کە لە ناخی خۆیدا ڕۆی ناوە، زیندانییـە و کۆیلـەی دابونـەریتی دێـرین و ڕابـردووی تاریکـە. بـە گوتـەی کـەمال ئـەبو دیب: ئـەو پیـاوەی لەگـەڵ ئـازادیی ژنانـدا نـەبێت، نـە وەک خـود ئازادە و نە دەتوانێت لە ئازادی سوودمەند ببێت.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئـەوە بـۆ ژن قەدەغـەبوو، بنووسێت و دەرگـەی هـەموو دەستپێشـخەری و داهێنـانێکی بـە ڕوودا داخرابـوو. دەبوو ژن جـەستەیەک بێت لـە تـرس، بـە دەنگێکـی نـەوی بدوێت و لـە ئاستی پیاودا نـەک دەنگ، چاویش بـەرز نـەکاتـەوە. پیـاو کـە لـە دەرەوە گوێڕایـەڵ و ملکەچی دەسەڵاتێکی ستـەمکار بوو، لـە ماڵـەوە، لـە ژنەکەی دەبـوو بـە شێری نـەڕ. پیـاو کـە لـە دەرەوە کۆیلـەیـەکی فــەرمانپێکراو بــوو، لـــە ماڵــەوە، لـــە ژنـەکـــەی دەبـــوو بـــە فەرمانڕەوایەکی دیکتاتۆر. نەوال سـەعداوی گوتـەنی: (گوێرایـەڵی،

ئەو ژارەیە، عەقڵی ڕەخنەگرانە، داهێنان و یاخیبوون دەکوژێت،) بۆیە ژن دەبوو بە درێژایی تەمەنی گوێڕایەڵ بێت. ئێستایش مێیەک، یەکسانیخواز، بەهێز، بوێر و ڕاشکاو بێت، بۆ تیری تانەی نێرسالاران، دەبێتە نیشانە.

لە تونس، لە ماف و لە ئەرکدا، لەناو خێزان و لە کۆمەڵدا، تا بەهاری عەرەبی کە هەر زوو بوو بە ئیسلامی، سەری هەڵنەدابوو، ژن هەمان مافی پیاوی هەبوو. تونس تاقە وڵاتی عەرەبی بوو، تێیدا ژن لە هەموو بوارێکدا بە پێی یاسا، یەکسان بوو بە پیاو. پێشتر ئەلتاهیر ئەلحەدداد کە زانایەکی ئایینی بوو، چونکە داوای کردبوو، لێکدانەوەی نوێ بۆ دەق بکرێت و کار بە تێکستێک نەکرێت، دژ بە یەکسانی نێوان ژن و پیاو بێت، مەلایانی تونس کافراندیان و ئەو بڕوانامەیەشی لە ئیسلامناسیدا هەیبوو، لێیان سەندەوە. نەسر حامید ئەبوزەیدیش، هەر داوای یەکسانیی نێوان ژن و پیاوی کردبوو، دادگا بە لە ئایین وەرگەڕاو لە قەڵەمی دا. لە میسر ساڵانێک بە پێی یاسا، ئەگەر پیاوێک ژنەکەی بێگانە بووایە، منداڵەکانی بە میسری هەژمار دەکران، بەڵام ژنێک مێردەکەی بێگانە بووایە، منداڵەکانی بە میسری هەژمار نەدەکردان. دواتر لەژێر گوشاری خەباتی ژناندا، ئەو یاسایە لە قازانجی ژنان هەموار کرا.

وەک چۆن کار لە کۆمەڵگەدا دابەش بووە، هەیە کرێکارە و هەیە خاوەنکار، بە گوێرەی دیسکۆرسی (ئیسلامی)ی توندڕۆیش، لە خێزاندا کار دابەش کراوە، ژن، ماڵ بەڕێوە دەبات و پیاویش

بژێوی دابین دەکات. کە عەلمانییەکان داوا دەکەن، ژن لە ماڵدا قەتیس نەکرێت و بێتە ناو کۆمەڵەوە، هەم کار بکات و هەم لە رووی سیاسیشەوە چالاک بێت، لە لایەن ئیسلامییە توندرۆکانەوە، بەوە تۆمەتبار دەکرێن، کە گوایە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی خێزان دەدەن. لە ئێران، شیعە فەرمانڕەوایە، لە سوودان، سوننە و لە عەرەبستانی سعوودیش، وەهابی، لە هیچ شوێنێکی دنیا، هێندەی ئەو سێ وڵاتە، ستەم لە ژنان ناکرێت. لە غەززەیش کە حەماس و جیهاد باڵادەستن، ژن سفوور بێت، بەر هێلکە دەدرێت و بە پاساوی ئەوەی حەرامە، لێ ناگەڕێن سەروەختی خۆپیشاندانیش، ژنان تێکەڵی پیاوان ببن.

تەنیا لەبەر ئەوەی ژن لە رووی بایۆلۆژییەوە لە پیاو جیاوازە، ئەمە بەو مانایە نایەت، بوونەوەرێکی نزمترە، بە پێچەوانەوە، ژن دەتوانێت هەم ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکات، کە پیاو پێیان هەڵدەستێت، هەم ئەرکی دووگیانی و وەچەخستنەوەیشی لەسەر شانە. بۆیە دەبوو کۆمەڵ پاداشتی بداتەوە و تەنانەت خەڵاتیشی بکات، نەک سووک سەرنجی بدات و ستەمی لێ بکات. سیکۆلاریستە چەپڕۆکان، چونکە دنیا لە گۆڕاندا دەبینن، بۆیە ئەو واقیعەی ستەم لە ژن دەکات، بە جێگیری نازانن و خەبات بۆ گۆڕینی دەکەن. عەلمانییەکان دەزانن، ئایین بەشێکی گرنگە لە کەلەپوور، بۆیە داوای دابڕان لەگەڵ ئاییندا ناکەن، داوای دابڕانی نێوان سیاسەت و ئایین دەکەن. سیکولاریزم ئیلحاد نییە، لێکدانەوەیەکی واقیعبینانەیە بۆ ئایین، کە کارێک دەکات، ئایین،

لـە خزمـەتـی ئـازادی و یـەکسـانـی و پێشکـەوتندا بێت، نـەک کۆسپ بێت لـە سەر ڕێگـەیاندا.

ئـــەوە هەڵـەیـــە، ئەگـــەر پێمـــان وابێـــت، بابســـالاری تـــەنیا دیاردەیەکی کولتوورییە، نـەخێر پاشخانێکی کۆمـەڵایـەتـی هـەیـە کـە کرۆکەکـەی لـە جیـاوازیی چینایـەتیـدا چڕ دەبێتـەوە. بابسـالاری، تایبـەتیش نییـە بـە ئـایینێکی دیـاریکراو، لـە هـەر سـێ ئـایینـە ئاسمانییەکەدا، پیـاو سـەرداری ژنـە، یـان ئـەنگڵس گوتـەنـی: پیـاو، بۆرژووایـە و ژن، پرۆلیتـار. ئـەوەی ئیسلامی تونـدڕۆ، قێزەونتـرین پڕوپاگـەندەی بۆ چەپڕۆیان دەکرد، بە پلـەی یەکـەم زادەی ئـەوەبوو، چەپەکان بە گژ بابسالاریدا دەچوونـەوە و داوای ئازادییان بۆ ژنـان دەکرد.

پـێش ئـــەوەی ئـایینیش پەیـدا ببێـت، ژن وەک بوونـەوەرێکی نوقسـان سـەرنج دراوە. ئیفلاتـوون پێـی وابـوو، بـا کۆمـەڵگـە لــە گۆڕانیشدا بێت، بـەڵام ژن هـەر بـە نوقسـانـی دەمێنێتـەوە، چونکـە ئـــەو نوقســانییە، یەکێکــە لــە تایبـەتمەندییــەکانی مــێ. لــەناو شـوێنکەوتووانی ئـاییـنـە ئاسـمانییەکاندا هیچیـان هێنـدەی جـوو، ســووک ســـەرنجی ژن نـــادەن، ئـــەوە نییـــە، پیـــاوی جوولـەکـــە، سـەروەختـی نوێژ، وا ڕاهـاتووە بڵێت: (سوپاس خودایـە کـە بـە ژن نـەتخوڵقاندم.) کە شـەعراوی دەیگوت: (پیاو بـە عـەقڵ بڕیـار دەدات، بـەڵام ژن بــە سـۆز، بۆیـە ژن بـۆ دادوەریـی دەسـت نـادات،) پاپـا شنۆدە، زێتر پێی لـێ هـەڵدەبڕی و دەیگوت: (ژن لـە پێنـاوی خۆشیی پیاودا خـەڵق کراوە.)

لە سایەی سیستەمی شیوازی دایکانەدا، منداڵ لەسەر دایکی هەژمار دەکرا و میرات، تەنیا بەر ئەوانە دەکەوت کە هاوخوێنی دایک بوون؛ مێژووی چەوساندنەوەی ژن، لەو وەختەوە دەست پێ دەکات کە ئەو مافە لە دایک زەوت کرا. دیرۆکی سەرهەڵدانی دابەشکردنی کار، کاتێکە خێزانی تاک ژنو مێردایەتی سەری هەڵدا، کار لە نێوان ژن و مێرددا دابەش کرا و ئیدی چەوساندنەوەی ژن لە لایەن پیاوەوە دەستی پێ کرد. ئەو چەوساندنەوەیە کە لە کۆمەڵدا، یاسایش پشتگیریی لێ کرد، سەرەتای چەوساندنەوەی چینایەتیشە و لەوساوە ژن چەوساوەیە و پیاو چەوسێنەر.

پێوەندییەکی هێندە قووڵ لە نێوان ئازادیی ژن و ئازادیی بیروڕا دەربڕیندا هەیە، تا ئەو ئاستەی دەتوانین بڵێین، دوو سیمای یەک دراون. ئەوە ڕێکەوت نەبوو کە ئیسلامییەکانی جەزائیر، هەم پەلاماری ئەو ڕۆشنبیرانەیان دەدا کە داوای ئازادی بیروڕا دەربڕینیان دەکرد و هەم ئەو ژنانەیشیان بۆ تیری غەزەبیان دەکردە نیشانە، کە حیجاب و نیقابیان نەدەپۆشی. کەواتە ئەوی بڕوای بە ئازادیی جیاواز بیرکردنەوە نەبێت، بڕوای بە ئازادیی ژنانیش نابێت.

دەزانن ئەو (کوفرە)ی د. نەسر حامید ئەبو زەید کە پسپۆڕی بواری لێکدانەوەی دەقی قورئانە، کردبووی، چی بوو؟ گوتبووی: قورئان بەسەر قەومێکدا دابەزیوە کە ژنان تێیدا نەک هەر

هیچیان لە میراتی نەکەوتووە، بەڵکوو خۆیان بەشێک بوون لە میراتی و وەک موڵک و ماڵی دیکە بەسەر پیاوانی خێزاندا دابەش کراون. بۆیە ئەگەر ئەوەمان لەبیر بێت، دەق لە شوێنکاتێکدا دابەزیوە و سەیری بزووتنەوەی ناو دەق بکەین و ئەو هەموو دادپەروەری، یەکسانی، ئینساف و ڕەحمەتەی لە دەقدا هاتوون، ڕەچاو بکەین، دەگەینە ئەو ئەنجامەی بە یەکسانی سوودمەندبوونی ژن و پیاو لە میراتی، لادان نییە لە دەق. تەنیا لەسەر ئەوە کافراندیان، بە مەرجێک ئەو یەکسانییە، لە (١٩٥٦)ەوە، بە گوێرەی یاسا، لە تونس پێڕەو دەکرا![٢]

2012.06.16

(١) أ. د. إمام عبدالفتاح إمام، كانط و المرأة، التنوير للطباعة ٢٠١٢ بيروت.

(٢) فريدة النقاش، حدائق النساء، دار المدى ٢٠١٢ بغداد.

## سڕینەوەی پەڵەی شەرم

مێـژووی تـاوانـی شـەرەف، لای عـەرەب، بـۆ سـەردەمی جـاهیلـی دەگـەڕێتـەوە. هـەر لـەو سـەروەختـەوە، ئـەگـەر گومانیـان لـە ژنێـک کردبێـت، بـە پاسـاوی پـاک و پوخـت ڕاگرتنـی ڕەچەڵـەک، کوشتوویانە. ئەگەر ئافرەت بە پێچەوانەی خواستی کۆمەڵەوە، لە چالاکییـە سێکسـییەکانی سـوودمەند ببێـت، بـە گـوێرەی یاسـای نامووسپارێزی، کە لە ناخی هۆشیاریی تاکی عەرەبدا جێگیر بووە، سزای مـەرگ دەدرێت. هەرچەنـدە لـە تـاوانـی شـەرەفدا، دوو کـەس بەشـدار دەبـن، بـەڵام نزیکـەی هەمیشـە پیـاو بـا قوربـانییەکـەیش زەوت بکات، بێ زیان لێی دەردەچێت.

بـۆچی ژنـەکـە دەکوژرێت و پیاوەکـە بـێ زیـان لێـی دەردەچێت؟ ئـەوە زادەی سووک سـەرنجدانی ژنـە، لـە سۆنگـەی ئـەوەوەیـە، مـێ هـەر لـە یەکـەمین ڕۆژی ژیانییـەوە، بـە نزمتـر لـە نێـر، هـەژمار دەکرێت. ئەوە کولتووری نێرسالارییە، پیاو لـە ژن بـاڵاتر دەبینێت و کارێک دەکات، مێ لە بێشکەوە، تا نێو گوڕ، هەر لە عەزابدا بژی، بۆیە ئـەگـەر ژن(قوربـانـی)یش بێت، هەر غـەزەب لـەو دەگیرێت. لـە یاسـای سزادانـی عێراقـدا کـە خـاوەنـی سیستـەمێکی نێرسـالارییە، هــەم ئــەوی بــە پاسـاوی ناموسـپارێزی، ژن دەکوژێـت، لایـەنـی دەگیرێت و هەم مێرد بۆ ئـەوەی ژن، لـە بێئـەدەبی دوور بخاتـەوە، مافی ئەوەی هەیە، تێروپڕی لێ بدات.

دۆکتۆر شەهلا کە کچی ئایەتوڵڵا حائیرییە، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی زانستییەوە، کە دۆکتۆرای پێ وەرگرتووە و وەکوو کتێبیش بڵاوی کردووەتەوە، بەو ئەنجامە گەییشتووە، ئەو سووکایەتییەی لە ئێران بە ژن دەکرێت و ئەو بەدڕەوشتییەی لە هاوسەرگیریی کاتەکیدا، خۆی دەنوێنێت، زادەی ئەوەن، لەوێ بڕیار بە دەستی ئاخوندەوەیە. ڕێژەی خۆکوشتنی ژن لە قەندەهار کە مەڵبەندی تالیبانە، بە لە بەرچاوگرتنی ژمارەی دانیشتووانی، لەسەر ئاستی هەموو دنیا، ڕیکۆردی شکاندووە. لە هەموو ڕۆژهەڵاتدا، بە دەگمەن دەوڵەت هەیە، بە گژ توندوتیژیی ناو ماڵدا بچێتەوە و کە ژن لەژێر گوشاری خێزاندا، هانا بۆ خۆ سووتاندن و خۆ کوشتن، دەبات، بە دەگمەن پیاوێک لەسەر تاوانی وا سزا دەدرێت.

کە ئافرەتێک پێش هاوسەرگیری، یان لە دەرەوەی هاوسەرگیری، سێکس دەکات، یان گومانی ئەوەی لێ دەکرێت، سێکسی کردبێت و پیاوێکی سەر بە خێزانەکەی، بەو هۆیەوە دەیکوژێت، ئەوە تاوانی سڕینەوەی پەڵەی شەرمی پێ دەگوترێت. ئەو تاوانە ئەگەر سێ کوچکەی هەبێت، یەکەمیان کردەی سێکسەکەیە، دووەمیان توندوتیژیی کومەڵایەتی و سێیەمیان زەبروزەنگی دەوڵەتە، کە بە یاسا، ئاسانکاریی بۆ ژنکوژان کردووە. ماددەی ١٨٨ی یاسای سزادانی عوسمانییەکان دەیگوت: (ئەوی ژنەکەی، یان ئافرەتێکی دیکەی مەحرەمی خۆی، لەگەڵ

پیاوێکدا، لە حاڵەتی زینادا بینی و یەکێکیان، یان هەردووکیانی کوشت، سزا نادرێت.)

بە گوێرەی یاسای سزادانی ئوردن، بکوژ لە حاڵەتی وادا، سزا دەدرێت، بەڵام سزایەکی کەم کە پیاوان بۆ ئەو تاوانە هان دەدات. بۆ داڕشتنی یاسا لەو بوارەدا، وڵاتانی عەرەب، لاسایی میسر دەکەنەوە و یاسادانەران پاساوی سزای کەم، بۆ ئەوە دەگێڕنەوە، کە پیاو لەو ڕەوشەدا، چونکە باڵاترین بەهای کە ئابڕوویەتی، زەوت کراوە، بۆیە لە ڕووی دەروونییەوە، دەشڵەژێت و ڕەنگە عەقڵیش لە کەللەیدا نەمێنێت. یاسا لە وڵاتانی عەرەبیدا، کاتێک ئاسانکاری بۆ ئەو ژنکوژانە دەکات، کە مێرد، برا یان کوڕی ژنە کوژراوەکە بن، ژنەیان لە کاتی زینادا دیتبێت و لە لووتکەی تووڕەبوون و هەڵچووندا، دەستبەجێ کوشتبێتیان.

یاسا لە جەزائیر، تەنیا ئاسانکاری بۆ مێرد دەکات، ئەگەر ژنی خۆی لە کاتی زینادا، بینی و کوشتی. برا، کوڕ و باوک، ئاسانکارییان بۆ ناکرێت، بەو پاساوەی ئەوان وەک مێرد، پێوەندیی سێکسییان بە ژنەوە نییە و هێندەی ئەو شکۆ و هەستیان بریندار نابێت و وەک ئەو ئاگری (غیرە)یان کڵپە ناسێنێت. لەوێ ئەگەر ژنیش، مێردی خۆی لە کاتی زینادا گرت و کوشتی، هەمان ئاسانکاری، دەیگرێتەوە.

کە لە شەوی یەکەمدا، خوێن پەیدا نەبوو، بەو مانایە دێت، بووک پەردەی کچێنی لە دەست داوە و ئەو پەڵەیە، تەنیا بە

ڕشتنی خوێنی خاوێن دەبێتەوە. لە کولتووری عەرەبیدا، ئەوە ئەرکی پیاوە، پاکیزەیی کچی یان خوشکی بپارێزێت و مەسەلەکە تەنیا پێوەندیی بە خۆیەوە نییە، کێشەیەکی کۆمەلایەتیشە، ئاخر ئەگەر ئەو پەڵەیەی بە خوێنی خوشکی یان کچەکەی نەسڕییەوە، ئیدی، ڕۆڵی خۆی وەک پیاو، لە کیس دەچێت و وەک ژن، سەیر دەکرێت. وەک چۆن، پیاو چی لە ژن بخوازێت، پێویستە ئەوە بکات، کۆمەڵیش چی لە پیاو بوێت، دەبێت ئەوە بکات، واتا لە کۆمەڵگەی باوسالاریدا، هەر ژن خودی خۆی لە دەست نەداوە، پیاویش لەژێر گوشاری کۆمەڵدا، بە هەمان دەرد چووە.

لە کۆمەڵی عەرەبدا، پیاو کاتێک شەرەفی پارێزراو دەبێت، توانای پاراستنی پاکیزەیی ئافرەتانی خێزانەکەی هەبووبێت. کەواتە ناو و ناوبانگی پیاو، بە هەڵسوکەوتی ئافرەتانی خێزانەکەیەوە بەندە و ئەگەر یەکێکیان لە بواری سێکسواڵیتیدا، سەرکێشیی کرد، ئیدی کۆمەڵ، ئەم بە پیاو نازانێت و پلەیەک دەیهێنێتە خوارەوە و حسابی ژنی بۆ دەکات. بۆیە شەرەف هەر ئەوە نییە کە پێویستە ژن، بۆ ئەوەی لە ژیاندا بمێنێتەوە، بیپارێزێت، ئەوەیشە پیاو دەبێت داکۆکی لێ بکات، بۆ ئەوەی سووک نەبێت و شۆڕ نەبێتەوە بۆ پلەی نزمی ژن.

ئەگەر لە یەکەمین شەوی بووک و زاوایەتیدا، دەرکەوت، بووک بنپڕاوە، نەک پاکیزە، ئەگەر دەرکەوت ئافرەتێک، بێ ئەوەی شووی کردبێت، دووگیانە، ئەوا یاسا پاساو بۆ کوشتن لەو باروودۆخانەدا ناهێنێتەوە و ئاسانکاری بۆ بکوژ ناکات، چونکە لەو

دوو حاڵەتەدا، نە کوتوپڕی هەیە و نە ئافرەتەکە لە کاتی زینادا بینراوە، بەڵام لە زۆر کۆمەڵگەی بابسالاردا، هەر کە دەنگۆی ناپاکیزەیی بووک، یان دووگیانی ژنێکی بێ مێرد، بڵاو بووەوە، خێزان لە کۆبوونەوەیەکدا، بڕیاری کوشتنی دەدات و بکوژیش دەستنیشان دەکات، کە زۆر جار ئەو ئەرکە بە کوڕێک دەسپێردرێت، هەژدە ساڵی تەواو نەکردبێت، تا سزایەکی توند نەدرێت. هەر ئەوەیان کارەسات نییە کە ژنێک دەکوژرێت و ئەو پیاوەی لە هەمان کردەی سێکسیدا هاوبەش بووە، دەرباز دەبێت، ئەوەیش کارەساتێکی دیکەیە، گەنجێک هەر لە سەرەتای ژیانیدا، لەژێر گوشاری گرووپدا، دەبێتە بکوژ.

کە لە ٢٦ی فێبریوەریی ١٩٩٦دا، محەممەد، (سفیدا)ی پوورزای لە سەنتەری (ئۆرفە)دا بە چەقۆ دەکوژێت، خەڵکەکە تەنیا سەیرکەر دەبن، داواکاری گشتیش دەڵێت: ژنکوژ خۆی قوربانییە، ئاخر ئەرکی سەر شانی خۆی، بەرانبەر بە کۆمەڵ و دابونەریت، ڕاپەراندووە! سفیدا کە کوژرا تەمەنی شازدە ساڵ بوو، بە گوێرەی ڕاپۆرتی دادپزیشکیش، دەرکەوت پاکیزە بووە، تاوانی تەنیا ئەوەبوو، چەند جارێک بێ پرس چووبووە دەرەوە. محەممەد کە تەمەنی لە هەژدە ساڵ کەمتربوو، لەسەر ئەو تاوانە کە گوایە بڕیاری پێشوەختی لە دواوە نەبووە، دوو ساڵ و نیو حوکم درا و لای کۆمەڵ وەک قارەمان ناسرا.

ئایا تاوانی نامووسپارێزی، پێوەندیی بە ئەم یان بە ئەو باوەڕی دیاریکراوەوە هەیە؟ نا، وەلێ هەموو باوەڕەکان، بەم یان

بەو شێوە، کەم یان زۆر، هەر سەرکوتکەر و هەر دژەژنن و ئینسان تا زۆرتر بکەوێتە، ژێر هەژموونی باوەڕەوە، جاهیلتر دەبێت و ئەو جاهیلبوونەیش، لە قازانجی دەسەڵاتی ستەمکار دەبێت، چونکە ستەم لە ژینگەی جەهلدا، باشتر بڵاو دەبێتەوە و چاکتر دەچەسپێت.

٢٠١٢/٧/١٧

(١) لمى أبو عودة، جرائم الشرف وبنية الجندر في المجتمعات العربية.
(٢) فيلدان يرمييش اوغلو، قتيلة الشرف.
(٣) سوزان روغي، تحويل الشرف إلى سلعة.

## سێکس لای هەندێک ئایینی ئاسیایی

لە هەناوی دووانەی ڕۆح و جەستەدا، مەبەستێکی سۆفییانەیش خۆی مەڵاس داوە؛ وەک چۆن دەشێت، برسیکردنی ئارەزووی جەستە، واتا: خۆ چەپاندن، ئازادیی ڕۆحی بە دوادا بێت و ڕێگەچارەیەک بێت، بۆ خۆ پاکژکردنەوە لە پۆخڵی و گوناهەکان، هەر وایش دەشێت، ئازادیی ڕۆح، زادەی تێرکردنی ئارەزووە جەستەییەکان بێت. یۆگا، مەشقکردنێکە بۆ پەیداکردنی توانای کۆنترۆڵکردنی وزە جەستەیی و ڕۆحییەکان، تا ئینسان لەو ڕێگەیەوە، لەگەڵ گەوهەری گەردوون، واتا، خودای خۆیدا، یەک بگرێت و ئیدی هیچ پیسییەک، نە بە جەستەیەوە بمێنێت، نە بە ڕۆحییەوە.

یۆگاکار لە ڕێی ڕامانەوە، هەوڵ دەدات بە بالاییی ڕۆحی، واتا، لووتکەی حەقیقەت، بگات، بەڵام مەرج نییە یۆگاکاران هەموویان خۆیان لە سێکس بە دوور بگرن، ئاخر بەشێک لە بوداییەکان، جۆرە خوداوەندێکیان دەپەرست کە ڕەمز بوون، بۆ وزەی سێکس و شەیدای ئەو حەرفی ئێمانە بوون کە لە کن، ڕێبازەکانی دیکە، وەک حەرام وابوون: وەک: مەی و ماسی و ماچومووچ. ئەوانە بودایان وەک (لینگا)یەکی مەزن دەبینی، بە ئاوی پیاویان دەگوت: شلەی زیوینی مانگ و (یونی)یان بە فیردەوس دەزانی. (*)

وەک چۆن یەسووع، بێ ئەوەی کردەی سێکس ڕووی دابێت، لە مەریەمی پاکیزە بووە، بە گوێرەی هەندێک لە گێڕانەوەکان،

(بودا)یش بە هەمان شێوە، هاتووەتە دنیاوە. بڕواهێنان بە لە دایکبوونی وەها، زادەی دژایەتیکردنی سێکسە و پێداگرتنە لەسەر ئەوەی، ناکرێت، زیندەوەرێکی پیرۆز و مەزنی وەک بودا، زادەی کردەی تێرکردنی ئارەزووی جەستە بووبێت. ڕێبازێکی میانڕۆی بودایی هەیە، لەگەڵ ئەوەدایە، نە زێدەڕۆیی لە شوێنکەوتنی ئارەزوودا بکرێت و نە بە پشتکردنە سێکس، خود ئەشکەنجە بدرێت، وەک هیندۆسە توندڕۆکان دەیکەن.

کە لە بودایان پرسیوە: چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ژناندا بکەین؟ گوتوویەتی: سەیریان مەکەن! کە لێیان پرسیوە: ئەدی ئەگەر ناچار بووین، بیانبینین؟ گوتوویەتی: قسەیان لەگەڵ مەکەن! کە لێیان پرسیوە: ئەدی ئەگەر ئەوان قسەیان لەگەڵ کردین؟ گوتوویەتی: ئەوسا زۆر وریای خۆتان بن! (بەرهەمی) کە بە مانای پیاوێکی پیرۆز دێت، پیاوێکی پاکیزەیە کە قەت لەگەڵ ژنێکدا جووت نەبووبێت و لە ڕێی خۆ لە سێکس بەدوورگرتن و سەرکوتکردنی خودەوە، دەگاتە ئەوپەڕی بەختەوەری و ئاسوودەیی و دڵنیایی کە (نیرڤانا)ی پێ دەڵێن، بەڵام عاشق لە ڕێی جووتبوونەوە بە هەمان حاڵەت دەگات، واتا، هەرچەندە دوو ڕێگەی جیاواز دەگرنە بەر، بەڵام بە هەمان ئامانج دەگەن.

لای هیندۆس، پیاوانی ئایین، مافی ژنهێنانیان هەیە، وەلێ لای بودایی، نەک هەر ئەو مافەیان نەبوو، بەڵکوو نەدەبوو دەستیان بەر ژن بکەوێت، یان دووقۆڵی لەگەڵ ژنێکدا بن. بۆ ڕاهیبی بوودایی قەدەغەبوو، هەوڵی فریودانی ژن بدات، قەدەغەبوو هانا

بۆ خووی نهێنی ببات و تەنیا بە دەم خەوەوە، بۆی هەبوو، ئاو فڕێ بدات، ئەوەیش کۆنترۆڵ نەدەکرا، ئەگەر نا، قەدەغە دەکرا. لای ئایینی بودایی، بە نوقمبوون لە ئارەزووی سێکسدا، وزەی ڕۆح خاپوور دەبێت و بۆ ڕاهیب وا باشترە، لینگای، بە ناو دەمی مارێکی ژاراوی، یان ئاگردا بکات، نەک بە (یونی)دا. ڕاهیبی بودایی، نەدەبوو دەستی بەر مێیینەی هیچ ئاژەڵێک بکەوێت و ئەگەر دایکی خۆیشی کەوتبایە نێو چاڵێکەوە، نەدەبوو دەستی ڕابکێشێت، دەبوو، دارێکی بۆ درێژ بکات و تا هەنووکەیش ڕاهیبەکانی باشووری ئاسیا، ئەو ڕێسایانە ڕەچاو دەکەن. لە کاتێکدا ڕاهیبە بوداییەکانی بورما (میانمار) لە ڕووی سێکسەوە، بەردەوام بەڕۆژوون، لەناو ئەوانەی سیلان، (سیریلانکا)دا، هاوڕەگەزبازی، دیاردەیەکی ئاساییە و مامۆستای گوتنەوەی ئایین، ئاگری ئاڵۆش، بە شاگرد دادەمرکێنێتەوە! لە کاتێکدا ڕاهیبی بودایی لە تایلاند بە پاکیزەیی سەر دەنێتەوە، لە چین و ژاپۆن و کەشمیر، مافی ژنهێنانی هەیە.

زیندەبەچاڵکردنی کچ کە سەردەمانێک لە هەندێک گۆشەی دنیادا هەبووە، قەت لای هیندۆس و بودایی نەبووە. لای بوودایی، کە کیژ وەختی شووکردنی دەهات، ئەگەر لە ماوەی سێ ساڵدا، باوکی مێردی بۆپەیدا نەکردبا، ئیدی خۆی سەرپشک بوو، شوو بە کێ دەکات. پیاوانی دەوڵەمەندی بوودایی، وێڕای چەند ژنێکی ئاسایی، ژنی کاتەکی، ژنی خۆبەخش و کەنیزەکیشیان هەبووە. بودا گوتوویەتی: پیاو وەک چۆن خۆی لە ئاگر بەدوور دەگرێت، دەبێت خۆی لە (ناپاکی)یش بەدوور بگرێت و قەت چاوی لە دووی ژنی هیچ پیاوێکی دیکە نەبێت.

ژن لای بودایی (کە نیوەی ئاسیای داگیر کردووە و زیاتر لە سیستەمێکی ئەخلاقی دەچێت، وەک لە ئایین،) هەرچەندە بڕێک ئازادیی هەبووە، وەلێ هەر پاشکۆ و موڵکی پیاو بووە. سێکسفرۆش لای بودایی، وەک خاوەنی هەر پیشەیەکی تر، باجی داوە و لە ڕێی دۆنادۆنەوە و لە ئەنجامی ئەو کارە خراپانەوە کە لە ژیانەکانی پێشووتردا کردوونی، لەو کراسەدا ئارامی گرتووە و ئەگەری ئەوە هەبووە، بە هۆی ئیشی چاکەوە، لە ژیانی داهاتوودا، لە سێکسفرۆشەوە، بڵند ببێتەوە و بگاتە ئاستی ڕاهیبە.

لای هیندۆس، بەختەوەر کەسێکە هیچ شک نەبات، نە ژن، نە ماڵ، نە موڵک، کەسێک ئەگەر دنیا بسووتێت، ئەو هیچی لە کیس نەچێت. کەبیر (١٤٤٠- ١٥١٨) هەرچەندە ژن و منداڵی هەبوو، بەڵام ژنی بە پیس دەزانی و دەیگوت: ژن، شتێکە وەک ناوجەرگەی دۆزەخ، ژن، ڕەشمارە، ژن، میوەیەکی ژاراوییە، ئاخر کە پیاو شەیدای ژن دەبێت، ئیدی هەم عەقڵی لە دەست دەدات و هەم ئاوڕووی. کەبیر لە شیعرێکیدا دەڵێت:

لەم دنیایەدا کە خێر و شەڕی لێ دەچۆڕێت،
هیچ لە ژن پۆخڵتر نییە،
چاکەکار، پیاوێکە، نەفرەت لە ژن دەکات،
خراپەکار، پیاوێکە، چێژی لێ وەردەگرێت.

ڕانجیت سینگ کە گڵکۆکەی لە (لاهوور)ە و لە سەدەی نۆزدەیەمدا، فەرمانڕەوای شانشینی سیخەکان بووە، کە دەمرێت، چوار ژن و حەوت کەنیزەکی دەبێت، لەگەڵ تەرمەکەیدا، ئەو یازدە ئافرەتەیش دەسووتێنرێن، ئاخر لای سیخ، وەک (گورو گرانت ساحیب) گوتوویەتی: (پێوەندیی نێوان ژن و مێرد، هەر پێکگەییشتنی جەستەیی نییە، بەڵکوو ژن و مێردی ڕاستەقینە، دەبن بە یەک گیان، لە دوو جەستەدا،)(**) بۆیە کە مێرد گیاني لە دەست دا، دەبێت ژنیش لەگەڵیدا بمرێت.

پارسەکان کە زەردەشتییەکانی هیندستانن، هەرچەندە لە بواری هاوسەرگیریدا لاسایی هیندۆسەکان دەکەنەوە، بەڵام بڕوایان بە ئەفسانەکانی وان نییە، بڕوایان بە ئاهورا مەزدا هەیە کە بە خوداوەندی ڕاستی و چاکەی دەزانن. ئاهورا مەزدا دەبێژێت: (پیاوێکم پێ باشترە، ژنی هێنابێت، وەک لە پیاوی ڕەبەن، پیاوێکم پێ باشترە لەناو خێزاندا بژی، وەک لەوەی بە تەنیا بژی، پیاوێکم پێ باشترە منداڵی هەبێت، وەک لەوەی نەیبێت.) یان دەڵێت: (ئەو شوێنە خۆشە کە پیاو خانووی لێ ڕۆ دەنێت، خانوویەک، ئاگر، مەڕومالاَت، ژن، منداڵ و گوڵی تێدا بێت.)

(فێری ئەوە ببە، ئیشی چاک بکەیت! خۆت بە دوور بگرە لە ژنی خەڵکی! وەک زەوین بەپیت بە! وەک چۆن ڕۆح لەگەڵ جەستەدا، یەکی گرتووە، لەگەڵ دۆست، خوشک، برا، ژن و منداڵەکانتدا، وەها گەرموگوڕ و یەکگرتوو بە!) ئەوانەیش مۆچیاریی ئاهورا مەزدان. لای پارسەکان، زینا، یەکێکە لە گوناهە گەورەکان و لەگەڵ ڕۆحی

پاکـدا ناکۆکــه و لـهبــهردهم گهشهســهندنی گهردوونــدا، کۆســپه. پارسهکان، ئـهگـهر بـه پاساوی وهچهخستنـهوه، ژنـی دووهمیش بهێـنن، هەر ژنـی یەکەم، خـانمی یهکـهمی مـاڵ دهبێت و لای وان، ئهگـهر ژن سکی بوو به پێنج مانگ، ئیدی مێرد سهرجێیی لـهگهڵ ناکات.

له هیندستان، خێڵ هەیە، خاوەنـی ئـاییـنی تایبـهت بـه خۆیـهتی. لـه کن خێڵـی گۆند، سێکسکردن پێش هاوسهرگیری، ڕێگـه پـێ دراوه و زینـا، هەرچەنده به پێچەوانەی سیستـهمی کۆمەڵایەتییەوەیە، بـهڵام خوداوەند تووڕه ناکات، ئیللا مەگەر عـارف، یـان کـاهین بیکـهن. لای خێڵـی ساورا، ژنێک خوێنی لـهبـهر بڕوات، نابێت ئـاو بهێنێت، یـان چێشــت لــێ بنێــت و لــه ســهرووهختی زهوینلهرزهیشــدا، ســێکس قهدهغهیه، چونکه وای بۆ دهچن، زهوینلـهرزه، لـه کـاتی جووتبـوونی خوداوەنـدی زەویـن و ژنـەکەیدا، ڕوو دەدات. لـه جهنگهڵـه چڕەکـانی (کاچاری)ی هیندستاندا، ئێستـایش، پـهنجا پهیکـهری بـهردین مـاون، کـه نزیکـهی نیوهیـان، ئـامـاژهن بـۆ چـووکی (شـیڤا)ی خوداوەنـد، کـه سیمبۆڵـی فەڕ و پیت بووه، یان ڕەمزن بۆ زێی خواژنـه شاکتی.(***)

دووانـهی ین و یانـگ، کـه لـه کن چینییـهکان، ئـامـاژهن بـۆ بـاوکـه ئاسـمان و دایکــه زهویــن، لــه زۆر کولتــووری دیکهیشــدا دووبــاره دهبنــهوه. لای بـوداییی چینـی، ڕهنگـی سـوور، پێوهنـدیی بـه ژنــهوه هەیـه و ڕەمـزه بـۆ توانـای خوڵقانـدن و وزەی سێکس، بـهڵام ڕەنگـی سـپی، سیمبۆڵـه بـۆ لاوازیـی سێکسـی و مـهرگ. چینییـهکان لـهبـهر ڕۆشنـایی دیارده سرووشتییهکاندا، وهک ڕۆژ و شهو، هاوین و زستان، پێیــان وابــووه، پێکگەییشــتنی (سێکســـی)یش، کــه ژن تێییــدا

دەستپێشخەر بووە، وەک لە ڕێی بارانەوە، بەریەککەوتنی ئاسمان و زەوینە و دەیانگوت: هەور هێلکەی زەوینە و لە ڕێی بارانەوە، بە تۆوی ئاسمان دەپیتێنرێت.

بە گوێرەی فەلسەفەی چینی، مێ، لایەنی تاریک و نێر، ڕووناکە. مێ، لاوازە و نێر، بەهێزە. مێ، بەرکار و نێر، بکەرە، بەڵام لەگەڵ یەکدا ناکۆک نین، تەواوکەری یەکترین و مێ تۆزێک لە نێر و نێر هەندێک لە مێی تێدایە، مێ، هەندێک ڕووناکی و نێر، بڕێک تاریکیی تیدایە. لای کۆنفۆشیۆسییەکان، ئەوە تێکەڵبوونی ئاسمان و زەوینە، فۆرم بە شتەکان دەبەخشێت و ئەوە پێکگەییشتنی سێکسی نێوان پیاو و ژنە، ژیانیان بە بەردا دەکات.

(تاو) کە بەمانای ڕێگە، یان هێزی گەردوون، دێت، لە ئەنجامی یەکگرتنی (ین و یانگ)ەوە، واتا، (نێر و مێ)وە، سەرهەڵدەدات. ئەو سێ کوچکەیەی لای کریستیانەکان هەیە: (باوک و کوڕ و ڕۆحی قودس،) لە تاویزمدا، (ئاو و هەور و ژن) و (ئاگر و ڕووناکی و پیاوە.) بە گوێرەی تاویزم، چونکە ئاسمان، نێرە و زەوین، مێ، بۆیە دەبێت، وەختی جووتبوون، نێر لە سەرەوە و مێ لە ژێرەوە بێت، پیاو ئەمر بکات و ژن جێبەجێکار بێت، ئەوسا ئیدی هەرگیز بالانسی گەردوون تێک ناچێت.

لە کاتێکدا تاوییەکان پێیان وابوو، جڵەوکردنی ئارەزووی سێکس، ناسرووشتییە، چونکە دەروونی ئینسان ئاڵۆز دەکات و کەسایەتی دەشێوێنێت، بودابییەکان سەروەختی سەرجێی، دەچوون

بە هۆی پەنجەوە گوشاریان دەخستە سەر ئەو دەمارەی تۆوی پێدا دێت، تا تۆو ڕشتن ڕابگرن، ئاخر پێیان وابوو، ئەو تۆوە دەگەڕێتەوە بۆ مێشک و دەبێتە هۆی درێژکردنەوەی تەمەن. تینگ هیسوان کە لە سەدەی حەوتەمدا ژیاوە، لە کتێبی (هونەری خۆشەویستی)دا، هەندێک ناوی سەیری لە چووک ناوە، وەک: ئەسپی شەکەت، دوندی تیژ، قارچکی هەڵئاوساو و ملی کیسەڵ، بۆ (زێ)یش، گوڵەلۆتسی زێڕین، گوزەرگەی تۆو، دۆڵی قووڵ و زمانی مریشکی بەکار دەهێنا.

(سن تسوو موو) یەکێکی دیکەیە لەو دۆکتۆرە ناودارە چینییانەی کە ئەویش لە سەدەی حەوتەمی زایینییدا ژیاوە و لە بارەی سێکسەوە قسەی هەبووە. باسێکی بە ناونیشانی (لەبارەی ژیانی سێکسیی تەندروستەوە،) هەیە، تێیدا دەڵێت: (نە پیاو بێ ژن هەڵدەکات و نە ژن بێ پیاو. پیاو کە تەمەنی بوو بە چل ساڵ، توانای سێکسیی لاواز دەبێت، بۆیە پێویستی بەوە دەبێت، زانیاریی لەو بارەیەوە هەبێت و شتێک لە هونەری سێکسکردن بزانێت.) یەکێک لە ئاواتە بەدینەهاتووەکانی ئەو دۆکتۆرە، بریتییە لە: (بریا لاوان ئەزموونی پیرانیان هەبووایە و پیرانیش هێز و توانای لاوان.) سن تسوو موو بایەخی بە دەستگەمە و ورووژاندنی پێش جووتبوون، داوە و پێی وابووە، نابێت زێدەڕۆیی لە سێکسکردندا بکرێت، ئەگەر نا، توانای بە زیندوویی مانەوە، بێ خۆراک دەمێنێتەوە.

تاوییەکان کە پێیان وابوو، تا فەرمانڕەوا هەبێت، (دز)یش دەبێت، خەڵکیان بۆ دژایەتیکردنی سیستەم هان دەدا و دەیانگوت:

ئینسان خۆی دەتوانێت لە ڕێی خۆ پەروەردەکردن و خۆ ڕاهێنانەوە، بە نیرڤانا کە ئەوپەڕی خۆشنوودییە، بگات. کۆنفۆشیۆس دەیگوت: (مامەڵەکردن لەگەڵ ژن و کەسانی ئاستنزمدا، کارێکی دژوارە، ئەگەر لێیان نزیک بکەوێتەوە، لە دەست دەردەچن، ئەگەر خۆتیان لێ بە دوور بگریت، غەزەبت لێ دەگرن.) کۆنفۆشیۆسییەکان سووک سەرنجی ژنیان دەدا و دەیانگوت: (ژن بۆ ئەوە خوڵقاوە، ملکەچی مێرد بێت، چێژی پێ ببەخشێت، ناپاکیی لێ نەکات، بایەخ بە ماڵ بدات و منداڵی تەندروست بەرهەم بهێنێت.) ئەوان پیاویان ئازاد دەکرد و بە (پاکژی) مانەوەیان، تەنیا لە ژن دەخواست.

کۆنفۆشیۆسییەکان لەگەڵ ئەوەدا بوون، ژن لە پیاو جودا بکرێتەوە، بۆیە خانوویان دەکرد بە دوو بەشەوە، بەشی دەرەوە بۆ پیاوان و ناوەوە، کە دەرگای لەسەر دادەخرا و خەسێنراو دەیپاراست، بۆ ژنان. نەدەبوو ژن، هیچ شتێک ڕاستەوخۆ بە دەست، لە هیچ پیاوێک، غەیری مێردی خۆی، وەربگرێت و کە ژن و مێرد پێکەوە دەچوونە دەرەوە، دەبوو ژن ڕووی دابپۆشێت و لای چەپی مێردەکەیەوە بڕوات. (پان چاو) ژنێک بوو، لە کۆتاییی سەدەی یەکەم و سەرەتای سەدەی دووەمدا، گوێ لە قسەی دەگیرا، دەیگوت: (ئافرەت دەبێت، بێ چەندوچوون، ملکەچی پیاو بێت، ئاخر ژنی نموونەیی، ژنێکە هەمیشە گوێڕایەڵی مێرد بێت.) پان چاو، پێی وابوو، دەستگەمەی نێوان ژن و مێرد، قسەی ناشیرین و ڕەوتاری خراپی لێ دەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی تێکدانی ڕەوشت.

لە چینی کۆندا، فرەژنی ئازاد بوو، ئەگەر ژنی یەکەم، منداڵ، یان ڕاستتر، کوڕی نەبووایە، پیاو بۆ پاراستنی میراتیی خێزان، دەچوو ژنی تری دەهێنا، وەلێ ئەگەر ژنی تازە، با گەنجیش بووایە، زوو وەچەی نەخستباوە، فەرامۆش دەکرا. ئەو وەختە وا باو بوو، گەر پیاو بە وریاییەوە، سێکس بکات، شەوانە فریای چەندان ژن دەکەوێت و تەمەنیشی درێژتر دەبێت. لە سەردەمی حوکمی بنەماڵەی (سینگ)دا، کۆنفۆشیۆسییەکان، ئەوەیان قەدەغە کرد، (بێوەژن) شوو بکاتەوە و دەیانگوت: لە برسدا مردن، لەو ناپاکی و سەرشۆڕییە، ئەهوەنترە.

٢٠١٢/٨/٣

(١) جیفری بارندر، الجنس في أديان العالم، ترجمة: نورالدين البهلول، دار الكلمة ٢٠٠١ دمشق.

(*) لینگا و یونی: چووک و زێ.

(**) (ئێمە گیانێکین لە دوو جەستەدا، وەک شیعر و ئاواز لە یەک بەستەدا.) تێکستی ڕەزا حەمە و گوتنی ئیبراهیم خەیات.

(***) خوداوەند، ئەڵڵا نییە، ئیلاهە، خوازنیش، ئالیهەیە.

# سێکسواڵیتیی ژن لە ڕوانگەی غەزالی و فرۆیدەوە

ئایا ژن مافی ئەوەی هەیە، خۆی شاژنی وڵاتی جەستەی خۆی بێت؟ ئایا ئەوە یەکێکە لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، وەک خۆی دەخوازێت، وەها سوود و چێژ، لە جەستەی خۆی ببینێت؟ ئایا نواندنی چالاکی سێکسی، هەر پێوەندیی بە جەستەوە هەیە، یان بەشێکی گرنگی لە جیابوونەوە نەهاتوویشە، لە دنیای ناخی ئینسان؟ ئایا ژن، ئیدی شارنشین بێت، یان گوندی، خوێندەوار بێت یان بێسەواد، لە بواری نواندنی چالاکیی سێکسیدا، وڵاتێکی ئازادە، یان داگیرکراو؟ ئایا ئەوە ئایینە (تابوو)ی هێناوەتە گۆڕێ. یان دابونەریت؟

ئینسان ئیدی چ نێر بێت، چ مێ، ئەو مافانەی هەیە، جەستەی پارێزراو بێت، شکۆمەندیی بەرز ڕاگیراو بێت و چێژیش وەربگرێت. لە کۆمەڵگەی بابسالاریدا، بە هۆی وەگەڕخستنی کۆمەڵێک کۆت و پێوەندی ئایینی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، ئەوە پیاوە سنووری چالاکییە سێکسییەکانی ژن دەستنیشان دەکات و ئەوە نێرە، بە هۆی نواندنی زەبروزەنگەوە، لە هەوڵی ئەوەدایە، مل بە مێ کەچ بکات. بابسالار، پیاوێکە کۆشش بۆ ئەوە دەکات، لە دژی ژن، بەد سوود لە ئایین وەربگرێت و سروشتێکی شەرعی بە پێشێلکردنی مافەکانی ژن بدات. ئەگەر بڕوامان وابێت، ئایینی ئیسلام

کەلـەپووریٚکی جێگیـری بەبـەردبووی نییـە، بـەڵکوو یـەکێک لـە نهێنییـەکانی بـە زینـدوویی مانـەوەی، هـەڵکردن و خـۆ گونجاندنیـەتی، لەگـەڵ هەلومەرجـە کۆمەڵایـەتی و ئـابووری و سیاسییەکاندا، کە بەردەوام لە گۆڕانـدا بـوون، ئـەوا دەگـەینـە ئـەو ئـەنجامـەی، لای ئیسـلام، دەستنیشـانکردنی ڕەوتـاری گونجـاو لـە بواری نواندنی چالاکیی سێکسیشدا، گۆڕانی بە خۆیەوە دیتووە.

ژن بەردەوام بەرەو ڕووی سەرکوتانەوە دەبێتەوە، ئیدی هەر لە زەوتکردنـی ئازادییـە سادەکانییەوە، تـا بـە زۆر بـە شـوودان و فرەژنـی و لێـدان دەگـات. ژن نـە دەتوانێـت ئامانجـەکانی بـەدی بهێنێت، نـە مـافی ئـەوەی هەیـە، هـیچ کـام لـە ئارەزووەکـانی تێـر بکات. لە هەموو ئەو وڵاتانەدا، کە یاسا لەبەر ڕۆشنایی ئایین یان مەزهەبـدا دەنووسـرێتەوە، ژن لـەژێر گوشـاری سـایکۆلۆژی و سێکسیدایە و پیـاو وەک چـۆن چـەکی شـانی بـۆ مـل بـەوی دیکـە کەچکردن بەکار دەهێنێت، چووکیشی بۆ هـەمان مەبەست لـە دژی ژن دەخاتـە گـەڕ. پیـاو، بـەد سـوود لـە چـووکی بـۆ کـۆنترۆلکردنی جەستە و سۆزی ژن وەردەگرێت، بۆ نموونـە، تا ئێستایش لە ئوردن، بـە گـوێرەی یاسـا، ئەگـەر پیاوێـک، ژنێکـی ڕفانـد و بنـی پژانـد، دەتوانێت مـارەی بکـات و بـەڵێن بـدات تـا پێـنج سـاڵ لێـی جیـا نابێتەوە، بەوە لە سزا قوتاری دەبێت.

لـە سایەی سیستـەمی بابسـالاریدا، ئـەوە وەک تـابوو وایـە، ژن باس لەو نایەکسانییە سێکسییە بکـات، مـێ تووشـی هـاتووە، ئـاخر بـەوە بـەرەو ڕووی چەنـدان مەترسـی و هەڕەشـەی ڕاسـتەقینە

دەبێتــەوە، ئیــدی هــەر لــە سـووکایەتی پــێ کـردن، ناوزڕانــدن، پەراوێزخستن، ئیش لـە دەست دان و سزای (یاسایی) دانـەوە و تـا دەگاتە ئەوەی بە هۆی زەبروزەنگەوە دەمکوت دەکرێت. ئـەوە بۆیـە ژن زاتــی ئــەوەی نییــە، بـاس لــەو مافانــەی کــە پێوەنـدییان بـە جەستەیەوە هەیە، بکات. ڕەنگە ئەگەر ژنێک بوێریی شک ببات، بنووســێت: (نێــر مــافی ئــەوەی نییــە، ســنوور بــۆ چالاکییــە سێکسییەکانی مێ دیاری بکـات،) دەستبەجێ بـە بەدڕەوشت لـە قەڵەم بدرێت و خوێنیشـی حـەڵاڵ بکرێت. لـە هەلومـەرجی دژواری وەهادا، کە ژینگەیەکی گونجاوە بۆ گەشەکردنی ئیسلامی سیاسیی توندڕۆ، ژنـان ڕسـتەیەک لــە دژی ڕووپۆشـیش کــە هێمایەکــە بـۆ نایەکســانی، نــاڵێن و ئەگــەر چــالاکیش بــن، ئەوپــەڕی وەدووی دیسکۆرسی نەتەوەیی، کە پیاوانەیە، دەکەون.

ئیسلام ددانی بەوەدا ناوە، پاڵنەری سێکسی وەک چۆن لای پیاو هەیـە، لــە کـن ژنـیش هەیـە و نێـر و مـێ مـافی ئـەوەیان هەیـە، ئــارەزووی سێکســییان کــە پێویســتییەکی ڕەوایــە، تێــر بکــەن. چێژوەرگرتنــی سێکســی کــە هۆکــاری بــەردەوامبوونی ڕەچەڵــەکی ئینسانە، لای ئیسـلام ئـازاد نییـە، سنووری هەیـە، لـە چوارچێـوەی هاوسەرگیریدایە. لای بابسالاران بە چاوپۆشین لەوەی بڕوایـان بـە کــام ئاییـنــە، پیــاو کەســێکە هــەم عــەقڵ دەخاتــە گــەڕ و هــەم خۆڕاگریشـە، وەلـێ ژن، هـەم سۆز دەبیزوێنێت و هـەم خۆیشـی پـێ ڕاناگیرێت، کەواتە بۆ ئـەوەی ئاژاوەی کۆمەڵایـەتی، کە لای ئیسلام دەبێتە فیتنە، پەیدا نـەبێت، پێویستە چالاکییە سێکسییەکانی ژن، لـەژێر سانسۆری پیاودا بن، ئاخر پیاو هەم ژیرە و هەم لـە بـەردەم

فێڵی (مێ)یشدا خۆڕاگرە، ئەگەر نا، ڕەنگە ژنی ڕاوچی و جەللاد، پیاوی قوربانی و نێچیر بە هیلاک ببات. بە پێچەوانەی ئەم تێزەوە، قاسم ئەمین، پێی وایە، لە بواری لەغاوکردنی پاڵنەرە سێکسییەکاندا، ژنان لە پیاوان خۆڕاگرترن.

ژنیش وەک پیاو بۆ سێکس برسییە و پێویستی بە دامرکاندنەوەی ئاگری ئارەزووە. لای ئیسلام پێویستە ئینسان جڵەو بۆ ئارەزوو شل نەکات و نەبێتە کۆیلەی حەزەکانی. ئەو خود و خودی بالآیەی فرۆید باسی کردووە، لای ئیسلام، دەبێتە ئەو نەفسەی ژن بۆ کاری شەڕ، هان دەدات و ئەو نەفسەی دیکەیشی کە هۆشیار و چاودێرە و لێ ناگەڕێت چەوت بڕوات و بەردەوام لە ناخی هەر ژنێکدا، شەڕ و ململانێیە لە نێوان ئەو دوو نەفسەدا. لەم ڕوانگەیەوە، دەبێت ژن، تەنیا بە گوێرەی شەرع، ئارەزوو بخاتە کار و ئەگەر ئارەزووی سێکسی دروست وەگەڕ خرا، لە خزمەتی سیستەمی ئیسلامیدا دەبێت، ئەگەر نا، ڕەنگە ئەو سیستەمە بەرەو تێکدان ببات.

لای ئیسلام، مێ خاوەنی هێزێکی ڕاکێشانی کوشندەیە، هێزێک، نێر بەرگەی ناگرێت، ئەوە بۆیە، مێچکایەتییان بە فیتنە چوواندووە. لە ڕوانگەی ئیمام موسلیمەوە،(ژن، پیاو بەرەو لای خۆی کەمەندکێش دەکات، پیاو بەرگەی جوانی و شیرینیی ژن ناگرێت و ئەژنۆی دەشکێت، ژن هەژموونێکی بەسەر پیاوەوە هەیە، مەگەر شەیتان بەسەر خەڵکییەوە هەیبێت.) ڕەنگە هەر لەو سۆنگەیەشەوە گوترابێت: (کە ژن و پیاوێک دووقۆڵی پێکەوە

دەبن، سێیەمیان شەیتانە.) هەر لەم دیدەوە، ژنێک لە خۆشاوی جووتبوونی نۆشیبێت، مەترسیی زۆرترە، ئاخر بەرگەی ئەو نائومێدییە ناگرێت کە بە هۆی دابڕانەوە سەر هەڵدەدات.

(مەجدووب)ی شاعیر کە لە سەدەی شازدەیەمدا ژیاوە، ژن بەو کەشتییە دەچوێنێت کە ئیللا دەبێت تێک بشکێت و بە سەرنشینەکانییەوە نوقم ببێت، بۆیە داوا لە پیاو دەکات، قەت متمانەی بە ژن نەبێت، چونکە ژن ئیللا دەبێت، ناپاکیی لە پیاو بکات و دەڵێت: (ماسی بۆ ئەوەی مەلە بکات، پێویستی بە ئاوە، ژن تاکە مەخلووقە، دەتوانێت بێ هەبوونی ئاو، مەلە بکات.) هاوبیرەکانی مەجدووب پێیان وایە، سیستەمی ئیسلام، بەرەو ڕووی دوو مەترسی بووەتەوە، مەترسییەکی دەرەکی کە لای کافرانەوە دێت، مەترسییەکی ناوخۆیی کە لای ژنانەوە دێت. (فیتنەیەکم لە دوای خۆمەوە جێ نەهێشتووە، هێندەی ژنان، زیانی بۆ پیاوان هەبێت.) دەڵێن ئەوە فەرموودەی پەیامبەرە، ڕەنگە وایشی نەگوتبێت.

ئەوەی وەک نیشانە نراوەتەوە و تەقەی لێ دەکرێت، خودی ژن نییە، هەموو ژنێک نییە، سێکسواڵیتیی ژنە سەرچڵەکانە، ئەوە چالاکییە سێکسییەکانی ژنە یاخیبووەکانە کە ئاژاوە دەنێتەوە و کاولکاری بەرهەم دەهێنێت. لای بابسالاران، ژنێک فیتنەیە، سەرکێشی بکات و سنووری هەژموونی پیاو ببەزێنێت. لای ئیسلام ژنێک لە چوارچێوەی شەرعدا، سێکسواڵیتیی (چالاکیی سێکسی) خۆی بخاتە گەڕ، ئەوا نەک زیانی نابێت، بەڵکوو سوودی بۆ

کۆمەڵیش دەبێت. سوودەکانی شەرعییانە بەکارهێنانی سێکسوالێتی بریتین لە: ١) بەردەوامیدان بە ڕەچەڵەکی موسڵمانان. ٢) ئاشناکردنی ئینسان بەو لەززەتەی، قەرارە لە بەهەشتدا بیچێژێت. ٣) تێرکردنی پێویستییە سێکسییەکان، زامنی سەرکەوتنە لە بواری فیکردا. ئەوەیش جێی سەرنجە، لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا، ئاماژەیەکی ڕوون بۆ ئەوە نییە، کە پێوەندیی نێوان ژن و مێرد، پێوەندییەکی پیرۆزە و لە پێناوی وەچەخستنەوەدایە، زێتر ئەوەی پێوە دیارە، بە مەبەستی تێرکردنی ئارەزووی سێکسییە.

ئیمام غەزالی (١٠٥٠ _ ١١١١) پێی وایە، ئارەزووی سێکسی و سیستەمی کۆمەڵایەتی لەگەڵ یەکدا ناکۆکن و ئەگەر بەر بە ئارەزوو نەگیرێت، بەدڕەوشتی پەرە دەستێنێت. لای ئەو، ئەو سۆزەی ژن، بۆ پیاوی دەردەبڕێت، وەک ئەو دانە وایە کە بە مەبەستی گرتن، بۆ تەیرێکی نابەڵەد ڕۆ دەکرێت. بۆیە بۆ پاراستنی کۆمەڵ لە فیتنە کە سەرچاوەکەی ژنە، نابێت ئارەزوو، گوێڕایەڵی خودی تاک بێت، بەڵکوو پێویستە ژن، کە لە بواری چالاکیی سێکسیدا، لە پیاو ئەکتیڤترە، وەتاق بخرێتەوە و هەمیشە لەژێر چاودێریدا بێت. ئەگەر وای بۆ بچین، ژنی هەمیشە فێڵزان، توانای فریودانی پیاوی هەمیشە گێلی هەیە، ئەوە دداننانە بەوەدا کە ژن لە پیاو لێهاتووترە و حەیفە مێ پاشکۆی نێر بێت.

ئیمام غەزالی دەڵێت: (دەبێت ژن لەژێر کۆنترۆڵدا بێت، ئەگەر نا، سەرنجی پیاو ڕادەکێشێت و لێ ناگەڕێت ئەرکە کۆمەڵایەتی و

ئاییننییەکانی جێبەجێ بکات، ئەمەیش بەوە دەکرێت، ژن لەژێر هەژموونی پیاودا بێت، ژن لە پیاو جودا بکرێتەوە و فرەژنیش هەبێت.) عەققاد کە بڕوای بە باڵادەستی نێر بەسەر مێدا هەیە، وای بۆ دەچێت: (لوتکەی بەختەوەری و ئەوپەڕی چێژوەرگرتن لای ژن، کاتێکە مل بۆ پیاو کەچ دەکات و لە ئاستیدا هەست بە تێکشکان دەکات،) بۆیە پیاو بە ڕاوچی لە قەڵەم دەدات و ژن بە نێچیر، وەلێ غەزالی بە گوێرەی لێکدانەوەی خۆی بۆ دەقی پیرۆز، پێی وایە، ژن ڕاوچییە و بە هۆی فێڵەوە بەسەر پیاوی نێچیردا زاڵ دەبێت، نەک بە هۆی هێزەوە. لای عەققاد، ژن چونکە لاوازتر و نزمتر لە پیاو خوڵقاوە، بۆیە هانا بۆ فێڵ دەبات، ئەو فێڵبازییە لای غەزالی، کە مێچکایەتی بە هاوواتای بە شەیتانبوون دەزانێت، وەک لایەنی بەهێزی ژن دەکەوێتەوە، ئاخر پێی وایە، ژن لە توانایدا هەیە، فیتنە بنێتەوە و سیستەمی کۆمەڵایەتیی ئیسلامی تێک بدات.

فرۆید (١٨٥٦ _ ١٩٣٩) پێی وایە، سێکس سەرچاوەی داهێنان و شارستانییە و بە پێچەوانەی غەزالییەوە کە ژن بە وروژێنەر و پیاو بە وروژاو لە قەڵەم دەدات، فرۆید، پیاو بە بکەر و ژن بە بەرکار نێوزەد دەکات. فرۆید قیتکەی بە چووکێکی بچووک دەزانی و دەیگوت: هەندێک لە بەشەکانی دەزگەی زاوزێی نێر لە مێدا هەیە، بەڵام لە حاڵەتی سڕبوون یان بزربووندا و پێچەوانەکەیشی هەر دروستە، بە جۆرێک وەک تاک نە نێر بێت، نە مێ، بەڵکوو هەردووکیان بێت، بەڵام چونکە هێلکە هەر لای ژن و تۆو هەر لای پیاو هەیە، ڕەنگە ئەو تێبینییە بایەخێکی گرنگی نەبێت. لای

غەزالی، ژن هێندە کارایە، ڕەنگە سیستەمی کۆمەڵایەتی تێکوپێک بدات، وەلێ لای فرۆید، لەبەر ئەوەی چالاک نییە، ڕەنگە هەمان ئاژاوە بنێتەوە.

ئەرستۆ پێی وابوو، ئەوە نوتفەیە، گیان بە پز دەبەخشێت، ئیبن سینایش وەک شاگردێکی ئەو، دەیگوت: جووڵە لای نوتفەیە. غەزالی دەڵێت: (تۆوی پیاو بۆ ئەوەی بە تۆوی ژیان هەژمار بکرێت، پێویستی بەوەیە لە پزدانی ژندا بچێنرێت و لەگەڵ ئاوی ژندا یەک بگرێت.) هەرچەندە لە سەدەی دەیەمدا، واتا دەیان ساڵ پێش لە دایکبوونی غەزالی، زانست پەی بە هەبوونی هێلکەدان و هێلکەی ژن بردبوو، وەلێ پێ دەچێت ئەو زانیارییە، بەو (زانا) ئیسلامییە نەگەیشتبێت، ئەگەر نا، لەبری هێلکە، (ئاو)ی بەکار نەدەهێنا. ئەوەی کە غەزالی باسی چاندنی تۆو دەکات، دەشێت سوودی لەو ئایەتە وەرگرتبێت کە دەڵێت: (ژنەکانتان کێڵگەی خۆتانن. بەقەرە ٢٢٣)

فرۆید پێوەندیی تۆو بە هێلکەوە لە سەروەختی جووتبووندا، بە دوژمنکارانە لە قەڵەم دەدات و وای بۆ دەچێت، ئەوە ڕووبەڕووبوونەوەیە، لە نێوان بوێریی تۆو و ملکەچیی هێلکەدا، ئاخر ئەوە تۆوە هێرش دەبات، وەلێ هێلکە چاوەڕێیە و هیچی تر. فرۆید هەمان بۆچوونی بۆ پێوەندیی نێوان نێر و مێیش هەیە و دەڵێت: (ئەوە پیاوە بە مەبەستی جووتبوون لەگەڵیدا، ڕاوی ژن دەکات و دەستی بەسەردا دەگرێت و خۆی دەگەیەنێتە هەناوی.) فاتیمە ئەلمەرنیسی دەڵێت: (ئەوە سەیر نییە کە غەزالی پێی

وابووه، هەم نێر و هەم مێ (ئاو)یان هەیە، نەک دوو شتی جیاواز، ئەوە سەیرە بیۆلۆگیستێکی زێدە لێهاتووی وەک فرۆید، پێی وابێت، هێلکە بە بەراورد لەگەڵ ڕۆڵی تۆودا، بەشدارییەکی ئەوتۆی نییە.)

فرۆید پێی وایە، شارستانی زادەی وزەی سێکسییە، وزەیەک کە لە ئامانجە سێکسییەکان لای داوە و بەرەو ئامانجی بالاتر، ملی ناوە، بەلام لای غەزالی، شارستانی بەرهەمی تێربوونی پێویستییە سێکسییەکانە و داهێنان لە ئەنجامی چەپاندنی سێکسییەوە سەرهەڵنادات، بەڵکوو زادەی ژیانێکی سێکسیی بێ کەموکووڕییە. غەزالی دەڵێت: (بڕوادار بۆ ئەوەی تواناکانی بۆ دەستخستنی زانست تەرخان بکات، پێویستە تا دەتوانێت گرژییەکانی ناوەوە و دەرەوەی جەستەی خاو بکاتەوە و نابێت خۆی نوقمی خۆشییە دنیاییەکان بکات. ژن خۆشییەکی ترسناکە، پێویستە تەنیا بۆ وەچەخستنەوە و کوژاندنەوەی ئاگری ئارەزووی سێکسی سوودی لێ وەربگیرێت. نابێت ژن بکرێتە ئامانج و موسڵمان پێیەوە سەرقاڵ ببێت، پێویستە هۆش و بیری بڕوادار هەر لە کن یەزدان بێت، ئەویش لە ڕێی دەستخستنی زانست و ڕامان و خواپەرستییەوە.) پەیامی غەزالی ڕووی لە ئینسان نییە، بە ژن و بە پیاوەوە، تەنیا ڕووی لە نێرە، لای ئەو ژن نەک هەر لە دەرەوەی مرۆڤایەتییە، بەڵکوو وزە سێکسییەکانی مەترسییەکی گەورەیشە و هەڕەشە لە سیستەمی کۆمەلایەتیی ئیسلام دەکات.

ئیڤلین عەققاد دەڵێت: (بۆ ئەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، گۆڕانکاریی ڕاستەقینە بە خۆیانەوە ببینن، پێویستە شۆڕش لە بواری سێکسدا، بەشێک بێت لە شۆڕشی سیاسی.) لە دنیای دواکەوتوودا، هەمیشە کێشەی ژن، مەسەلەیەکی لاوەکییە و کە باس لە هەژموونی نێر دەکرێت، هەمیشە ئازادی و یەکسانی لە ڕووی ئابوورییەوە، وەک چارەسەر پێشنیار دەکرێت و هەمیشە مافی ژن بە قوربانی شۆڕشی نیشتمانی دەکرێت. تەنانەت چەپەکانیش، هێندەی بایەخ بە دابینکردنی بژێوی و نیشتگە، بۆ ژن دەدەن، نیو هێندە، باس لە سێکسوالێتیی کۆنترۆڵکراوی ژن ناکەن، وەک سێکس یەکێک نەبێت لە پێویستییە بنەڕەتییەکان، وەک لە بیریان چوو بێتەوە، ژنان هەر بە خواردن و خەوتن ناژین و پێویستیان بە سۆز و خۆشەویستیشە، وەک هەستی پێ نەکەن، سێکسوالیتی، خەمێکی قووڵە و بایەخێکی زۆری لە کن ژنان هەیە.

2012.07.06

(١) فاطمة المرنيسي، المفهوم الإسلامي حول الجنسانيه الأنثوية الفاعلة.

(٢) إيفلين عقاد، الجنسانية والسياسة الجنسية في الشرق الأوسط.

(٣) ليلى أحمد، الثقافة العربية والكتابة حول جسد المرأة.

(٤) پنار إيلكاركان، المرأة والجنسانية في المجتمعات الإسلامية، ترجمه: معين الإمام، دار المدى للثقافه والنشر ٢٠٠٤ دمشق.

## کەڵەشێری سەرەنگوێلک

هەر چی شک دەبەین، بیبەخشین بە ئەوین،
هێشتا هەقی تەواوی خۆیمان پێ نەداوە.

فرەژنی، دیاردەیەک نەبوو، تایبەت بێت، بە نیمچە دوورگەی عەرەب، لە گەلێک شوێنی دیکەی دنیادا باو بوو، بە تایبەتی لە ئاسیا و لە ئەفریکا. فرەژنی لای جوولەکەیش هەبوو، تەنانەت لە ناو مەسیحییەکانیشدا، کە تاکژنی باوە، هەبوون ملکەچی ئەو یاسایە نەدەبوون، لەوانە: هەنریی هەشتەم. پیاوی موسڵمان مافی ئەوەی هەیە، جوولەکە یان کریستیان بهێنێت، بەڵام، ژنی سەر بە ئایینی ئیسلام، مافی ئەوەی نییە، شوو بە جوو یان بە گاور بکات. پێش سەرهەڵدانی ئیسلام، پیاو دەیتوانی هەم باوەژنی مارە بکات و هەم هاوزەمان دوو خوشکیش بهێنێت، ئیسلام ئەوانەی قەدەغە کرد. ئیسلام ئەوەیشی حەرام کرد، پیاو سەروەختی سووڕی مانگانە، توخنی ژنی بکەوێت. حەڵاڵکردنی فرەژنی، پێوەندیی بەوەیشەوە هەبوو، لەو شەڕانەدا کە بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام دەکران، زۆر لە جەنگاوەران دەکوژران و ژنانێکی زۆر بێ مێرد دەمانەوە. ئەوەی پێی دەڵێن: هاوسەرگیریی سەفەری، هەر پێوەندیی بە جەنگەوە هەبوو، موسڵمانان، ماوەیەکی درێژ، دوور لە ژن وماڵی خۆیان دەمانەوە

و خۆیان پێ ڕانەدەگیرا، بۆ ئەوەی ورەیان هەر بڵند بێت و درێژە بە جیهاد بدەن، هاوسەرگیریی کاتەکی هاتە ئاراوە.

کە خەدیجە، خۆی پێشنیاری بۆ محەممەد کرد، شووی پێ بکات، بەڵگە بوو بۆ ئەوەی، ژن لە سەردەمی جاهیلیدا، بڕێک لە ئازادیی هەبوو. دیاردەی زیندەبەچاڵکردنی کچ، کە ئیسلام حەرامی کرد، تایبەت بوو بە هەندێک خێڵ، ئەگەر نا، ژنی کۆچەری، لە سەردەمی جاهیلیدا، هەم مافی هەڵبژاردنی مێردی هەبوو، هەم دەیتوانی، ئەگەر ژنی بەسەردا هات، مێرد جێ بهێڵێت. جێفری پاریندەر دەڵێت: (سەپاندنی دوورەپەرێزی بەسەر ژناندا، حیجاب، حەریم، فرەژنی و ژنی سەفەری، ئاسۆی ئازادییان لە بەردەم ئافرەتاندا لێڵتر کرد.)

لای زۆرێک لە موسڵمانان هەم کچ خەتەنە دەکرێت و هەم کوڕ، کچ بە نهێنی و کوڕ بە ئاشکرا و بە دەم ئاهەنگ گێڕانیشەوە، ئەوەی کورد، خەتەنەسوورانی پێ دەڵێن. لای گەلێک کولتوور، کاتی خوێن لەبەر ڕۆییشتن، ژن بە (پیس) هەژمار دەکرێت و تا سووڕی مانگانەی تەواو نەبێت، (پاک) نابێتەوە! کە ژن دەکەوێتە سووڕی مانگانەوە، موسڵمان تەنیا لەگەڵی ناخەوێت، بەڵام جوولەکە، نانی دەستیشی ناخوات. لای هیندۆسەکانیش ئەوە وەک حەرام وایە، سەروەختی خوێن لەبەر ڕۆییشتن، پیاو توخنی ژن بکەوێت، وەلێ ئەوەیش گوناهێکی زلە، ئەگەر دواتر نەچێتە کنی. لای زەردەشتییەکان ئەوە (ئاهوریمان)ە، وا دەکات ژن خوێنی

لەبەر بڕوات، بۆیە پێیان وایە سەروەختی سووڕی مانگانە، ژن هێندە پیسە، ئەوی دەستیشی لێ بدات، پیس دەبێت.

هەموو شەوێک، شەهرزاد چیرۆکەکەی لە جێیەکی وا هەستناکدا جێ دەهێشت، شەهریار ناچار دەبوو، نەیکوژێت و لێی بگەڕێت تا سبەی شەو تەواوی بکات. ئەمە لە ڕوانگەی پیاوی بابسالارەوە، ئەوی ژنی تەنیا بۆ سەرجێیی دەوێت، نیشانەی زیرەکی نا، نیشانەی فێڵبازیی ژنە. جەلال الدين السيوطي (١٤٤٥ - ١٥٠٥) کتێبێکی هەیە، ناوی ناوە: (نواضر الإيك في معرفة النيك) بەم نزایە دەست پێ دەکات: (سوپاس بۆ ئەو خوایەی، سینگی کچانی بە مەمک ڕازاندەوە.) ئەمەیش هەر زادەی ئەو کولتوورە بابسالارییە بوو، ژنی هەر بۆ ئەوە دەویست، چێژی لێ ببینێت.

شێخ (محەممەد نەفزاوی)یش کە زانایەکی تونسییە، کتێبی (الروض العاطر في نزهة الخاطر)ی بەم نزایە دەست پێ دەکات: (سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوا گیانەی وای کرد، پیاو ئەوپەڕی خۆشی لە ژن و ژن ئەوپەڕی خۆشی لە پیاو ببینێت.) نەفزاوی لە هەمان کتێبدا دەڵێت: (با سوپاسی ئەو خوا مەزنە بکەین کە ژنی بەو جوانییە خوڵقاند و ئەو جەستە وروژێنەرەی پێ بەخشی، کە پیاو توانای ئەوەی نییە خۆی لە شەیدابوونی بپارێزێت.) ئەو زانایە، بۆ ئەندامی نێرینە، سی و پێنج ناو و بۆ هی مێیینە، سی ناوی، لەو کتێبەیدا نووسیوە و باسی زۆر شتی سەرنجڕاکێشی

کردووە، لەوانە: شێوازەکانی سێکسکردن، نهێنیی نەزۆکیی پیاو و سوودی هێلکە بۆ جووتبوون.

لە خۆرهەلات بە گشتی، خۆشەویستی بە نهێنییەکی پیرۆز لە قەڵەم دەدرێت و کردەی سێکس تەنیا وەک هۆکارێک بۆ وەچەخستنەوە سەیر ناکرێت، بەڵکوو بایەخێکی زۆر بەو لایەنی چێژەیش دەدرێت کە بە ئینسانی دەبەخشێت و وای لێ دەکات خاوەنی تەنێکی دروست بێت. (چاو دەروازەی ڕۆحە، ئاخر لە ڕێی چاوەوە، ئەوین دەگاتە ڕۆح و بە دەرووندا بڵاو دەبێتەوە.) خۆرهەلاتی پێی وایە: مووچڕکەی جووتبوون، زیاتر پێوەندیی بە ڕۆحەوە هەیە، وەک لە جەستە، ئاخر ئینسان زیاتر چێژ بە ڕۆحی دەگات، وەک لە جەستەی. ڤێنێریال، کە بە مانای زاووزێ دێت، لە ڤێنوسەوە هاتووە، کە لای ڕۆمانییەکان، خوداوەندی جوانی و ئەوینە. لای هیندۆسەکان جووتبوون، کردەیەکی ڕووکەش یان جەستەیی نەبوو، نهێنییەکی پیرۆز بوو، ئینسان لە نێویدا بزر دەبوو. (کەڵەشێری سەرنگوێلک،) بەو خۆرئاواییبیە دەگوترێت، بە مەبەستی سێکسکڕین ڕوو دەکاتە خۆرهەلات، ئاخر ئەوەی ئەنجامی دەدات، تەنیا کردەیەکە جەستەیی، هیچی ڕۆحی و ویژدانیی لەگەڵ نییە.

حۆری کە چەند جارێک لە قورئاندا هاتووە، کیژانی پاکیزەی سپیوسۆڵی چاوڕەشن و بە نسیبی ئەوانە دەبن کە بەهەشتیان بە نسیب دەبێت. ئەو حۆرییانە بە گوێرەی دەقی قورئان، هێندە جوانن، هەم لە مرواری دەچن و هەم لە یاقووت و مەرجانیش.

مەی کە لـەم دنیـا بـۆ موسڵمان حـەرامـە، لـەو دنیـا، لـە بـەهـەشتدا حـەڵالـە، بـەڵام جۆرە شـەرابێک کە کوڕانێکی کـەمتـەمـەن دەیگێڕن و بەهـەشتی، نـە پێی سـەرخۆش دەبێت و نـە سـەری پێی دێتـە ژان.

گـاوران، مـەریـەمی پاکیزەیـان هـەبوو، موسڵمانانیش، ڕابیعـەی عـەدەوییـە، کـە بـە جۆرێک خـوای دەدوانـد، وەک عـاشقی بووبێت. ئـەو ئافرەتـە سۆفییە پاکیزەیـە، نـەیدەخواست موسڵمانان ترسی خوایان لە دڵدا بێت، دەیویست ئـەوینی خوایان لـە دڵدا بێت. کـە گـوێ لـە ڕابیعـەی عـەدەوییـە دەگـرین، هـەر دەڵێیت شـیعری عیرفانیی حافیز یان سـەعدی دەخوێنینـەوە، شیعرێکی ڕۆحـی، کـە تێیدا هەست بە گڕی عیشقێکی خودایی دەکەین و تێیدا شـەرابیش وەک ئـەوینی خودایی، ئاگرینە.

ئـەگـەر خۆشەویستی نـەبێت، ئیدی ئینسان ئـارەزووی بـۆ هـیچ خۆشییەکی دیکە نابزوێت. ئەوە بۆیـە لینگـا کـە لای هیندۆسـەکان بـە مانـای چـووک دێـت، هێنـدە پیـرۆزە، سیمبۆڵـە بـۆ شـیڤا، کـە خوداوەنـدی فـەڕ بـوو. دۆنـادۆن کـە دەبێتـە تـەناسـوخ، یـان تـەقەمموس، لـەوەوە هاتووە، نـەفس یان ڕۆح لـەم جـەستـەوە دەچێتـە نێـو ئـەو جـەسـتـەوە، واتـا جـەسـتـە قـەمیسـی نـەفسـە و ڕۆح لـەم کراسـەوە دەچێتـە کراسێکی دیکـەوە. لای ئـەوانـەی بڕوایـان بـە دۆنـادۆن هـەیـە، سێکس پێوەنـدیی بـە ڕۆحـەوە هـەیـە، نـەک بـە جـەستـەوە. چونکـە لایـەنی هاوبـەش لـە نێوان ئـەفسانـە و ئاییندا زۆرن، ئـەوە بۆیـە، بـە ئـەفسـانـەیان دەگـوت: ئـاییني میللـی. بـە گـوێرەی ئـەفسـانـەی هینـدی، خۆشـەویسـتی چونکـە پێوەندییـەکی

پیرۆزە، نابێت لەسەر بناغەی پێشێلکردنی مافی کەسانی دیکە ڕۆ بنرێت.

تۆماس بەلفینش (١٧٩٦ _ ١٨٦٧) کتێبێکی هەیە، ناوی ناوە: ئەفسانەکان، تێیدا لە بارەی سەرهەڵدانی ئەفسانەوە، هەندێک تیۆریی دەستنیشان کردووە: ١) ئەفسانەکان لەو کتێبانەوە وەرگیراون کە لە ئاسمانەوە دابەزیون. ٢) قارەمانگەلی ئەفسانەکان، مرۆڤگەل بوون و هێندە چیرۆک لەبارەیانەوە هەڵبەستراوە، تا لە زەینی ئینساندا، بە پلەی خوداوەند گەییشتوون. ٣) ئەفسانەکان بریتین لە ڕەمزی ئەدەبی، مەبەستی ئایینی، مانای فەلسەفی، یان ڕووداوی مێژوویی. ٤) قارەمانگەلی ئەفسانەکان، واتا: خوداوەندەکان، کۆمەڵێک ڕەمزن بۆ هێزە سرووشتییەکان. ٥) لە سەرەتادا ئەو ئەفسانانە هەبوون و شاعیران و پەیکەرتاشان، بۆ نووسینەوەی داستان و چێکردنی پەیکەر، لێیان سوودمەند بوون. لەم ڕوانگەیەوە، شاعیران: ئاسکیلۆس، سۆفۆکلیس و یۆربیدیس لەبەر ڕۆشنایی ئەفسانەدا، تراژیدیان نووسیوە و (ئەرستۆڤانیس)یش هەر بە کۆمەکی ئەفسانە، کۆمێدیای بەرهەم هێناوە.

لای هیندۆسەکان، ژنهێنان، لووتکەی قوربانیدان بوو، پیاوێک ژنی نەهێنابا، پێیان دەگوت: هیچ قوربانییەکی نەداوە. یان پیاو تا ژنی نەهێنابا، بە نیو ئینسان هەژمار دەکرا، ئاخر نیوەکەی تری، ژنەکەی بوو. باوک سەروەختی کچ بە شوودان، ئەم گۆرانییەی دەچڕی:

ها ئەوە کیژەکەم
با ببێ بە ژنی تۆ،
وەرە بیبە،
تا ماوە هی تۆ دەبێت و
وەک سێبەر وەدووت دەکەوێت.

لای هیندۆسەکان، کچان پێشکەش بەم یان ئەو خوداوەند، ئیدی کریشنا بووایە، یان شیڤا دەکران و بە گوێرەی سرووتێکی تایبەتی، بە دەم ئاهەنگ گێڕانەوە، (کاهین)ێک بنی دەپژاندن. جۆرە لەشفرۆشییەک لە پەرستگەکانی هیندۆسەکاندا، بازاڕی گەرم بوو، لەشفرۆشیی پیرۆزی پێ دەگوترا، بە ئاشکرا دەکرا و باجیشی لێ دەدرا، کە ئینگلیزەکان هیندیان داگیر کرد، قەدەغەیان کرد.

کاما سوترا کە بەمانای (باوەڕی ئارەزوو)دێت، کتێبێکە ماملۆستایەکی (بەرهەمی) کە ناوی ڤاتسیا یانا بووە، لە سەدەی سێیەم یان چوارەمی زاییندا نووسیویەتی و تێیدا باسی هونەری خۆشەویستی، ڕاموسان، ئاوێزان، یەکدی گوشین، نەرمەگاز و شێوەکانی جووتبوون دەکات. کاما لای ئەو مامۆستایە بە مانای ئەوەیش دێت، کە بۆ ئەوەی عەقڵ و ڕۆح ئارام بن، دەبێت هەر پێنج هەستەکەی ئینسان، چێژ وەربگرن و پێی وایە، دڵداری بۆ ئەوەیە، پیاو تۆوی متمانە لە دڵی ژندا بچێنێت. ڤاتسیا یانا، کە سێکس بە پیرۆز و جووتبوون بە حاڵەتێک ترسناک وەسف دەکات، دەڵێت: کە مێرد بزر دەبێت، ژن نابێت ئاوڕ لە هیچ پیاوێکی دیکە بداتەوە، بەڵام مێرد مافی ئەوەی هەیە بە دوای ژنی دیکەدا

بگـەڕێت، بـە مـەرجێک دادپەروەرانـە، ژنـان بەسـەر بکاتـەوە. لای هیندۆس، گوڵی لۆتس، ئاماژەیە بۆ (یونی) کە بە مانـای (زێ) دێت و لـە هیندستان پەرستگە بەو تابلۆ و پەیکەرانە دەڕازێنرێتەوە کە بـاس لـە ئـاوێزانبوونی ژن و پیـاو دەکـەن. بـە گـوێرەی تابلۆکـان، سـێکس بـە سـواری حوشـتر و فیلـەوە، بـە دەم خواردنـەوە و سیگارکێشانەوە کراوە و ئـەوەی لای ئیسلام بـە حـەریم ناسراوە، میرە هیندییەکانیش هەیانبووە.

٢٠١٢/٨/٤

(١) جيفرى بارندر، الجنس في أديان العالم، ترجمة: نورالدين البهلول، دار الكلمة ٢٠٠١ دمشق.

(٢) دريـنى خشبة، أساطير الحب و الجمال عند اليونان، المجلد الأول، دار التنوير ٢٠٠٩ بيروت.

(*) بەرهەمی، ئایینێکی هیندییە، هەوادارانی کە گۆشتنەخۆرن، بڕوایان بە دۆنادۆن و قوربانیبەخشین هەیە.

## نۆژەنکردنەوەی پەردەی کچێنی و دەستەسڕی خوێناوی

جێندەر، ئەو ڕۆڵەیە، کۆمەڵ بە گوێرەی ڕەگەز بۆ تاکی دیاری دەکات. لە گەلێک وڵاتی ئیسلامیدا، کوڕ هێشتا هێندە نییە پێی گرتووە، لە زەینیدا، ئەو تۆوە دەچێنن کە ئەو نێرە، ئەوە نییە دایکی داوای لێ دەکات، چووکی پیشانی خزم و دراوسێ بدات؟ ئەمە وا دەکات هەر لەو وەختەوە، کوڕ شانازی بەوەوە بکات کە نێرە و خۆی لە کچ پێ بالاتر بێت، بەڵام ئەگەر کچێکی بچووک، لە کاتێکدا سەرقاڵی گەمەکردنە، بە ئاستەم، بۆ چرکەیەک، جلی ژێرەوەی بە دیار بکەوێت، پێیدا هەڵدەشاخێن. ڕەنگە ئەوە یەکەمین دەرس بێت، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا، وریای پەردەی کچێنیی بێت و تا شوو دەکات، بە پاکیزەیی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی لە یەکەم شەوی هاوسەرگیریدا، بە خوێنی ئەو پەردەیە، دەستەسڕە سپییەکە، سوور بکات و ئالای ئاوڕووی خێزان بە شەکاوەیی بمێنێتەوە.

سێکسوالّیتیی مێ، لای ئیسلام بایەخێکی زۆری پێ دراوە و هەمیشە کێشەی ناوەتەوە، بۆیە سەرەتا پیاوانی خێزان و خزمان، دواتریش مێرد، هەوڵیان داوە لە ژێر کۆنترۆڵیاندا بێت. سێکسوالّیتی تەنیا بۆ تێرکردنی ئارەزووە جەستییەکان نییە، بەڵکوو بۆ ئارام ڕاگرتنی دەروون و بۆ سەلماندنی خودیشە، ئاخر ژن کاتێک هەست بە مێبوونی خۆی دەکات، کە لەو ڕووەوە لەژێر گوشاردا نەبێت. باسکردن لە سێکسوالّیتیی ژن، وەک تابوو وایە، نە لە خێزاندا باسی لێوە دەکرێت و نە لە فێرگە. کە کچ بۆ یەکەمین جار خوێنی لەبەر دەڕوا، چونکە هیچی لە بارەی سووڕی مانگانەوە نەزنەفتووە، تووشی شۆک دەبێت. ئەوە باوە، ژن لە ڕووی چالاکیی سێکسییەوە، سارد و نێگەتیڤ و بەرکارە، وەلێ پیاو، گەرم و پۆزەتیڤ و بکەرە، بەڵگەی ئەم بۆچوونەیش ئەوەیە، پاڵنەری سێکسی لای ژن لاوازە و هەر گەییشتە تەمەنی نائومێدی، ئیتر کۆتایی بە چالاکییە سێکسییەکانی دێت.

لای بابسالاران، پلە و پایەی خێزان بە شەرەفییەوە بەندە و ئەگەر ژنانی خێزان، خراپ لە چالاکییە سێکسییەکانیان سوودمەند ببن، زیانێک بە خێزان دەگات، چارەسەری نییە و دەبێت بە خوێنی ڕژاوی ژن، قەرەبوو بکرێتەوە. پاکیزەییی کچ، موڵکی پیاوانی خێزانە و بە پلەی یەکەم، هی باوکییەتی. کە کچ بە شوو درا، باوکی ئەو پاکیزەیییە، هەر وەک کاڵا بێت، لەبری بڕێک مارەیی، ڕادەستی زاوا دەکات.

ئەوەی لە نێوان هەردوو ڕانی ئافرەتدایە، هەر دەزگەی زاوزێی ژن نییە، شکۆ و ئاوڕووی پیاوی بابسالاریشە. ئەگەرچی پرۆسەی ئەنجامدانی سێکس، بە دوو کەس دەکرێت، وەلێ کە کچێک بنی

دەپژێنرێـت، یـان دووگیـان دەکرێـت، تـەنیا خـۆی باجەکـەی دەدات. هەرچەنـدە بـە گـوێرەی یاسـا، ئـەوە تـاوانێکی هاوبەشـە و دەبێـت هـەردوو لا سزا بـدرێن، وەلـێ (لۆگیک)ی بابسالار، تاوانەکە لەسـەر پیاوەکە لا دەبات و دەیدات بە کۆڵی ژنەکەدا. لەو بوارەدا، شـەرع (دلۆڤان)ترە، ئاخر زیناکەر چ نێر بێت و چ مێ، هەمان سزای دەدات، زگـورتی: هەشـتا جەڵـدە و نـەفی، ئەویشـی هاوسـەرینی هـەبێت، سەنگباران دەکرێت، بەڵام ئەگەر زیناکەر خزمی قوربانییەکە بوو، پێش بەردبارانکردن تا مردن، ئەشکەنجەیەکی سەختیش دەدرێت.

زینا کە لێرەدا مەبەست لە زەوتکردنـە، لـە ئیسلامدا، یەکێکە لـە حەوت گوناهە گەورەکە، وەک لـە دیـن هەڵگەڕانـەوە وایـە و تاوانێکـە دژ بـە خـودا و دژ بـە کۆمەڵگـە، تاوانێکـە کـەس مـافی ئـەوەی نییـە سزاکەی سووک بکـات، ئـیللا مەگـەر، یـەکێک لـە چـوار شـاهیدەکە بمرێت، یان مەگەر زیناکەر قوربانییەکە بخوازێت، ئاخر کە بوو بە ژنی، دەیشبێت بە موڵکی و مافی خۆیەتی چێژی لێ وەربگرێت. جێی سـەرنجە، ئەگـەر ژن داوای لەسـەر پیـاو تۆمـار کردبێـت، یـان بـە پێچەوانـەوە، هـەر پێویسـتە ئـەو شـاهیدانە هـەر چواریـان پیـاو بـن! (ئەگـەر پیاوێـک، تۆمـەتی درۆی بـۆ ژنێـک هەڵبەسـت، هەشـتا شەللاقی لێ دەدرێت و ئیدی ببڕای ببڕ بـە شاهید قـەبووڵ ناکرێت.

نـوور ٤) لـە پاکسـتان، ئەگـەر پیاوێـک تۆمـەتی زینـای دایـە پـاڵ ژنەکـەی، هاوسـەرگیرییەکەیان هەڵدەوەشـێتەوە، وەلـێ ئەگـەر تۆمەتبارکردنەکە، هەر بوختان بوو، پیاوە سزا نادرێت. لە پاکستان، چونکە دادگە لە قازانجی پیاو هەڵدەسوورێت، چونکە ئەگەر ژنێک ڕێـی کەوتـە بنکـەی پۆلیس، تـەنگی پـێ هەڵـدەچنرێت، گێچـەڵی

سێکسی پێ دەکرێت و دەستی بۆ دەبرێت، بۆیە مەگەر بە دەگمەن، ئەگەر نا، ژن زات ناکات، داوا لەسەر پیاو تۆمار بکات.

مەزهەبەکان لەسەر ئەوە کۆکن، ئەگەر کریستیانێک، ژنێکی موسڵمانی ئەتک کرد، سزاکەی مەرگە، بەڵام هەمان تاوان ئەگەر لە دەرەوەی قەڵەمڕەوی موسڵمانان ڕووی دا، هەمان سزای نابێت. ژنی زەوتکراو لای شافیعی، هەم مارەیی دەکەوێت و هەم خوێنبایی، بەڵام ئەگەر کۆیلە بوو، خوێنباییەکەی لەبەر ڕۆشنایی بڕی دابەزینی نرخیدا، دیاری دەکرێت. لە میسری جاراندا، ئەگەر پیاوی تاوانکار، قوربانییەکەی مارە کردبا، ئیدی ژن، مافی ئەوەی نەبوو بە تۆمەتی زەوتکردن و بنپژاندن، داوای لەسەر تۆمار بکات. لە بڕێک لە وڵاتانی دواکەوتووی ئیسلامیدا، دادگە، ئەو زیانە مەزنە دەروونییە ڕەچاو ناکات، کە ژن لە ئەنجامی زەوتکردنەوە، پێی دەگات، بۆیە بڕی قەرەبووەکە وەها دیاری دەکات، وەک تاوانکار دەستێکی ژنەی شکاندبێت.

زیائولحەق کە لە ١٩٨٠دا، دەسەڵاتی زەوت کرد، بۆ خامۆشکردنەوەی ئاگری تووڕەیی حیزبە ئیسلامییەکان، ئەوەی کرد بە یاسا کە خوێنبایی ژن، نیو هێندەی خوێنبایی پیاو دەبێت و شایەتیدانی ژن، بەهای نیو هێندەی شایەتیدانی پیاوی دەبێت. لە پاکستان، چونکە پیاوی تۆمەتبار بە زەوتکردن، هەتا تۆمەتەکە نەسەلمێنرێت، بێ تاوانە، بۆیە ژنی زەوتکراوی قوربانی، هەتا بێتاوانیی خۆی نەسەلمێنێت، تاوانکارە.

پیاو، چی توانا شک دەبات دەیخاتە کار، بۆ ئەوەی پێوەندیی لەگەڵ زۆرترین ژندا پەیدا بکات، بەڵام کە دێتە سەر ژنهێنان، بۆ

کچێکــی پــاکیزە دەگــەڕێت، کچێــک قــەت دەســتی پیــاوێکی بــەر نەکــەوتبێت. ڕەنگــە بــا، وا هــەڵنــەکات وەک کەشتییــەکەی دەخوازێت، ئــاخر دەشــێت ئــەو ژنــەی دەیهێنێــت و بــە پــاکیزەی دەزانێــت و دەستەسڕە سپییەکەیشی بۆ سوور دەکـات، پێشتر بنـی پژێنرابێت و ڕۆژێـک پـێش چوونــە نــاو پــەردەوە، دۆکتۆرێـک پــەردەی کچێنیــی بـۆ نۆژەن کردبێتەوە! ئەو دەستەسڕە خوێناوییە، هەر بەڵگـەی پاکیزەیی بووک نییە، ئاماژەیە بۆ گورزی بەهێزی نێریش.

پیاوان بـە گشتی کـە دەچنـە پـەردەوە، پاکیزە نـین و ئـەزموونیان هەیە، بەڵام هەموویان کچی پاکیزەیان دەوێت! ئەمـە هـەر دووڕوویـی نییە، جۆرێکە لـە شیزۆفرینیایش کە تووشی بابسالاران هاتووە، فرۆید لــەو بارەیــەوە دەڵێــت: (تــابووی پــاکیزەیی، کــە لــە قــووڵایی یادگــەی ئینسانی سەرەتاییدا جێگیر بووە، زادەی ترسی پیـاوە لـە ژن، ترسێک کــە لــەوەوە ســەرچاوەی گرتــووە، ژن لــە پیــاو بــاڵاترە و ژن توانــای خولّقانـدنی ژیـانی هەیـە.) ترسێکی دیکـەی پیـاو لـە ژن هـی ئـەوەیـە، وای بــۆ دەچێــت، ژن لـــەودیو عـــەبا و پەچـــەوە، لـــەودیو پـــەردەی گوێرایــەڵی و ملکەچییـــەوە، تـەڵــەی تۆڵــە بــۆ پیــاو دەنێتـــەوە. دووڕووییـیـەکی دیکـەی پیـاوی بابسـالار ئـەوەیـە، پێـی باشـە، ژنەکـەی خـۆی، وشکوبرینگ و ساردوسڕ بێت، چونکـە بـۆ چێژوەرگـرتن و خـۆش ڕابواردن، پشت بـە کـەنیزەکی گـەرموگوڕ، ژنـی سـەفـەریی حـەشـەری و سۆزانیی جحێڵ دەبەستێت.

پـاکیزەییی کـچ یـان پـەردەی کچێنـی، کـە لای بابسـالاران دەکاتـە شـەرەفی خێـزان، تـەواو وەک کاڵایـەک بێـت، سـەرەتا مـوڵکی پیـاوانی خێزانـە، دواتر باوک لـەبری بڕێک مارەیی، پێشکەش بە زاوای دەکـات. ئـەو کچەی پارێزگاریی لە پاکیزەییی خۆی نـەکردبێت، سووک و نزمـە،

وەلێ کوڕ، تا ئەزموونی زۆرتری دیتبێت، پیاوتر و هێژاترە، فاتیمە ئەلمەرنیسی، ئەم دیاردەیەی ناو ناوە، شیزۆفرینیای کۆمەڵایەتی. لە (چین)ی سەردەمی (ماو)دا، وەک چۆن پێش هاوسەرگیری، کچ پاکیزە بوو، کوڕیش لە یەکەمین شەوی هاوسەرگیریدا، بۆ یەکەمین جار، سێکسی دەکرد. ئەوسا لەوێ دەیانگوت ژن لە سی ساڵیدا، لە لووتکەی فەڕ و بەخشیندایە، بۆیە ئەو تەمەنە بۆ هاوسەرگیری دەستنیشان کرابوو، ئەگەر وایان نەکردبا، ژمارەی دانیشتووانی چین، بێ هەژمار هەڵدەکشا.

لە وڵاتانی ئیسلامی، لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت، بووک، پاکیزەیە، یان بنپژاو. لە مەغریب، بە پێی یاسا، سزای پیاوێک، پاکیزەیەک ئەتک بکات، دوو هێندەی سزای پیاوێکە، بنپژاوێکی ئەتک کردبێت. لەوێ کچ پێش چوونە پەردەوە، بەڵگەنامەی دۆکتۆر دەردەهێنێت کە پاکیزەیە و دوای شەوی پەردە، لەگەڵ دەستەسڕە بە خوێن سووربووەکەدا، نمایش دەکرێت. پاراستنی پەردەی کچێنی شتێکی سروشتی نییە، نەریتێکی کۆمەڵایەتییە، ئاخر چ کچ و ج کوڕ، وا خولقاون، هەر کە پێگەییشتن، ئیدی لە ڕووی سێکسیشەوە، چالاک دەبن. هەرچەندە پارێزگاری لە شەرەف و پەردەی کچێنی، ئەرکی خێڵ و گرووپ و خێزانە، وەلێ لە کۆتاییدا، بە پاکیزەیی مانەوە، زادەی خۆڕاگری و ددان بە خۆدا گرتن و ئازایەتیی تاقە کەسێکە کە کچەکەیە، ئاخر لە ڕوانگەی بابسالارەوە، پەردەی کچێنی، وەک نیشتمان وایە، پێویستە کچ خۆی لەسەر بدات بە کوشت، ئەگەر نا، زۆر گران لەسەری دەکەوێت،

دەڵێن لە چین، پەردەی کچێنی دروست دەکرێت و بە نرخێک هەرزان لە بازاڕدا دەست دەکەوێت، ئەگەر ئەو هەواڵە دروست بێت،

ئیدی دۆکتۆری چاوچنۆک، توانای بەد سوودوەرگرتن لە هەڵوێستی لاوازی کچان لە دەست دەدات. لە تورکیا چونکە پەردەی کچێنی مانایەکی زۆری هەیە، ئەو کچانەی پێش هاوسەرگیری سێکسیان کردبێت، پێش شەوی چوونە نێو پەردەوە، پەردەی کچێنی، لای دۆکتۆر، نۆژەن دەکەنەوە.

ئەگەر لە شەوی چوونە نێو پەردە، هیچ دڵۆپە خوێنێک بەدی نەکرێت و داوایی یاسایی تۆمار بکرێت، دادپزیشکی مافی ئەوەی هەیە، لەوە بکوڵێتەوە، کچە ئەو شەوە، پەردەی هەبووە، یان زووتر بنی پژێنراوە. ئەم دەست تێوەردانە لە جەستەی ژن، کە پێشێلکردنی مافی ئینسانە، لە زۆر وڵاتی ئیسلامی، یاساییە، بەڵام یاساییەکی جیاوازکارانە، ئاخر نە سۆراخی ئەو پیاوە دەکەن، بنی کچەی پژاندووە، نە سزای دەدەن. ئەگەر پیاوێک پێش هاوسەرگیری، سێکسی لەگەڵ ژنێکدا کردبێت، ئەوا ئەویش پاکیزە نییە، بەڵام ڕەنگە هەرگیز بەو تۆمەتە، لە پیاوێک نەپێچرابێتەوە.

زۆر لە پزیشکان، ئەو دەستتێوەردانە لە جەستەی ئافرەت، بە کارێکی دڕندانە دەزانن و ئیللا مەگەر لەسەر خواستی کچە بیکەن. لە ڕوانگەی ئەو دۆکتۆرانەوە کە لە پێناوی پارەدا، پەردەی کچێنی نۆژەن دەکەنەوە، جەستەی ئافرەت، تەنیا شتێکە وەک شتەکانی تر، نەک لەشی ئینسانێک. ئەو دۆکتۆرەی لە پێناوی پارەدا، لە کارەوە دەگلێت، هەم سووکایەتی بە پیشەکەی خۆی و هەم فێڵیش لە زاوا دەکات؛ فێڵێک ئەگەر ئاشکرا ببێت، سزای لەسەرە. ئەوە پەردە نۆژەنکردنەوەیە، چونکە کارێکی یاسایی نییە، بۆیە لە نەخۆشخانە گشتییەکاندا ناکرێت، لە کلینیکە تایبەتییەکاندا، بە پارەیەکی زۆر دەکرێت.

ئەو نۆژەنکردنەوەی پەردەی کچێنییە، بۆیە پێویستە، چونکە لای ئیسلام، کچ مافی ئەوەی نییە، لە دەرەوەی هاوسەرگیری، چالاکیی سێکسی بنوێنێت. ڕەنگە هەندێک دۆکتۆر بە قوتارکردنی ژیان و داهاتووی ژنێکی لێک بدەنەوە و وەک کارێکی ئینسانی سەرنجی بدەن، بەڵام ئەوە یاسای بازاڕە، چونکە داوای لەسەرە، وەک هەر کاڵایەکی دیکە، پیشانیش دەدرێت. زۆر جار ڕێ کەوتووە، کچان کە زانیویانە، بۆ دڵنیابوون، لەوەی پەردەی کچێنییان لە دەست داوە، یا نا، بۆ لای دۆکتۆر دەبرێن، خۆیان کوشتووە. دۆکتۆرێک پیشەکەی بە ئینسانی بزانێت، لە پەردەی کچێنی ناپێچێتەوە، ئاخر ئەوە، پێشێلکردنی مافی مرۆڤە، چونکە هەموو مرۆڤێک دەبێت لایەنە تایبەتییەکانی ژیانی پارێزراو بێت، خۆی سەروەری جەستەی خۆی بێت و ئەوە پارادۆکسە، ئەگەر دۆکتۆر پێی وابێت، شەرەفی پیاو، پەردەیەکی تەنکە، لەنێو جەستەی ژندا. ئەوەی کە ئافرەت، لەبەر خۆی نا، لەبەر پیاو، پارێزگاری لە جەستەی بکات، ملکەچکردنە بۆ هەژموونی دەسەڵاتی نێر و بێگانەبوونە لە خود و لە جەستەی خۆی.

لە کۆمەڵگە بابسالارییەکاندا، ئەوە باوە کە پیاو هەمیشە پێویستی بە سێکسە، بەڵام ژن ئەو مافەی نییە، ئیللا دوای هاوسەرگیری نەبێت، بۆیە پیاو پێش ئەوەی ژنی هێنابێت، ئەوە ئاسایی بووە، گەلێک سەرچڵی کردبێت و شارەزاییەکی باشی دەستگیر بووبێت، وەلێ ژن، پێش ئەوەی مێردی کردبێت، پێویستە هیچ چالاکیی سێکسی نەنواندبێت. ڕەنگە کچ حەزی لە پیاوێک کردبێت و پێی باش بووبێت، شووی پێ بکات، وەلێ ئەگەر پیاوانی خێزان بەو حەزەیان زانیبێت، وەک سزادانێک داویانە بە پیاوێکی دی، کە خۆیان هەڵبژاردووە. لەو وڵاتانەی بابسالاری، سیستەمێکی

بەهێزە، بەر بە هەموو چالاکییەکی سێکسی کیژان گیراوە، خەونبینی شەوانە نەبێت، ئاخر ئەوەیان پێ کۆنترۆڵ ناکرێت. لە میسر لە دەرسی کۆمەڵایەتیدا، لە بەشی دابونەریتدا، هاتووە: خووی نهێنی، زیانبەخشە و هێندەی سێکسکردن لەگەڵ لەشفرۆشێکدا، حەرامە.

لە سایەی سیستەمی بابسالاریدا، نە باوک دەرک بە هەست و سۆزی ئافرەت دەکات، نە مێرد. کچ شوو دەکات و نازانێت مێچکایەتی و ڕاکێشانی سەرنجی پیاو، بەری کام درەختن، ئاخر نە هیچ ئەزموونێکی هەیە و نە هیچی لەو بارەیەوە بیستووە یان خوێندووەتەوە، بۆیە زۆر جار هاوسەرگیری بە نائومێدی کۆتایی دێت. ژنێک کە هیچ زانیارییەکی لە بارەی ژیانی هاوبەشەوە نەبێت، ئیدی ئەوە چاوەڕوانکراوە، وەختی سەرجێیی، نیگەران بێت، تووشی دڵەراوکێ ببێت و سەرکەوتوو نەبێت. زۆر جار ژن نە دەزانێت ورووژاندن چییە؟ نە گوڵی حەزی دەگەشێتەوە، نە بە ئۆرگازم دەگات و ڕەنگە وێڕای ئازاری دەروونی، ئازار بە جەستەیشی بگات، ئیدی وای لێ دێت، هەر لایەنی ویژدانی لەگەڵ مێردەکەیدا کۆی دەکاتەوە. ژنی وا، ترس لە سێکس پەیدا دەکات، بۆیە لەو جۆرە ژینگەیەدا، هەمیشە ئەوە پیاوانن داوای سێکس دەکەن، ژنان تا بۆیان بکرێت، خۆیانی لێ دەدزنەوە.

لە کۆمەڵگەی بابسالاریدا، کە کچ لە دایک دەبێت، نەک هەر پێشوازییەکی گەرمی لێ ناکرێت، بەڵکوو خۆی پشتگوێ دەخرێت و سووکایەتیش بە دایکی دەکرێت. نەوال سەعداوی دەڵێت: لەو ناوچانەدا کە ئاستی ژیان تێیاندا نزمە، لەبەر ئەو بایەخنەدانە بە کچ، ڕێژەی مردن بە بەروارد لەگەڵ کوڕاندا، لەناو کیژاندا بڵندترە.

بابسالاران لێ ناگەڕێن، کچ ببێتە خاوەنی کەسایەتیی سەربەخۆی خۆی، ئاخر عەقڵی وەها زەوت دەکەن، توانای ئازادانە بیرکردنەوەی نامێنێت و بە دەستیانەوە، وەک بووکەشووشەی لێ دێت و دەبێتە قوربانیی بڕیارە چەوتەکانیان. کیژێک لە ژینگەیەکی وا دژواردا، پەروەردە بکرێت، نە متمانەی بە خۆی دەبێت، نە شانازی بە خۆیەوە دەکات، نە دەبێتە خاوەنی ویستی ئازادی خۆی و نە کەسایەتییەکی بەهێزی دەبێت.

٢٠١٢/٧/١٩

(١) گولشاه سيرال و إپيک إيلكاركان، المتعه الجنسية كحق من حقوق المرأة.

(٢) فاطمة المرنيسي، العذرية و البطركية.

(٣) بنار إيلكاركان، إستكشاف سياق جنسانية المرأة في مناطق شرقي تركيا.

(٤) لوسى كارول، الزواج المرتب مسبقا.

(٥) أرشالوس كايير، المرأة ومشكلاتها الجنسية.

(٦) نوال السعداوي، الإعتداء الجنسي على الفتيات الصغيرات.

(٧) أميرة سنبل، الأغتصاب والقانون في مصر العثمانية والحديثة.

(٨) عالية شهربانو ضياء، الأغتصاب في پاكستان.

(٩) لمى أبو عودة، جرائم الشرف وبنية الجندر في المجتمعات العربية.

## هاوسەرگیریی کاتەکی لە سایەی حیجابدا

لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٠دا، هاشمی ڕەفسەنجانی کە سەرۆکی ئێران بوو، لە تاران، لە گوتاری هەینیدا، بە ئاشکرا و بێ تەمومژ، باسی لە چالاکییە سێکسییەکانی ژن کرد و گوتی: پێویستە ژن هەست بە ئاسوودەیی و دڵنیایی بکات و ئازاد بێت لەوەدا کە داوای دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ پیاوی دڵخوازی خۆیدا بکات. ڕەفسەنجانی لە مینبەری مزگەوتەوە، گوتی: ژن لە ڕووی سێکسییەوە سەرکوت دەکرێت و ئەوە دژ بە ئیسلامە، ژن خۆی لە تێرکردنی ئەو ئارەزووە سێکسییەی خوا پێی بەخشیوە، بێبەش بکات و ئەوە مافی خۆیەتی، بەوپەڕی باوەڕ بە خۆ بوونەوە، بێ ئەوەی شەرم دای بگرێت، داوای هاوسەرگیریی کاتەکی لە دۆستێکی نزیکی بکات. ڕەنگە بە درێژایی مێژووی ئیسلام، هیچ سەرکردەیەکی دیکەی موسڵمان، بەو ڕاشکاوییە، باسی سێکسواڵیتیی ژنی نەکردبێت.

بۆ ئەوەی ڕەوابوونێکی زیاتر بە قسەکانی بدات، گوتیشی: دژایەتیکردنی سروشت، هەمیشە کارێکی هەڵەیە. هەرچەندە گوتارەکەی ڕەفسەنجانی چاوەڕێنەکراو بوو، بەڵام دابڕانێک نەبوو لەگەڵ کەلەپووری ئیسلامیی شیعەدا. ئەو سەروەختە گۆڤاری (ژنی ڕۆژ) بە توندی بە گژ ئەو پێشنیارەدا چووەوە و گوتی: ئەگەر لای ئێمەش، ژن و پیاو مانگێک یان زیاتر، پێکەوە بمێننەوە، ئیدی هیچ جیاوازی لە نێوان ژن و پیاوی ئێمە و ژن و پیاوی خۆرئاوادا نامێنێت. ئەو ژنە چالاکانە کە سەر بە چینی ناوەند بوون و ترسیان لەوە

هـــەبوو، مێردەکانیـــان لـــە کـــیس بچێـــت، دەیـــانگوت: ڕەفســـەنجانی خۆشەویستیی لەبـەر چـاو نـەگرتووە و تـەنیا بیری لـە دامرکاندنـەوەی ئاگری پێویستییە سێکسییەکان کردووەتەوە.

ڕۆژنامەی کەیهان داکۆکی لە پێشنیارەکانی سەرۆکی ئێران دەکرد و دەینووسی: ئەگەر لە لایەکەوە بەوە قایل بین کە نـاتوانین ئـارەزووی سێکسی، بێ تێرکردن جێ بهێڵێن و لە لایەکی تریشەوە، لێ نەگـەڕێین لە ڕێی بەدڕەوشتییەوە کۆمەڵ بـەرەو کارەسات بـڕوات، هـیچ چارێکی دیکـەمان نییـە، ئـەوە نـەبێت، ڕێگـەی گونجـاو بـۆ تێرکردنـی ئـارەزووی سێکســی بدۆزینـــەوە، ئەگـــەر نـــا، کۆمـــەڵ دەبێتـــە وێرانـــە. ئەوانـــەی هاوسەرگیریی کاتەکییان پێ زینا بوو، دەیانگوت: دەبوو ڕەفسـەنجانی بگەڕێتـەوە بـۆ لای ئـەو فەرموودەیـەی پەیامبـەر کـە گوتوویـەتی: (ئـەی لاوینە! ئەگەر لە تواناتاندا هەیە، ژن بهێنن، ئەگەر نا، بە ڕۆژوو بن!)

هەندێک پێیان وابوو، هاوسەرگیریی کاتـەکی کـە تـەنیا بـۆ چێـژ لـێ وەرگـرتن و دامرکانـدنەوەی ئاڵۆشـە، خـۆی لـە خۆیـدا کێشـەیە، نـەک چارەسـەر، ئـاخر عەبایەکـە بـۆ داپۆشـینی پێوەندییـە ناشـەرعییەکانی نێـوان ژن و پیـاو. بـەڵام گرووپیکـی تـر دەیـانگوت: لەگـەڵ هـەموو کەموکوورییەکانیشدا، هێشتا لـە تێکچوونی شیرازەی کۆمـەڵ باشترە و نە هیچ یاسایەک و نـە هـیچ ئایینێک، مـافی ئـەوەی نییـە، ئینسان لـە تێرکردنـی سەرەکیترین ئارەزووی مەحرووم بکات.

لــە ناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدەیەمـەوە، لـە ئێرانـدا، دوو گوتـار لـە ململانێدا دەبن، گوتاری ئیسلامی و گوتـاری مۆدێرنێتـە، تـا لـە سـەدەی بیســتەمدا، گوتـــاری مۆدێرنێتـــە هـــەژموون پەیـــدا دەکـــات و گوتـــاری ئیسلامی دەیداتـە کـزی، بـەڵام لـە شۆڕشـی ئیسلامیی ١٩٧٩ بـە دواوە، دیســانەوە، گوتـــاری ئیســـلامی کۆمـــەڵی کـــۆنترۆڵ دەکاتـــەوە. هـــەوڵی

بنەماڵــــەی پەهلــــەوی، بـــۆ بـــــە خۆرئـــــاوایيکردنی کۆمـــــەڵ و سیکولاریزەکردنی دەزگاکـانـی دەوڵـەت دەبێت. حیجـاب کـە لـە ١٩٣٦دا قەدەغە دەکرێت، لـە ١٩٧٩دا، دیسان بەسەر ژنانـدا فـەرز دەکرێتـەوە. ئەوسا و ئێستایش، پاکیزەیی بۆ کیژان، بایـەخێکی گـەورەی هـەبووە و هەیـە، کچێـک پێوەندییـەکی قـووڵی بـە کوڕێکـەوە هـەبووبێت، بـە ئەستەم شووی دەست کـەوتووە، ئـاخر تەنانـەت ئـەو کوڕەیش کـە کچـە شەیدای دەبێت، نایخوازێت.

لـە دوای شۆڕشی ئیسلامییەوە، بۆ ڕێکخستنی پێوەندیی نێوان ژنـان و پیـاوان، هاوسـەرگیریی کاتـەکی، وەک چارەسـەرێکی گونجـاو لـەگـەڵ کەلــەپووری شــیعەدا، دەبێتــەوە بــە جێــی بایــەخی هــەڵبژاردەی فـەرمانڕەوا. گوتـاری شیعە، بەرانبـەر سێکسواڵیتی پۆزەتیڤـە و وای بـۆ دەچێـت، هاوسـەرگیری، ئیـدی هەمیشـەیی بێـت یـان کاتــەکی، لــە خزمــەتی بــەهێزکردنی خــودی ئینســاندایە و ئــەوە ڕەبەنییــە کــە ناسروشتییە و خراپەی لێ دەکەوێتەوە. لە کن شیعە، مەبەستی ئـایین ئەوەیـە، خـەم و ئـازاری ئینسـان کـەم بکاتـەوە و پێویستییە ڕۆحـی و جەستەیییەکانی تێر بکات. شیعە هەرچەنـدە بڕوایـان بـەوە هەیـە کـە جەستە دەبێت چێژ وەربگرێت، وەلێ وایشی بۆ دەچن، گـەڕان لـە دووی چێـژ، مەترسـییەکە، هەڕەشـە لــە سیسـتەمی کۆمەڵایـەتی دەکـات و پێویستە بە یاسا سنووری بۆ دابنرێت و ڕێنوێنی بکرێت، ئـەوە بۆیـە، وێڕای جیاکردنەوەی ژن لە پیاو، حیجابیش فەرز دەکرێت.

زانایانی شیعە (مەبەست لـە شیعەی دوازدە ئیمامییـە) دەرک بـەوە دەکـەن، دژایـەتیکردنی ئـارەزووی سێکسـی، کارێکـە بـێ هـوودە، بۆیـە هاوسـەرگیریی کاتـەکی کـە لــە سـەردەمی جاهیلییـەوە هـەبووە، بـە چارەسەرێکی شیاو دەزانـن و پێیـان وایـە لـە ڕووی ئایینیشـەوە، لـەبـەر

ڕۆشنایی ئایەتی بیستوچواری سوورەتی نیسائدا، (فما إستمتعتم بە منهن فأتوهن أجورهن) ڕێگە پێ دراوە. عومەری کوڕی خەتتاب، لە سەدەی حەوتەمدا، هاوسەرگیریی چێژ لە ژن وەرگرتنی حەرام کرد و بە زینای لە قەڵەم دا، ئەوە بۆیە هاوسەرگیریی کاتەکی لای سوننە حەرامە، بەڵام شیعە، چونکە ددان بە عومەردا نانێن و بە خەلیفەی هەژمار ناکەن، نە گوێڕایەڵی (ئەمر)ەکانی دەبن، نە (نەهی)یەکانیشی.

هاوسەرگیریی کاتەکی، گرێبەستێکە کە دەشێت نهێنی و نەنووسراو بێت، لە نێوان پیاوێکدا، ژنی هەبێت یان نا، لەگەڵ ئافرەتێکدا کە گرنگ نییە، پاکیزە، جیابووەوە یان مێردمردوو بێت، بۆ کاتێکی دیاریکراو و بە (مارەیی)یەک کە هەردوو لا لە سەری ڕێک دەکەون و هەر لە سەرەتاوە (مارەیی)یەکە بە بووک دەدرێت. بێجگە لەو مارەیییە کە هەق بوو ناوی کرێ بێت، ئیدی مێردی کاتەکی ناچار نییە، هیچ کۆمەکێکی دیکەی ژنە کاتەکییەکەی بکات. پیاوی شیعە، بێجگە لە چوار ژنی هەمیشەیی، مافی ئەوەیشی هەیە، هاوزەمان چەندان ژنی کاتەکیشی هەبێت، وەلێ ژن، ئیدی شیعە بێت یان سوننە، هاوسەرگیرییەکەی هەمیشەیی بێت یان کاتەکی، نابێت لە هەمان کاتدا، لە یەک پیاو زیاتری هەبێت.

کە وەختی دیاریکراوی هاوسەرگیرییەکە کۆتایی هات، گرێبەستەکە پووچ دەبێتەوە، ژن و مێرد، بێ تەڵاقدان لە یەکدی جودا دەبنەوە و ژنە دوای چلوپێنج ڕۆژ، یان دوای دوو خوێن لەبەر ڕۆیشتنی مانگانە، مافی سەرلەنوێ شووکردنەوەی دەبێت. ئەو چلوپێنج ڕۆژە لە هاوسەرگیریی هەمیشەییدا، دوو هێندەیە، سووڕی مانگانەکەیش، دوو نییە، سێیە و لەبەر ناسینەوەی باوکی شەرعیی

منداڵە. ئەو منداڵانەی بەرهەمی هاوسەرگیریی کاتەکین، بە منداڵی شەرعی هەژمار دەکرێن و لە ڕووی یاساییشەوە، هەموو ئەو مافانەیان هەیە کە منداڵی ژنی هەمیشەیی هەیەتی. منداڵی ژنی کاتەکی بەشە میراتی دەکەوێت، بەڵام ژن و مێردی هاوسەرگیریی کاتەکی هیچ کامیان، لەوی تریانەوە میراتی ناکەوێت. هاوسەرگیریی کاتەکی، هەر بۆ چێژ لێ وەرگرتنە، هی هەمیشەیی بۆ وەچەخستنەوەیشە.

هەرچەندە بازرگانیی سێکس و هاوسەرگیریی کاتەکی، وەک ستراکتور لە یەک دەچن، وەلێ لای زانایانی شیعە لە یەکدی جیاوازن و ئەویان هەم لە ڕووی یاساییەوە قەدەغەیە و هەم لە ڕووی دینەوە حەرامە و ئەمیان هەم لە ڕووی یاساییەوە ڕێ پێ دراوە و هەم لە ڕووی دینەوە، ڕەوایە. بازرگانیی سێکس، ڕێز نەگرتنە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی، ڕەچاونەکردنی ئەو ڕێسایانەیە کە پێوەندیی نێوان نێر و مێ ڕێک دەخەن، مەترسییەکی گەورەیە، هەڕەشە لە تەندروستیی گشتی دەکات و دژ بە بەها باڵاکانی کۆمەڵیشە، بەڵام هاوسەرگیریی کاتەکی، لە ڕوانگەی زانایانی شیعەوە، ملکەچکردنە بۆ یاسا و بۆ سیستەمی کۆمەڵایەتی و بۆ شەرعیش کە لەگەڵ تێرکردنی ئارەزووە سروشتییەکانی ئینساندایە، بۆیە نەک هەر لە ڕووی ئایین و ئاکار و یاساوە ڕەوایە، بەڵکوو بەربەستێکیشە، کۆمەڵ لە لادان و خراپەکاری و هەڵوەشاندنەوە دەپارێزێت.

هەرچەندە مێژووی هاوسەرگیریی کاتەکی لە ئێران تەمومژاوییە، بەڵام سەرەتاکەی بۆ سەدان ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە و لەناو بنەماڵەی قاجارییەکاندا کە ساڵانێکی دوورودرێژ، فەرمانڕەوای ئێران بوون، باو بووە. بنەماڵەی پەهلەوی، وەک لایەنێکی سەردەم بەسەرچووی ئایین، سەرنجی هاوسەرگیریی چێژ لە ژن وەرگرتنیان

دەدا و دەیانویست پەراوێزی بخەن و ئەوە لە بیر خەڵک بچێتەوە کە دیاردەیەکی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی بووە، بەڵام بوێریی ئەوەیشیان شک نەدەبرد، قەدەغەی بکەن. کە لە ساڵی ١٩٦٧دا، یاسای پاراستنی خێزان دەرچوو، چونکە نە بە چاک، نە بە خراپ، ئامازەیەکی بۆ هاوسەرگیریی کاتەکی تێدا نەبوو، خەڵک وایان لێک دەدایەوە، قەدەغە کراوە، بۆیە ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە، لە سەردەمی دەسەڵاتی ماڵباتی پەهلەویدا (١٩٢٥- ١٩٧٩) ئەو بڕۆکە ڕێز و شکۆیەی هەیشی بوو، لە دەستی دا و ئەوانەی دەیاندەکرد، ئیشەکەیان لە نهێنیدا دەهێشتەوە.

هاوسەرگیریی کاتەکی هەرگیز ئەو ڕێزەی نەبووە کە هی هەمیشەیی هەیبووە و دەسەڵاتی ئیسلامیی ئێرانیش، هەر چەند هەولّی دا، نەیتوانی ئەو نەریتە دێرینە زیندوو بکاتەوە و ئەو دەزگەیانەشی بەو کارەوە خەریک بوون، ناویان بە خراپی ڕۆییشتبوو، قەتیش ڕێ نەکەوتووە هەمووان لەو بوارەدا، لە سەر کەلەپووری میللی و ئایینی کۆک بووبێتن. هەرچەندە هیچ بەربەستێکی ئایینی یان یاسایی، لەبەردەم کچانی ئێراندا نییە، گەر بخوازن، لەو جۆرە هاوسەرگیرییە بکەن، بەڵام هێشتا کولتووری میللی وا دەخوازێت، کچ پێش یەکەمین هاوسەرگیریی هەمیشەیی، پاکیزە بێت.

هەرچەندە دەرگە لەبەردەم هاوسەرگیریی کاتەکیدا کراوەیە، وەلێ نە لە پرۆگرامی خوێندندا و نە لە دەزگەکانی دەوڵەتدا، نە هیچی لەسەر دەگوترێت و نە هیچی بۆ دەکرێت. ژنانی سەر بە چینی ناوەند، ئەوانەی خوێندنیان تەواو کردووە و کاریگەریەتی خۆرئاوایان لەسەرە و بڕێکی زۆر لە پیاوانیش، هاوسەرگیریی کاتەکی، وەک بازرگانییەکی یاسایی بە سێکسەوە، دەبینن، بەڵام زانایانی شیعە،

پێیان وایە، شەرعی خودایی حەڵاڵی کردووە و  گەلێك لە بەربادیی سێکسی و خۆشەویستیی بێ قەید و شەرتی خۆرئاوا باشترە. ئایەتوڵڵا موتتەهەری (١٩٢٠ - ١٩٧٩)، بەو ژنانەی هاوسەرگیریی کاتەکییان، بە لەشفرۆشی یاسایی لە قەڵەم دەدا، دەگوت: (ئێوە لە نەفامیتانەوە، لەژێر کاریگەریەتیی خۆرئاوادان و ئەوە جەهلە وای لی کردوون، لە سروشتی پێشکەوتنخوازانەی یاسای ئیسلام تێنەگەن.) زۆربەی ئەو ژنانەی هانا بۆ هاوسەرگیریی کاتەکی دەبەن، سەر بە چینە هەرە هەژارەکانی کۆمەڵن و بە قەولی شەهلا حائیری، (ئەوەی کە ژنانی ئێران، زێدەڕۆیی لە باڵاپۆشی و خۆشاردنەوەدا دەکەن، تەنیا ڕووکەشە، ئاخر ئەوە ژنانن، بۆ بەستنی پێوەندیی بە پیاوانەوە، دەستپێشخەری دەکەن.)

ڕەزا خان هەر کە لەسەر عەرشی پاشایەتی ڕۆنیشت، لە بواری بە خۆرئاواییکردنی ئێراندا، شوێنپێی ئەتاتورکی هەڵگرت و لە ١٩٣٦دا حیجابی قەدەغە کرد، بە شەرتێک ئەوسا، مەگەر خزمی نزیک بوونایە، ئەگەر نا، هەبوونی ژن و پیاو لە هەمان شوێندا، وەک تاوان وابوو. کە لە ١٩٤١دا، حەمەی کوڕ، جێی ڕەزا شای باوکی گرتەوە، ژنانی لە نێوان پۆشین و فڕێدانی حیجابدا سەرپشک کرد، ئیدی ژنانی خوێندەواری سەر بە چینی ناوەند بە سفووری مانەوە و ژنانی (بازاڕ)یش، کە سەر بە بازرگانان و هەژاران بوون، بۆ لای حیجاب گەڕانەوە.

لە سەرەتای ساڵانی شەستدا، ژنانی ئێران، مافی دەنگدان و خۆ بۆ پەرلەمان کاندیدکردنیان وەدەست هێنا و بە گوێرەی یاسای پاراستنی خێزان کە لە ١٩٦٧دا دەرچوو، ئەگەر پیاوێک ژنی دووەمی هێنابا، ژنی یەکەم مافی ئەوەی هەبوو، لێی جیا ببێتەوە. شەهلا حائیری

کتێبێکـی هەیـە، نـاوی نـاوە: (یاسـای ئـارەزووو) تێیـدا دەڵێـت: (لـە گرێبەسـتی هاوسـەرگیریدا، ئیـدی ئـەمیان بێـت یـان ئـەویان، ژن سـیمبۆلی سێکسـواڵیتییە و بەرجەسـتەکەری چالاکییـە سێکسـییەکانە.) وایشی بۆ دەچێت، حیجاب، لـە ئارەزووی پیاو بـۆ ژن کـەم ناکاتـەوە، بەڵکوو هەوڵێکی بێهوودەیە، بۆ پاراستنی پیاو لە تیری جوانیی ژن. لـە ئێرانی ئیسلامیدا، بەس هەبوونی ژنێکی سفوور لـە نێوان پیاواندا، لـە خۆیـدا هـەناردنی پـەیامێکی سێکسـییە، بۆیـە وای بـۆ دەچـن، ئـەوە حیجابـە ژنـان و پیـاوان کـۆنترۆڵ دەکـات و سیسـتەمی کۆمەڵایـەتی دەپارێزێت. لـە ئێرانـی ئێسـتادا، دەسـەڵات وەک لەشـفرۆش سـەرنجی ژنی سفوور دەدات، ئەوە بۆیە ژنان ناچار دەبن، خۆیـان لـەودیو (عـەبا) و حیجابەوە بشارنەوە.

بە گشتی لای پیاوانی ئایین، باسکردن لـە چالاکییـە سێکسـییەکانی ژن، یان تەنانەت باسکردن لە ئازادیی ژن، ژارێکە لە خۆرئـاواوە دێت. کـە فـەرووغ فـەرووخزاد (١٩٣٥ _ ١٩٦٧) حیجـابی فـڕێ دا و بوێرانـە ددانـی بـە خۆشەویستییەکدا نـا، کـە لـە دەرەوەی هاوسـەرگیری بـوو، بنـەماکانی کولتـوورێکی جێگیـری هەڵتـەکاند و کۆمـەڵی تووشـی شـۆک کـرد. فـەرووغ فـەرووخزاد یەکـەمین خاتوونەشـاعیری ئێـران بـوو، بـە شیعر حەز و ئارەزووی خۆی بۆ پیـاو، بـە ئاشکرا دەربـڕی، پێشتر ئـەوە هەر پیاوان بوون، بەسەر جەستەی ژنانیانـدا هەڵدەدا و حـەزی خۆیـان نەدەشـاردەوە. کۆمـەڵ ئـەو ڕاشـکاوییەی فـەرووغ فـەرووخزادی بـە ڕیسوایی و شەرمەزاری لـە قەڵەم دەدا، وەلـێ ئـەو، بێباکانـە ددانـی بـە پێوەندییە سۆزدارییە نهێنییەکانیدا دەنا.

ئافرەتـانی سـەر بـە چینـی ناوەنـد، وەک ڕیسـوایی و شـەرمەزاری، سەرنجی هاوسەرگیریی کاتەکی دەدەن، بەڵام ژنـە تـەلاقدراوە هـەژارە

بێنازکەتووەکان، کە نە کەسوکار پێشوازییان لێ دەکات و نە پەنایەک شک دەبەن، هانای بۆ ببەن، ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە، بە تاقە ڕێگەی نەجات دەزانن. هەبوون لە ١٩٧٨دا دەیانگوت، هاوسەرگیریی کاتەکی لە گیانەڵلادایە، بەڵام چونکە مۆدێرنێتە ڕەگوڕیشەی دانەکوتابوو، چونکە بازرگانان و هەزاران هەر هەڵگری گوتاری ئیسلامی بوون، بۆیە لە ١٩٧٩ بە دواوە، هەمدیسان سەری هەڵدایەوە و دەسەڵاتی شیعە، لەگەڵ سەپاندنی حیجابدا، (هاوسەرگیریی سەفەری)شی بووژاندەوە. هەوادارانی موتتەهەری هەوڵیان دەدا، ئەو جۆرە پێوەندییە، زۆر لە پێوەندییەکانی خۆرئاوا، پێشکەوتنخوازانەتر پیشان بدەن. هەر لەو ڕوانگەیەشەوە، کە ڕەفسەنجانی دەیگوت، هاوسەرگیریی کاتەکی، گەلێک لە پێوەندییە بەرەڵاکانی خۆرئاوا باڵاترە، کۆششی بۆ سەپاندنی هەژموونی دیسکۆرسی ئیسلامی دەکرد و بە گژ هێرشی مۆدێرنێتە و بە خۆرئاواییکردنی ئێراندا دەچووەوە.

موتتەهەری لە کتێبی (مافە شەرعییەکانی ئافرەت)دا، پێ لەسەر شەرعیبوونی ژنومێردایەتیی کاتەکی دادەگرێت کە پێی وایە ئەرکێکی سایکۆلۆژیایی لەسەر شانە، پێوەندییەکی قووڵی بە کۆمەڵەوە هەیە و یەکێکە لە یاسا هەرە باڵا و نەمرەکانی ئیسلام کە لە پێناوی بەختەوەریی مرۆڤایەتیدا هاتووەتە ئاراوە. موتتەهەری لەو کتێبەیدا تێزەکانی سوننە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت: پێویستە لاوان و ژنانی تەڵاقدراو لەو هاوسەرگیرییە بێ وێنەیە سوودمەند ببەن کە مایەی شانازیی شیعەیە. لای موتتەهەری بۆیە هاوسەرگیریی چێژ لێ بینین، پێویستە، چونکە ماوەیەکی درێژ لە نێوان تەمەنی پێگەییشتنی لاوان و ئەو عومرەدا هەیە کە ئیدی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە توانای دامەزراندنی خێزانیان هەیە. ئایا لاوان ئامادەن لەو ماوە درێژەدا

خۆیان ڕابگرن و تا ژنی هەمیشەیی دەهێنن، هیچ نەکەن؟ با وای بۆ بچین، لاوان خۆیان پێ ڕادەگیرێت، هەرچەندە مەحاڵیشە، بەڵام ئەو خۆ سەرکوتکردنە، وەک زانایانی دەروون باسی دەکەن، ئەنجامی ترسناکی لێ دەکەوێتەوە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو لێکدانەوەیەدا، موتتەهەری دەڵێت: (ژنومێردایەتیی کاتەکی، یەکێکە لە لایەنە هەرە گەش و پێشکەتووەکانی ئیسلام و زادەی حیکمەت و دووربینی و بە دروستی تێگەییشتنە، لە سروشتی سێکسواڵیتیی مرۆڤ.) ڕەفسەنجانی کە لە گوتاری هەینیدا، باسی لە چالاکییە سێکسییەکانی مێ کرد و بۆ ئەوە هانی دا، لە بواری پێوەندیی بەستن بە پیاوەوە، دەستپێشخەری بکات، هەر تێزەکانی (موتتەهەری)ی دووبارە کردەوە، یان دروستتر، بە فەرمی چرای سەوزی بۆ جێبەجێکردنی لێکدانەوەکانی ڕێبەرە ڕۆحییەکەی خۆی هەڵکرد. هەرچەندە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان گوتاری مۆدێرنێتە و دیسکۆرسی ئیسلامیدا هەیە، جێی سەرنجە، ڕەفسەنجانی لە مینبەری مزگەوتەوە، وەک دەمڕاستی (مۆدێرنێتەی ئیسلامی،) هاتە قسە.

(١) شهلاء حائري، خطاب إسلامي حول الجنسانية الأنثوية.

(٢) فاطمة المرنيسي، ما وراء الحجاب.

(٣) جيفری بارندر، الجنس في أديان العالم، ترجمة: نورالدين البهلول، دار الكلمة ٢٠٠١ دمشق.

## لە نێوان ئەفسانە و ئاییندا

بە ڕێگەیەکی خراپدا، ناگەینە شوێنێکی چاک،
ڕێگەی خراپ، بەرەو خراپەکاریمان دەبات و
ڕێگەی چاکیش، دەچێتەوە سەر چاکە.
بودا

بودایی، بە مانای بەرچاوڕوون یان بێدار دێت، بودیزم کە هەم ئایینە و هەم فەلسەفە، بودا (٥٦٣ _ ٤٨٦) کە ناوی ڕاستەقینەی (سیدهارتا گواتاما) بوو، لە سەدەی شەشەمی پێش زاییندا، لە باکووری هیند دایمەزراند و دواتر لە چین، کۆریا، سیریلانکا، مەنگۆلیا، تایلاند، بورما، کەمبۆدیا، تایوان، نیپال، ڤێتنام و ژاپۆن بڵاو بووەوە. کرۆکی بودایی کە زێتر بایەخ بە ڕەتکردنەوەی خود، خۆبەرزەفتکردن و کوشتنی ئارەزوو دەدات، وەک لە سرووت و ئەرکە ئایینییەکان، لەوەدا چڕ دەبێتەوە، ئینسان لە ڕێی بیرکردنەوەی قووڵ و ڕامانەوە، بە حاڵەتی نیرڤانا بگات.

بودا خۆی کوڕی میری هەرێمی ساکاس بوو، کە لە بیست و نۆ ساڵیدا، لەوە تێگەییشت، هەموو ئینسانێک مەحکوومە بە نەخۆشی و پیری و مەرگ، دەستی لە خۆشییەکانی دنیا و ژیانی میرایەتی

هەڵگرت و ڕووی کردە چۆڵ و هەرد، تا لەژێر داری زانیندا ئیلهامی بۆ هات. ئەو درەختی زانینە لە ئایینە ئاسمانییەکانیشدا هەیە و ئەوەیە کە ئێڤا، ئادەم فریو دەدات تا لە بەرەکەی بخوات و ئیدی خودایش لە بەهەشت وەدەریان بنێت. لای بودایی، (کارما) کە بە مانای (پاداشت و دۆنادۆن) دێت، بایەخێکی زۆری هەیە و مەبەست لێی ئەوەیە، ئینسان لە پاداشتی هەڵسوکەوتی خۆیدا، گیانی لە بەرگی ئەم زیندەوەرە، دەچێتە بەرگی ئەو زیندەوەری دیکەوە.

چونکە بودایی بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد، بەزەیی باڵ بەسەر دنیادا بکێشێت، یەکسانی لە نێوان هەموو گیانلەبەراندا هەبێت و پێویستییە ڕۆحییەکانی ژنان دابین بکرێت، بۆیە هەر لە سەرەتاوە، لەنێو ئافرەتاندا، هەواداری زۆری بۆ پەیدابوو. بوداییەکانی چین، سەر بە ڕێبازی (زەوینی پاکژ)ن، کە هەموو ئایینەکەیان لە دوو وشەدا چڕ دەبێتەوە: بەزەیی و دڵسۆزی. (زەوینی چاک،) ناوی ئەو ڕۆمانەیە کە پیرل باک، تێیدا باسی (چین)ی پێش یەکەمین شەڕی دنیاگرەوە دەکات و خەڵاتی پۆڵتیزەر و نۆبێڵیشی لەسەر وەرگرت. ئەو خاتوونە نووسەرە لەو شاکارەیدا، وەک چۆن بایەخی بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی چین داوە، ئەفسانە و ئایینیشی فەرامۆش نەکردووە.

پیاوی بودایی وەک چۆن لە کاتی یۆگادا، هەوڵی کۆنترۆڵکردنی هەناسەدان دەدات، هەر وایش لە کاتی سەرجێییدا، هەوڵ دەدات، ڕێگە لە ئاوڕژاندن بگرێت، ئاخر وای بۆ دەچێت، ئەگەر بەربەستی لە ڕێی ئەو ئاوەدا دانا، بۆ مێشک دەگەڕێتەوە و بەهێزی دەکات، هەرچەندە، ئەو ئاوە بەرەو میزەڵدان دەبێتەوە و لەگەڵ میزدا دەچێتە دەرەوە. بودایی هەر بۆ بە فیڕۆنەدانی ئەو ئاوەیش بوو،

نەفرەتی لە خووی نهێنی دەکرد و وای بۆ دەچوو، ئەوە شەیتانە، وا دەکات، پیاو بە دەم خەوەوە، ئەو ئاوە گرانبەهایەی لە کیس بچێت. بودایی پێی وابوو، سەرچاوەی ئەو ئاوە، لە کن ژن قەت وشک ناکات، بۆیە ئەگەر ژن هانای بۆ خووی نهێنی بردبا، لەگەڵیدا توند نەدەبوو. بودایی وایشی بۆ دەچوو، پیاو تەنیا بە جووتبوون لەگەڵ ژندا، ئەو ئاوەی دەست دەکەوێتەوە کە لە کیسی چووە، هەر بۆیەش، هاوڕەگەزبازی و لاقەکردنی ئاژەڵ، نەفرەتلێکراو بوون.

هەرچەندە لەنێو ژنانی بوداییدا، هاوڕەگەزبازی بە نهێنی هەبوو، بەڵام ئەگەر ژنێکی بودایی، ژنە خۆرئاواییەکی دیتبا، بە ئاشکرا مێردی ماچ دەکات، حیسابی سۆزانییەکی بەرەڵای بۆ دەکرد، ئاخر پێی وابوو، تەنانەت سۆزانییش، ئەگەر ڕێزی پیشەکەی لا بێت، بە نهێنی کڕیار ڕادەمووسێت. لە هیندستان (کە ژن، دوژمن، سێکس، شەڕ و ژووری نوستنیش، گۆڕەپانی شەڕ بوو) تا پەرلەمان مۆڵەتی نەدابوو، ماچوموچ لە فیلمدا، قەدەغە بوو.

بە گوێرەی ئەفسانەیەکی ژاپۆنی، جەستەی مێ، ئەندامێکی کەم بوو، هی نێریش بەشێکی زیادە بوو، ژیان لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە بەشە زیادەکەی نێر، دەچێتە ناو بەشە نوقسانەکەی مێیینەوە. هەر بە پێی هەمان ئەفسانە، ئەوە ستوونی چووکە، ئاسمانی لەسەرووی زەوینەوە ڕاگرتووە، هەر بۆیە، سەروەختی سەرجێیی، پیاو لە سەرەوە دەبێت و ژن لەژێرەوە. لە زۆر جێگەی، ئاسیا و ئەفریکایش، پەیکەری چووک کە لە ستوون دەچێت، سیمبۆڵە بۆ فەڕ و پیت. (شانە)یش، ڕەمزێکی دیکەیە بۆ خێر و بەرەکەت، ئەو بۆیە گەلێک جار، لەژێر مێزەری توند بەستراوی (سیخ)ەکانەوە، شانەیەک هەیە.

لـه ژاپـۆن وای بـۆ دەچـوون، وەک چـۆن ئـاو لـه ئـاگر بـەهێزترە، توانــای سێکســیی ژنــیش لــه هــی پیــاو بــاڵاترە و وەک چـۆن بـۆ بەردەوامیی ژیان، ئاسمان زەوینی لـه ئـامێز گرتـووە، دەبێت پیـاویش وەها ژن لە باوەش بگرێت، ئەگـەر نـا، تەمـەنکورت دەبێت. لـە ژاپۆن هەنـدێک جـار هێنـدە نـزم سـەرنجی ژن دەدرا، بـە پیـاوی گـەوجیان دەگـوت: ژن! ئـەو سـووک سـەرنجدانەی ژن، کـە بەشـێک بـوو لــە کولتـووری فیـودالیزم، زیـاتر زادەی ئـەوەبوو، پیـاو لـە ڕووی توانـای جەستەیییەوە، لە ژن بەهێزتر بوو.

لە چین و ژاپۆنیش، خەڵکی بڕوایان وایە، لە درەختی سنەوبەردا، جادوویەکی بەهێز هەیە، ئەوە بۆیـە هەمیشـە سـەوزە و ئـەوە هـەمان سـیحرە وای کـردووە، کیسـەڵیش تەمــەنی هێنـدە درێـژ بێـت. لــە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا، هــەم لـه چـین و هــەم لـه ژاپـۆنیش، لــە تابلۆکانـدا، وێنـەی ژن هەمیشـە وەک جەسـتە بـەهێز نیشـان دەدرا، ڕووخســاری گوشـــتن، مـــەمکی گـــەورە و پـــڕ، ناوقـــەدی باریـــک و سمتوکەفەڵی قـورس، دواتـر هێـدی هێـدی ئـەو وێنەیـە کـاڵ بـووەوە و تەنیا بایەخ بە جوانیی ڕووخساری ژن دەدرا.

شـاعیر و نووسـەری ژاپـۆنی، ئیهـارا سـایکاکو (١٦٤٢ _ ١٦٩٣) لــە (چیرۆک)ەکانیـدا، بایــەخێکی زۆر بــە سـێکس دەدات و کارەکتــەرە سـەرەکییەکانی بـە دوای تێرکردنـی ئارەزووەکانیانـدا، دنیـا تـەی دەکەن. لای ئەو لە پەرستگە بوداییەکانـدا، هاوڕەگـەزبازی تەشـەنەی سـەندووە و پێوەنـدیی سێکسـیی نێـوان مامۆسـتای ئـایینی و شـاگردەکانی، لــەوە دەرچـووە، کـارێکی نهێنـی بێـت. بـە گـوێرەی چیرۆکـی (ئاوێنـەی ئـەوینی نێرانـە)ی سـایکاکو، هاوڕەگـەزبازان بـۆ خامۆشکردنەوەی ئاگری ئاڵۆش، ڕوو لە پەرستگەکان دەکەن.

گیشــا، کــە بــە واتــای کیژێکــی هونەرمەنــدی لێهــاتوو دێــت، ڕاســتییەکــەی ئافرەتێکــە بــە ســەما و گــۆرانی، چێــژ بــە پیــاوان دەبەخشێت و ئەگـەر پیـاوان بخـوازن و کـرێ بـدەن، زێتـریش دەڕوات. ئەو کیژانەی ئـەو کارانـە دەکـەن، سـەر بـە خێزانـە هـەژارەکانن و لـە گونـد و شـارۆچکە دوورەکانـەوە دێـن و ئیـدی ڕێیـان ناکەوێتـەوە مـاڵی باب‌یان. لە ژاپۆن، ژنـی گونـدی لـە هـی شـار، ئـازادترە، ئـاخر تێکـەڵی پیاوان دەبێت و لـە شـایی و ئاهەنگدا، بـە کـەیفی خـۆی پێدەکـەنێت و ســەما دەکــات، ئەمــە لــە کاتێکــدا کــە ژنــانی شارنشــین ئــەو دەرفەتانـەیان بۆ نارەخسێت.

هەرچەندە لە ئەفریکا، بە گشتی خوداوەند نێرە، بەڵام لـە نیگـەر، مێیــە و کۆمــەڵێک مــەمک و چەنــدان منــداڵی هەیــە. بــە گــوێرەی ئەفســانەیەکی ئــەفریکایی، ئــەوە دووانــەی مــاوو و لیــزا بــوون، کــە دنیایان لە ماددەیەک خوڵقاند کە پێشتر هەبوو. ماوو کـە ڕەمزی فـەڕ و دایکایەتی بوو لـە مانگ دەچوو، لیزایش کە ڕەمزی هێز بـوو لـە خـۆر دەچـوو، بــە هەردووکیشـیان بـە دوای یەکـدا هـاتنی شـەو و ڕۆژیـان داهێنـا. ماوەیـەک لـەدایکبوونی نموونـەیی، دوو دوو لــە دایکبـوونی منــداڵ بــوو، ئــەو ســەروەختە دووانەپەرســتی لای هەنــدێک خێڵــی ئەفریکایی باو بوو.

ئەفسـانەیەکی تـر بـاس لـەوە دەکـات، کـە (ئـەمما)ی خوداوەنـدی ئاسـمان، بـە مەبەسـتی جووتبـوون، لـە زەویـن نزیـک بـووەوە، چونکـە بەرزاییەک هـەبوو، ئـەو کردەیـە مـەحاڵ بـوو، بۆیـە تـا ئـەو (گـرد)ەی تەخت نـەکرد، کارەکـە مەیسـەر نـەبوو. دەڵێن خەتەنـەکردنی کچـان، زادەی ئـەو ئەفسانەیەیە. دۆگـۆن، ئـەو خێڵـە ئەفریکاییـیەی بڕوایـان بە ئـەفسانەیە هەیە، پێیان وایە، هەموو ئینسانێک دوو ڕۆحـی هەیـە،

یەکێکیان مێیە و ئەوی تر، نێر، یەکێکیان لە جەستەیدایە و ئەوی دیکەیان لە ئاسمان یان لە ئاودایە. بەو پێیە کە کوڕ خەتەنە کرا، لە ڕۆحە مێیەکەی ڕزگار دەبێت و کە کیژیش خەتەنە کرا، لە ڕۆحە نێرەکەی قوتار دەبێت و ئیدی هیچ کۆسپێکیش لەبەردەم جووتبووندا نامێنێت. لە ئەفریکا، ئەفسانە و ئایین بە جۆرێک تێکەڵی یەکدی بوون، ئەوە زۆر ئەستەمە بزانین، ئایین زادەی ئەفسانەیە، یان بە پێچەوانەوە.

بە گوێرەی ئەفسانەیەکی (ئاشناتی)یەکانی گانا، خوداوەند ژن و پیاوێک لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوین دەنێرێت و لەگەڵ ژن و پیاوێکی زەوینشنیدا، پێکەوە ژیان بەسەر دەبەن و هیچ لەبارەی زاوزێوە نازانن، تا دواتر خوداوەند مارێک دەنێرێت و فێریان دەکات، چۆن منداڵیان ببێت. ئەوە بۆیە لای ئاشناتییەکان مار پیرۆزە و کەس نایکوژێت و کە ژنێک مار دەبینێت، بۆی دەنووشتێتەوە و سڵاوی لێ دەکات. لای هەندێک خێڵی تر، پەلکەزێڕینە ڕەمزە بۆ مار و ڕەنگە سوورەکەی نێرە و شینەکەی مێ. چونکە مار لە چووک دەچێت، هەن ئەم بە پیرۆز زانینی مارە، دەبەنەوە بۆ لای (چووکپەرستی) و هەنووکەیش لە کەنارەکانی گانا، دەیان پەیکەری مەزنی چووک کە لە تەختە یان قوڕ، دروست کراون، بە پێوە ماون.

لە باشووری ئەفریکا، بە تایبەتی لای گەلانی خۆسا و باسوتوو، پیاوێک خەتەنە نەکرابێت، بە پیس و بە سەگی دەزانن و کەس کچی خۆی ناداتێ. ئێستایش ئەگەر پیاوێکیان بە هۆی ئەوەی لە ئەورووپا ژیا بێت، خەتەنە نەکرابێت، هەر کە گەڕایەوە، دەستبەجێ خەتەنەی دەکەن. بە پێچەوانەی موسڵمان و جوولەکەوە کە نێر بە منداڵی خەتەنە دەکەن، لەوێ نێر تا نەگاتە تەمەنی هەرزەکاری

خەتەنەی ناکەن. فرەژنی لە زۆر جێی دنیادا هەبووە، لە هەندێک شوێنیش بە تایبەتی لە کۆمەڵگەی دایکسالاریدا، فرەمێردیش هەبووە، وەلێ لە ئەفریکا، فرەمێردی نەبووە.

لە نیگێریا، لە شاری ئیبدان، پەیکەری خوداوەندی پیت و فەڕ هەیە، مەمکەکانی هێندە گەورەن، هاوزەمان شازدە منداڵ دەمیان پێوە ناون و بەردەوام ژنان بەو مەبەستەی منداڵیان ببێت، دەچنە لای و لێی دەپاڕێنەوە. لە گینیا بە بۆنەی یادی هاوسەرگیریی خوداوەندەوە، فێستیڤاڵێکی سالانە هەیە، جاران تێیدا، بە ئاشکرا سێکس دەکرا، هەنووکە تەنیا هەر ڕامووسان تێیدا ئازادە. لای ئاشانتییەکان کە پیاوێک بە ژنێک دەڵێت: بمدە بەر ڕێژنەی گوللەی تفەنگەکەت! ئەگەری ئەوە هەیە، ژنە دەستبەجێ خۆی بۆ ڕووت بکاتەوە. لە هەندێک شوێنی ناوەڕاستی ئەفریکا، ئەوە شەرم نییە، ژن نزیکەی بە ڕووتی بچێتە دەرەوە و تەنیا بۆ داپۆشینی خۆی، هەندێک گەڵا و گژوگیا بەکار بهێنێت و پیاویش بە هەمان شێوە، هەموو پۆشاکی، بریتی بێت لە کیفێک بۆ چووکی.

لە گانا، ئەوە شوومە ئەگەر ژن و پیاوێک لە دارستانێکدا، لەسەر زەوینە ڕووتەکە، سێکس بکەن، ئاخر وای بۆ دەچن، بەوە (ئاسیز یا)ی خوداوەند غەزەبیان لێ دەگرێت و قاتوقڕی و نەهاتی بە دوادا دێت. لەوێ ئەگەر پیاوێک ناساغ بێت و چاویشی هەر لە دووی ژنان بێت، (سەگی گوند)ی پێ دەڵێن و پێیان وایە سێکسکردن، وزە و توانایەکی زۆری دەوێت و بە پیاوی نەخۆش، جێبەجێ ناکرێت و ئەگەر ژنیش دوو گیان بێت، نابێت پیاو بچێتە کنی، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە، ئەو کیسەیە کون ببێت کە منداڵ لە سکی دایکیدا دەپارێزێت. لە زۆر

جێی ئەفریکا، پیاو نەک هەر کچی خزمی ناخوازێت، بەڵکوو لە خێڵەکەی خۆی، با بە خزمایەتیش پێی نەگات، ژن ناهێنێت.

کە گۆڕانکاری لە ئاییندا ڕوو دەدات، سەرەتا لە کریستیانیزمەوە سەر هەڵدەدات، دواتر لای ئایینی جوولەکە، ئینجا دەپەڕێتەوە بۆ ئایینەکانی دیکە، یان لە لایەن ئایینەکانی ترەوە، ڕەت دەکرێتەوە. چەندان ساڵ بوو، لە قامووسی ئۆکسفۆرددا لە بارەی خووی نهێنییەوە نووسرابوو: ڕەوتارێکە ئازار بە خود دەگەیەنێت، لە ١٩٧٦ بە دواوە، ئەو پێناسەیە گۆڕا بە: بەرهەمهێنانی موچڕکەیە لە ڕێی خۆ ورووژاندنەوە. سەدان ساڵ بوو، لاهاتووییەکان لەسەر ئەو سوور بوون کە دوو جۆر ئەوین هەیە، جەستەیی و ڕۆحی، پۆخڵ و پیرۆز، بەڵام هێدی هێدی سنووری نێوان ئەو دوو جۆرە ئەوینە کاڵ و کاڵتر بووەوە. جارانی زوو، ترسێکی گەورە لەوە هەبوو کە تۆوی پیاو، بە هۆی خەونبینین بە شەیتانەوە، بە هەدەر دەڕوات، لەگەڵ دۆزینەوەی هێلکەدانی ژندا، تەمی ئەو ترسەیش هێدی هێدی ڕەوییەوە.

2012/08/11

ستۆکهۆڵم

(١) جیفری بارندر، الجنس في أديان العالم، ترجمة: نورالدين البهلول، دار الكلمة ٢٠٠١ دمشق.

(٢) عالم اليابان العائم، جیفری بارندر.

(٣) أفريقيا التقليدية، جیفری بارندر.

# هەڵکشانی مەریەم بۆ ئاسمان

لای ئایینی جوو، پێوەندیی سێکسیی لە نێوان نێر و مێدا، بە مەبەستی وەچەخستنەوە ئەنجام دەدرێت، تا توخمی ئینسان هەر بەردەوام بێت. سەر زەوین شوێنێکی گونجاوە، بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە پیرۆزە و بۆ درێژەدان بە هەبوونی خەڵک. ئەوە مافی ڕەوای ئینسانە، بۆ دابینکردنی بژێوی، سوود لە ماسیی زەریا، مەلی ئاسمان و زیندەوەری سەر زەوین، وەربگرێت. بۆیە دەتوانین بڵێین، ئایینی جوو زێتر بایەخ  بە ژیانی ئەم دنیا دەدات. بە گوێرەی گێڕانەوەی ئایینی موسا، سەرەتا ئادەم لە قوڕ چێ دەکرێت و دواتر لە کەپوویەوە، هەناسەی ژیانی، واتا ڕۆحی بە بەردا دەکرێت. دواتر لە پەراسوویەکی ئادەم، ئێڤای مێ، بۆ هاودەمیی ئادەمی نێر دەخوڵقێنرێت، کەواتە هەر لە سەرەتاوە، ئێڤا بە ئێسک و بە گۆشت، قەرزداری ئادەم دەبێت. ئادەم و ئێڤا بە ڕووتوقووتی دەخوڵقێنرێن و هەر وایش دەژین، بێ ئەوەی شەرم لە یەکدی بکەن. هەنووکەیش لە ئەفریکا، هەندێک خێڵ، نزیکەی هەر بە ڕووتی، ژیان بەسەر دەبەن.

یەکەم گوناهی ئینسان، کە دەبێتە یەکەم یاخیبوونی ئینسان لە خودا، ئەوە دەبێت کە لە بەری درەختی زانینی خێر و شەڕ کە لێی حەرام کراوە، دەخوات. ئیدی لەو سۆنگەیەوە لە بەهەشت وەدەر دەنرێت. میلتۆن کە شاعیرێکی گەورەی ئینگلیزە، لە

داستانی (بەهەشتی بزربوو)دا دەبێژێت: (ئینسان بۆیە دەمرێت، چونکە لە بەری کوشندەی ئەو درەختەی خواردووە، ئەوەیش کارەساتی هەموومانە.) ڕەنگە کارەساتەکە ئەوە بێت، سزای ئەو لە خودا یاخیبوونە، مەرگی کوتوپڕ نییە، بەڵکوو ژیانێکی پڕ لە ڕەنجکێشان و ئازار و مەینەتییە.

چونکە بە گوێرەی ئەو گێڕانەوەیە، ئەو ژن بووە پیاوی فریو داوە لە بەری دارەکە بخوات، ئەوە بۆیە ژانی منداڵبوون، هێندە سەختە. لە هەمان گێڕانەوەدا (مار)یش هەیە، کە هەم ڕەمزە بۆ نەمریی، ئاخر مار لە ڕێی گۆڕینی کاژەوە درێژە بە ژیان دەدات، هەم ڕەمزیشە بۆ چووک و وا باوە، ئەوە مار بووە، ئینسانی فێری بە یەکگەییشتنی سێکسی کردووە. ئادەم و ئێڤا هەر کە لە بەری درەختەکەیان خواردووە، چاویان کراوەتەوە، هەستیان بەوە کردووە ڕووتن، بۆیە بە گەڵای داری هەنجیر خۆیان داپۆشیوە و لەوە بە دواوە، ئادەم تێگەییشتووە مێردی ئێڤایە، ئیدی لە گەڵیدا جووت بووە و نەوەیان خستووەتەوە.

(قال هي عصاي أتوكأ عليها وأهش بها على غنمي، ولي فيها مآرب أخرى. سوورەتی تەها ١٨) پەرجووی گەورەی موسا لە عەسایەکەیدا بووە کە دەبووە مار، کەسێک مار پێوە دابا، سەیری کردبا، چاک دەبووەوە، ئاوی لە زەوینی ڕەق پەیدا دەکرد و توانای دوولەتکردنی زەریای سووریشی هەبوو. لە سەروەختی (حزقیا) پاشادا، مار هێندە پیرۆز بوو، (بوغرد)یان بۆ دەسووتاند و لە تەوراتدا بایەخێکی زۆر بە مار کە وەک سیمبوڵ بۆ چووک

ناسراوە، دراوە. خەتەنەکردنی نێر کە لای جوو هەیە، پێوەندیی بە پیرۆز سەیرکردنی ئەندامی نێرینەوە هەبووە، هەرچەندە خەتەنەکردنی نێر هێندە کۆنە، پێش ئەوەی چەقۆ داهاتبێت، هەبووە و ئەوسا پێیان وابووە، ئەو (بەرگە گۆشتینە) رِێ لە بەردەم پێوەندیی سێکسیدا تەسک دەکاتەوە. جوولەکە، کورِ لە تەمەنی هەشت رِۆژیدا خەتەنە دەکەن، کریستیانیش لە هەمان تەمەندا، ناو لە مندالّ دەنێن. خەتەنەکردن لای جوو، ئاماژەیە بۆ بەستنی پەیمان لەگەلّ خودادا. (فتختنون في لحم غرلتكم، فيكون علامة عهد بيني وبينكم.)

کتێبی پیرۆزی جوولەکە، پێ لەسەر باوکسالاری و هەژموونی نێر دادەگرێت، برِوای بەوە هەیە، ژن پلەیەک لە پیاو نزمترە، ژن مولّکی مێردە و لە تەلموودا هاتووە کە پێویستە پیاوان شوکری خودا بکەن کە وەک مێ لە دایک نەبوون و رِۆژانە لە کاتی نوێژکردندا، ئەم نزایە بلّێنەوە: (سوپاس ئەی خودای من کە بە ژن نەتخولّقامدم.) پێویستە ژنانیش بە بەشی خۆیان قایل بن و بلّێن: (سوپاس ئەی خودای من کە بە پێی ویستی خۆت، منت خولّقاند.) لای جوولەکە بەختەوەر پیاوێکە، ژنێکی چاک، ئازا، شەرمن و بێدەنگی هەبێت، ژنێکی هێندە جوان کە وەک خۆر بدرەوشێتەوە. هەر بە گوێرەی تەلموود، ژنان زۆربلّێ و کەمعەقلّن و تەنیا بیر لە جوانیی خۆیان دەکەنەوە.

لای ئایینی جوو، سزای زیناکەران و هاورِەگەزبازان، مەرگە و ئەگەر ژنیش سێکس لەگەلّ ئاژەلّدا بکات، هەم ژنە و هەم

ئاژەڵەکەیش دەکوژرێن. ئەوانەیشی لاقەی باوەژن یان بووک (ژنی کوڕ)یان دەکەن، هەر بە مەرگ سزا دەدرێن و ئافرەتیش ئەگەر پێش هاوسەرگیری، کچێنی لە دەست بدات، سەنگباران دەکرێت. ئەوەیش گوناهە ئەگەر ژن، جلی پیاوان بپۆشێت، یان پیاو پۆشاکی ژنانە لەبەر بکات. بە گوێرەی تەلموود، وا باشە پیاو ژنی هاوتەمەنی خۆی بهێنێت، ئاخر ئەگەر ژنەکەی لە خۆی گچکەتر یان گەورەتر بوو، ئاژاوەی لێ دەکەوێتەوە. لای جوولەکە، ئەگەر لە ئاوەدانیدا، پیاوێک ژنێکی ئەتک کرد، هەردووکیان دەکوژرێن، بەڵام ئەگەر ئەتککردنەکە لە دەشتودەر ڕووی دا، تەنیا پیاوەکە سزا دەدرێت، ئیللا مەگەر هەم پارە بدات و هەم ژنەیش بخوازێت. ژن کە منداڵی دەبێت، ئەگەر منداڵەکە نێر بوو، ژنە دوای حەوت ڕۆژ پاکژ دەبێتەوە، وەلێ ئەگەر کچی بوو، تا دوو حەفتە بە پیس دەزانرێت. ژن کوڕی ببێت یان کچ، هەر تا سی و سێ ڕۆژ بۆی نییە، دەست لە شتی پیرۆزەوە بدات، یان سەردانی پەرستگە بکات.

لای جوولەکە، هاوسەرگیری ئەرکێکی ئایینییە، چونکە (هەموو پیاوێک پێویستی بە ژنە و هەموو ژنێکیش حەوجەی بە پیاوە و هەردووکیشیان پێویستیان بە خودایە.) پیاوی جوو پێی وایە، ژن ماڵی پیاوە، بۆیە ئەگەر ژنەکەی بە ناوی خۆیەوە بانگ نەکات، بە (ماڵەکەم) گازی دەکات. هەرچەندە هاوسەرگیری لە نێوان خزماندا، لای جوولەکە باوە، بەڵام پێیان وایە، نابێت پیاوی درێژ، ژنی درێژ بهێنێت، یان پیاوی کورتەباڵا، ژنی باڵاکوڵ بخوازێت،

ئــــاخر ئەگەر وایـــان کـــرد، ئەو خەســـڵەتانە، خەســـتتر لە منداڵەکانیاندا ڕەنگ دەدەنەوە.

بۆ پیاوانی ئایین و فەرمانڕەوایان، فرەژنی ئاسایی بووە، وەلێ جـوولەکە بە گشـتی لە یەک ژن زێتریـان نەبـووە. (پیـاو دایـک و باوکی جێ دەهێڵێت و وا توند بە ژنەکەیەوە پێوەست دەبێت، وەک یەک جەستەیان لێ دێت.) لە دوای سەدەی یازدەیەمەوە، فرەژنی لای جوولەکە بە شەرع و بە یاسا قەدەغەکرا، هەرچەندە پێشتر هەبـوو. لە نـاو بەشـێک لە جـوولەکەدا، تەڵاقـدانی ژن، کاتێـک ڕەوایە کە ژنە بە جیابوونەوە قایل ببێت، یان مەگەر ناپاکیی لە مێردەکەی کردبێت، وەلێ بەشێکی تریان، لەسەر خراپ لێنانی چێشـــتێک، ژن تەڵاق دەدەن و دەڵـــێن: هەر وەختێـــک ڕقـــت لە ژنەکەت هەڵسا، تەڵاقی بدە! دەڵێن موسا، دوای ئەوەی لەسەر کێوی سینا، بەرەو ڕووی خودا بووەوە، ئیدی کۆتایی بە پێوەندیی سێکسیی لەگەڵ ژنەکەیدا هێنا.

ئایینی یەسووس، ڕەنگە تاقە ئایین بێت، هەر لە سەروەختی سـەرهەڵدانییەوە، بانگەشـەی بـۆ تـاک ژنـومێردایەتی کردبێـت و قەت لایەنی فرەژنی نەگرتبێت. لە تاک ژنومێردایەتیدا، ئەگەری ئەوە زۆرتـرە، ژن و پیـاو لە ئەرک و مافـدا یەکسـان بـن و ڕێـز و خۆشەویسـتی بـاڵ بەسـەر خێزانـدا بکێشـن. ئـایینی مەسـیح، بە ڕیفۆرم لە ئـایینی موسادا دەستی پێ کرد و لە فیکری یۆنـانی و عیبرییەوە نزیکە.

ئەرستۆ وای بە گونجاو دەزانی، ئینسان دەبێت بایەخ بە سێکس بدات، بەڵام زێدەڕۆیی تێدا نەکات. ئیفلاتوون ئەوەی بە دروست نەدەزانی کە هۆمیرۆس باسی لە ژیانی ژن و مێردایەتیی خوادەوەندەکان کردبوو. دیۆگێنیس دەیگوت: ئەوەی سروشتی بێت، ناشیرین نییە و هەقە بە ئاشکرا بکرێت. ڕەواقییەکان بڕوایان بەو پێوەندییە نەبوو کە خێزان پێکەوە دەبەستێتەوە. ئەپیکور پێی وابوو، (پیاوی دانا، تووشی داوی خۆشەویستی نابێت و پێوەندیی سێکسی، هەرگیز سوودی نەبووە.) فیساگۆرسییەکان لەگەڵ ئەوەدا بوون، ئینسان خۆی بەرزەفت بکات و پێوەندیی سێکسییان بە پۆخڵ دەزانی. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی ئایینی یەسووس، ئەو خۆ بە پاکژی ڕاگرتنە بوو کە مەسیحییەکان پێی بەناوبانگ بوون.

(ئامانجی ئایین، ئازادکردنی ڕۆحە کە لە زیندانی ئارەزووکردنی سێکسدا، بەندە.) ئەو تێزە کە هی مانەوییەکان بوو، زۆر لە بۆچوونی مەسیحییەکانەوە دوور نەبوو. مەسیح دەیگوت: ئەوە خودایە، کە هەر لە سەرەتاوە تاک ژنومێردایەتیی سەپاندووە و ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە، تازە نییە و ژیانی ئینسان بە خولْقاندنی نێر و مێیەک دەست پێ دەکات. مەسیح لە بارەی تەڵاقەوە دەڵێت: (ژن و پیاو کە خودا کۆیان دەکاتەوە، ناکرێت ئینسان لێکیان بترازێنێت.) بە گوێرەی ئینجیلی مەرقس و لۆقا، (پیاو ژنی تەڵاق بدات و ژنێکی تر بخوازێت، بە زیناکار هەژمار دەکرێت. ئەگەر ژنیش لە مێردەکەی جیا ببێتەوە و شوو بکاتەوە، حیسابی زیناکاری بۆ دەکرێت.) مەسیح پێی وابوو، ئەگەر پیاو

سەیری ژنێک بکات و حەزی بچێتە سەری، وەک ئەوە وایە، لە دڵەوە زینای لەگەڵدا کردبێت.

پۆڵس دەیگوت: هاوسەرگیری بۆ هەمووان پێویستە، بۆ خۆ بە دوور گرتن لە زینا، با هەموو پیاوێک ژنێکی هەبێت و هەموو ژنێکیش، پیاوێکی هەبێت. ئەوەی کە ژن ئەگەر زینای کرد، پیاوی مافی ئەوەی هەیە تەڵاقی بدات، دەڵێن دوای مەسیح بۆ ئینجیل زیاد کراوە. کە ژنێک بە تۆمەتی ئەوەی زینای کردووە، دەبەنە کن یەسووس، بۆ ئەوەی مۆڵەتیان بدات، بەردبارانی بکەن، پێیان دەڵێت: (کامتان بێ گوناهە، با ئەوەتان یەکەمین بەردی تێ بگرێت.) دەبێت پیاوان ژنانی خۆیان خۆش بوێت، وەک چۆن یەسووس کەنیسەی خۆش دەویست. ژنانیش دەبێت وەک چۆن ملکەچی خودان، ئاوا ملکەچی پیاوانیش بن، چونکە پیاو، سەری ژنە، وەک چۆن یەسووس سەری کەنیسەیە. لای ئایینی مەسیح، دەبێت چ پیاو و چ ژن، مافە سێکسییەکانی یەکدی ڕەچاو بکەن و نابێت ژن پێی وا بێت، تەنیا خۆی خاوەنی جەستەی خۆیەتی، ئاخر بەشی مێردەکەشی پێوەیە و ژنیش لە جەستەی مێردیدا بەش و مافی هەیە. پۆڵس چونکە بە ناسروشتی دەزانی، دژی هاوڕەگەزبازی، ئیدی چ لای ژنان بووایە، یان پیاوان، دەوەستایەوە.

لە ڕوانگەی لاهووتییەکانەوە، ئەوین دوو جۆری هەبوو، پیرۆز و پۆخڵ، یان: فریشتەیی و شەهوانی. چونکە خودا دنیای خۆش دەوێت، کەواتە خودا، خۆشەویستییە و دەبێت ئینسان هەم خودای

خـۆش بوێـت و هـەم دراوسـێکانـی. مەسـیح هـەوادارانــی هــان دەدا، تەنـانـەت دوژمنانیشـیان خـۆش بوێت. ئـەو یـەکگـرتنـەی نێـوان ژن و پیاو کە لـە ئینجیلدا هاتووە، لـە ئـەوینێکی سۆفییانـەوە نزیکترە، تا ئـەوینێک کە ئارەزوو هاندەری بێت.

لـە سـەدەکانـی ناوەڕاسـتدا، سـێکس وا نمـایش دەکـرا، وەک دژی بەهــا پیرۆزەکــان بێــت و پــێ لـەســەر ئەوە دادەگیـرا کە خــۆ بە پــاکیزەیی هێشـتنـەوە، لـە هاوســەرگیری بــاڵاترە و ســێکس ئـەگـەر خراپەکـاری نـەبێـت، ئـەوا لای کـەم، سـەر بە سروشـتێکی نـەویـیـە. تـەنــانـەت هـەبــوون بە پاســاوی ئـەوەی، مـەحــاڵـە پیــاو بتوانێـت، هاوزەمان خودا و ژنیش ڕازی بکـات، خۆیـان دەخـەساند. ساڵانێکی دووردرێژ ئایینی مەسیح کەوتە ژێر کاریگـەریەتیی بۆچوونـەکـانـی (ئوگوستین)ەوە کە دەیگوت: ئـەو گـەشکـەیـەی ئینسان لـە ئـەنجـامـی کـردەی سێکســەوە پێـی دەگـات، گونـاهـە و سـێکس نـاکـۆکـە لـەگـەڵ بەها ڕۆحییەکاندا.

لـە سونگـەی ئـەوەوە گوتبووی: خـۆر سـەنتـەری گـەردوونـە و زەویـن بــە دەوری خـۆردا دەسـووڕێتـەوە، نــەک بــە پێچـەوانــەوە، وەک لــە ئینجیلدا هاتووە، کـەنیسـە بـە پاسـاوی ئـەوەی، فـەرموودەی خـودای ڕەت کردووەتـەوە، حوکمـی مـەرگـی بەسـەر گـالیلـۆدا (١٥٦٤ _ ١٦٤٢) سـەپاند. چونکـە سـی ساڵێک پێشـتر، لـەسـەر هـەمان تێـز، کـەنیسـە زمــــانـی گیوردانــــۆ برونــــۆ (١٥٤٨ _ ١٦٠٠)ی بــــڕی و جەســــتـەی دەرخـواردی ئـاگر دا، گـالیلۆ لـە پێنـاوی قوتـارکردنـی ژیانیـدا، لـە قسـەی ڕاسـت و دروسـتـی خـۆی پاشـگـەز بـووەوە. ئـەو سـەروەختـە

تاریک و ئەنگوستەچاوە، کە بە سەردەمی دادگاکانی پشکنین، ناوی زڕاوە، (دیکارت)یش (١٥٨٦ _ ١٦٥٠) وەک گالیلۆ بیری دەکردەوە، بەڵام لە ترسی مەرگ، زاتی نەدەکرد، قسەی دڵی بدرکێنێت.(*)

ئەوەی مەسیح لە مەریەمی پاکیزە بووە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی دنیای ماددی پۆخڵە و لەدایکبوونی ئاسایی، لە ئاستی پایەی بڵندی مەسیحدا نییە و بە پاکیزەیی مانەوە، لە ژیانی هاوسەرگیری باڵاترە. بە گوێرەی قورئانیش دووگیانبوونی مەریەم بە هێزی پەیڤی خودا بووە و مەریەم تاقە ژنە، بە ناوی تەنیای خۆیەوە، لە قورئاندا ناوی هاتووە و بە گوێرەی هەندێک گێڕانەوە، ئەویش وەک مەسیحی کوڕی، هەر ڕۆحی نا، جەستەیشی بەرەو ئاسمان هەڵکشاوە. لە ڕوانگەی (یۆنگ)ەوە، باوەڕهێنان بە هەڵکشانی مەریەم بەرەو ئاسمان، بەخشینی پلەی خوداوەندە پێی، وەک چۆن لە گەلێک ئایینی دیکەدا، خواژن هەیە.

کریستیانە ڕیفۆرمیستەکان لەوەدا کە ستایشی خۆ بە پاکیزەیی هێشتنەوە دەکرا و بەرز سەرنجی ئەوانە دەدرا کە بە ڕەبەنی دەمێننەوە و ئارەزووەکانیان سەرکوت دەکەن، ڕەخنەی توندیان لە کەنیسە گرت و ئەوەیان بە لادان لە یاسای خودایی کە لەگەڵ هاوسەرگیریدایە، لە قەڵەم دا و گوتیان: هاوسەرگیری وێڕای وەچەخستنەوە، ئینسان لە زینا دوور دەخاتەوە، وای لێ دەکات چالاکانە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەشدار ببێت و

ئاسوودەییشی پێ دەبەخشێت، ئاخر خێزان فێرگەیەکە، تێیدا فێر دەبین، وەک ئینسان ڕەوتار بکەین.

٢٠١٢/٨/٢٥

(١) جيفرى بارندر، الجنس في أديان العالم، ترجمة: نورالدين البهلول، دار الكلمة ٢٠٠١ دمشق.
(٢) التأكيدات العبرية و وألإختلاف ألمسيحي، جيفرى بارندر، الجنس في أديان العالم، ترجمة: نورالدين البهلول، دار الكلمة ٢٠٠١ دمشق.
(٣) هاشم صالح، كيف إنتصر غاليلو على محاكم التفتيش، الشرق الأوسط ١٢ أب ٢٠١٢ لندن.
(*) ئێستا کە چوار سەدەیەک بەسەر ئەو دیرۆکەدا تێپەڕیوە، کە نزیکەی هەموو خەڵکی ئەورووپا سیکولاریستن، کەنیسە بووە بە شوێنەوار و ڤاتیکان داوای لێ بوردنی لە گالیلۆ کردووە، تازەکی لە کوردستان، ڕیشدرێژە کورتبینەکان، لە هەوڵی زیندووکردنەوەی دادگاکانی پشکنیندان.

# جەستە و ئازادی

کە ژنانی میسر سەروەختی شۆڕشی یەنایەر، ڕژابوونە مەیدانی ئازادی، هێندەی ترسیان لەو پیاوانە هەبوو کە تەنگیان بە ئافرەتان هەڵدەچنی، هێندە لە پیاوانی موبارەک نەدەترسان. (ئادەم)ی مەیدانی ئازادی، ئەوەی بە حەوا ڕەوا نەدەبینی، پڕ بە گەرووی داوای ئازادی بکات. تەییب ئەلسالّح لە ڕۆمانی (وەرزی کۆچ بەرەو باکوور)دا، باسی ژنێک دەکات کە هەمیشە هەر دوو لینگی بە (حەوا)وە بووە؛ ئادەم لە کۆمەڵی بابسالاریدا، حەزی لەو (حەوا)یانەیە، کە لینگ دەکەنە (حەوا،) ئەو ژنانە پەسەند ناکات، هاواری ئازادی دەکەن و دەنگیان گوێی ئاسمان کەڕ دەکات.

چونکە بابسالار تەنیا وەک جەستە ژن دەبینێت، جەستەیەک کە هەوێنی هەڵگیرساندنی فیتنەیە. فیتنەیەک کە ئاژاوەی کۆمەڵایەتیی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە دەخوازێت، ئەو جەستەیە کە گوایە وروژێنەر و فیتنەخوڵقێنە، هەر لە پاژنەوە تا تەوقەسەر، داپۆشراو بێت. ئاخۆ تەنگ بە ژنان هەڵچنین، لە کۆمەڵگەی بابسالاریدا، حاڵەتە، یان دیاردە؟ ڕەنگە ئەوانەی بە دیاردەیەکی بەربڵاوی لە قەڵەم دەدەن، مەبەستیان ئەوە بێت، وەک پاساوێک بۆ بە دوورگرتنی مێ لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان بیخەنە گەڕ،

پاساوێک بۆ ئەوەی ژن لەبەر چاو نەبێت و تەنیا لە بازنەی ماڵدا چالاک و قەتیس بێت.

هەیە وای بۆ دەچێت، تەنگ بە ژنان هەڵچنین، حاڵەتی دەگمەنە و تەنیا دەرووننەخۆش ئەو جۆرە توندوتیژییە بەرانبەر ژنان دەنوێنێت، ئەگەر نا زۆربە بڕوایان بە توانای ژن هەیە و هەر لە ڕوانگەیەکی سێکسییەوە سەرنجی نادەن، بەڵکوو وای دەبینن، وەک خۆی ئارەزوو دەکات، بیبینن و ژن ئەگەر بخوازێت، دەتوانێت ڕوانینی پیاوان وا بگۆڕێت کە ددان بەوەدا بنێن، لە بوارەیلی فیکر و زانستیشدا لێوەشاوەیە، بەڵام ڕاستییەکەی چونکە کۆمەڵ، لە خۆرهەڵات و لە خۆرئاوایش، زێتر وەک جەستە ژن دەبینێت و عەقڵ و فیکری بە هێند وەرناگرێت، هەر لە سۆنگەی ئەو تێڕوانینەیشەوەیە، ژن ئەو هەموو بایەخە، بە جوان نیشاندانی خۆی دەدات.

کێشەکە ئەوەیە پیاو وەکوو شتومەک، لە ژن بڕوانێت و وەک چۆن سوود لە شتگەل وەردەگرێت، بە هەمان شێوە، ڕەوتار لەگەڵ ژنانیشدا بکات، پیاو ئەگەر ژنی تەنیا وەک جەستەیەکی مێیینەی ورووژێنەر بینی، ئەوا نەک هەر سەروەختی ڕابوون و لە مەیدانی ئازادیدا، بەڵکوو ئەگەری ئەوە بەهێزە، لە کاتی حەج و عەمرەیشدا و لە پیرۆزترین پەرستگەیشدا، تەنگی پێ هەڵبچنێت. پێوەندیی ژن و پیاو زێتر لە پێوەندیی بەرخ و گورگ دەچێت، با بەرخەکە ئاوەکەیشی لێڵ نەکردبێت، گورگ هەر لێی ناگەڕێت، با ژنەکە هیچ بیانوویەکی نەدابێتە دەست پیاو و هەموو جەستە و

جوانییەکانی خۆیشی داپۆشیبێت، پیاو هەر وەک نێچیر دەیبینێت و لە هەوڵی ڕاوکردنیدا دەبێت.(*)

لە کۆمەڵگەیەکدا دەنگی ژن، عەورەت، جەستەی تەڵەی شەیتان و پرچی گوریسی ئیبلیس بێت، ژن بە کاڵفام لە قەڵەم بدرێت، ژن لە دەیان شت کە بۆ پیاو دابین کراون، بێبەش بکرێت، ژن گوێڕایەڵی پیاو بێت و تەنانەت ناچار بکرێت، لە لەشی مێردەکەشیدا هاوبەشی هەبێت، قسەکردن لە هەبوونی ئازادی، لوتکەی عەبەسە، ئاخر لە کۆمەڵگەی وەهادا، ئەوەی سەروەرە کۆیلایەتییە، نەک ئازادی.

لە هەر کۆمەڵگەیەکدا ژن ئازاد نەبێت، ئەوە کۆمەڵگەیەکی ئازاد نییە، ئاخر کە ژن ئازاد نەبوو، پیاویش ئازاد نابێت، چونکە ئەو پیاوەی، ژن بە زیندانی و کۆیلە بزانێت، خۆیشی لەو بەندیخانەیەدا کە لە ناخی خۆیدا ڕۆی ناوە، زیندانییە و کۆیلەی دابونەریتی دێرین و ڕابردووی تاریکە. بە گوتەی کەمال ئەبو دیب: ئەو پیاوەی لەگەڵ ئازادیی ژناندا نەبێت، نە وەک خود ئازادە و نە دەتوانێت لە ئازادی سوودمەند ببێت.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەوە بۆ ژن قەدەغەبوو، بنووسێت و دەرگەی هەموو دەستپێشخەری و داهێنانێکی بە ڕوودا داخرابوو. دەبوو ژن جەستەیەک بێت لە ترس، بە دەنگێکی نەوی بدوێت و لە ئاستی پیاودا نەک دەنگ، چاویش بەرز نەکاتەوە. پیاو کە لە دەرەوە گوێڕایەڵ و ملکەچی دەسەڵاتێکی ستەمکار بوو، لە ماڵەوە،

لە ژنەکەی دەبوو بە شێری نەڕ. پیاو کە لە دەرەوە کۆیلەیەکی فەرمانپێکراو بوو، لەماڵەوە، لە ژنەکەی دەبوو بە فەرمانڕەوایەکی دیکتاتۆر. نەوال سەعداوی گوتەنی: (گوێرایەڵی، ئەو ژارەیە، عەقڵی ڕەخنەگرانە، داهێنان و یاخیبوون دەکوژێت،) بۆیە ژن دەبوو بە درێژایی تەمەنی گوێڕایەڵ بێت. ئێستایش مێیەک، یەکسانیخواز، بەهێز، بوێر و ڕاشکاو بێت، بۆ تیری تانەی نێرسالاران، دەبێتە نیشانە.

(*) هدى الصالح، جسد المرأة، إشكالية ثقافية، الشرق الأوسط ٢٠١٢/٦/٢٤ لندن.

## برینێک کە ساڕێژ نابێت

(کە خەتەنە کرام تەمەنم دە ساڵان بوو، داپیرم کە ئێستا مردووە، ڕۆژێك پێی گوتم: با بچین بۆ دەم ڕووبارەکە، لەوێ خواردنی خۆش دەخۆین. منی منداڵی دڵپاکیش، وەك مەڕ چۆن بەرەو قەسابخانە دەچێت، لەگەڵیدا چووم. لەوێ بردمیانە ژوورێکی تاریکەوە، ڕووتیان کردمەوە و چاویان بەستمەوە. بە چوار ژنی بەهێز لەسەر پشت پاڵیان خستم، دووانیان توند توند هەردوو لاقیان گرتم، یەکێکیان بۆ ئەوەی بە تەواوی جووڵەم لێ ببڕێت، لەسەر سینگم دانیشت، بۆ ئەوەی دەنگم دەرنەچێت، پارچە پەڕۆیەکیان خزاندە نێو دەممەوە، ئیدی بێ بەنگ، بە دەمە چەقۆیەکی کول خەتەنەیان کردم. پرۆسەکە هەر لە شەڕێکی سامناك دەچوو، هەستم بە ئازارێکی سەخت کرد، خوێنێکی زۆرم لەبەر ڕۆیشت. ئەنجامدەرانی پرۆسەکە هەموویان نیمچە سەرخۆش بوون، دوای خەتەنەکردنی من، دەستیان بە سەماکردن و گۆرانیگوتن کرد.) کچێك لە (سیرالیۆن)ەوە

ڕۆژانە هەزاران کچ خەتەنە دەکرێن، خەتەنەکردنی کچانیش تەواو وەك ئەشکەنجەدان، دەبێتە هۆی ئازارێکی دژوار، ئازارێك کە لە دوای خۆیەوە برینێك جێ دەهێڵێت کە هەرگیز ساڕێژ نابێت، برینێك کە هەر جەستەیی نییە، دەروونیشە. کیژان هەر لە (ئەندەنووسیا)وە تا (پێرو) دووچاری ئەو هەتککردنە دەبنەوە، لای کەم لە بیست و هەشت وڵاتی ئەفریکا، خەتەنەکردنی کچان

یەکێکە لە نەریتە باوەکان. وەك چۆن ئەوە ئەرکی دەسەڵاتە، تاکی کۆمەڵ لە سووکایەتی پێ کردن، زەبروزەنگ و هەموو جۆرە ئەشکەنجەدانێك بپارێزێت، ئەوەش هەر ئەرکی دەسەڵاتە بە گژ نەریتی خەتەنەکردندا، کە بەکارهێنانی زەبروزەنگە دژ بە مێ، بچێتەوە و نابێت بە پاساوی ئەوەی بەشێکە لە کولتوور، ئایین، یان شتێکە تایبەت بە خێزانەکان چاوپۆشی لێ بکرێت، ئاخر خەتەنەکردنی کچان پێشێلکردنی مافی مرۆڤە، بەکارهێنانی زەبروزەنگە دژی منداڵان، ئەشکەنجەدانی کچانە و بە چاوی سووك سەیرکردنی ژنانە. لەهەر شوێنێك دەسەڵات بە گژ خەتەنەکردنی کیژاندا نەچێتەوە، ئەوە بەو مانایە دێت کە لەگەڵ ئەو نەریتەدا هاوسۆزیباوترین جۆری خەتەنەکردنی کچان، بریتییە لە لێکردنەوەی بەشێك لەو (چووزەرە ڕێواسە)ی(*) لە نێو زێدایە، دژوارترین جۆریش کە بە خەتەنەکردنی فیرعەونی ناوی زڕاوە، ئەوەیە وێڕای چووزەرە ڕێواسەکە، بەشێك لە لێوەکانی (زێ)یش لێ دەکرێنەوە و ئینجا بەهۆی دوورینەوەوە، پاشماوەی دوو لێوەکە پێکەوە دەبەستنەوە و تەنیا کونێکی یەك دوو میللیمەتری بۆ دەربازبوونی میز و خوێن جێ دەهێڵرێت و کاتی شووکردن، بۆ ئەوەی مێرد جووتبوونی تەواوی بۆ ئەنجام بدرێت، تەقەڵەکان دەردەهێنرێن. بەگشتی کچان کاتێك تەمەنیان لە نێوان چوار تا هەشتساڵیدایە خەتەنە دەکرێن، وەلێ ڕێ دەکەوێت بە کۆرپەیی، یان بە چواردە ساڵی، یان دوای ئەوەی دەبن بە ژن و یەکەمین منداڵیان دەبێت، خەتەنە بکرێن.

زۆرجار کچانی هاوتەمەن بە گرووپ خەتەنە دەکرێن، ئەوی بەو کارە هەڵدەستێت، مامانە، وەلێ دەشێت سەرتاش و دۆکتۆریش هەمان ڕۆڵ ببینن. بەگشتی سەروەختی خەتەنەکردن، کچان بەنگ ناکرێن و ئەگەری ئەوەش هەیە تووشی خوێنبەربوون ببن. مامان بە پارچە شووشەیەك، سەرە قووتوویەك، دەمە گوێزانێك، مەقەستێك یان دەمە چەقۆیەك کچان خەتەنە دەکات و بۆ پاکژکردنەوە و ڕاگرتنی ئەو خوێنەشی لەبەریان دەڕوات، سووتوو، خۆڵەکەوە یان پەیین! بەکار دەهێنێت. بۆ ژنی خەتەنەکراو، یەکەمین جووتبوون زۆر بە ئازارە و دەشێت بە درێژایی تەمەنی لەگەڵ هەموو جووتبوونێکدا ئازاری هەبێت.

.

کیژان لە ئەنجامی خەتەنەکردنەوە، وێڕای ئەوەی ئازارێکی سەختیان پێ دەگات، تووشی گوشاری جەستەیی دەبن و دەشێت زێ و میزەڕۆیان(**) هەو بکات، گورچیلەیان بەرد پەیدا بکات، سێکسکردن بۆیان زەحمەت بێت و کە منداڵیشیان دەبێت، ئازاریان لە ژنی خەتەنەنەکراو زێتر پێ بگات. لە هەموو ئەمانەش خراپتر، ئەو ژنانەی خەتەنە کراون، دەشێت تووشی نەزۆکی ببن و ڕێژەی تووشبوونی ئایدزیش لەنێوانیاندا بڵندە. وێڕای ئەو نەخۆشییە جەستەییانە، ژنی خەتەنەکراو، دووچاری کۆمەڵێك کێشەی دەروونیش دەبێت، وەك: دڵەڕاوکێ، خۆ بە کەم زانین، نائومێدی و ترس. زۆر کچ لە ئەنجامی ئەو شۆکەوە کە سەروەختی خەتەنەکردن تووشی دەبن، ئافرەتی ملکەچیان لێ دەردەچێت، لەو جۆرە ئافرەتەی لەو وڵاتانەدا خەتەنەکردنی کچانیان تێدا باوە، پەسەند دەکرێن.

کیـژی خەتەنەکـراو بەوە دڵخۆشـی خـۆی دەداتەوە کە ئیـدی کۆمەڵ پێی قایلە و مێردی دەست دەکەوێت، چونکە لە نەریتی باو یاخی نەبووە، ئاخر لەو جۆرە کۆمەڵگەیەدا، نەفرەت لە ئافرەتی خەتەنەنەکـراو دەکرێـت. ئەوە چییـە ئەم نەریـتەی کە دەشـێت تەمەنـی سێ هەزار سـاڵێك بێـت، بە زینـدوویی هێشـتووەتەوە؟ هەنـدێك پێیـان وایە هۆکـاری ئـایینی لە پشـت تەمەنـی درێـژی خەتەنەکردنی کچانەوەیە، ئەگەرچی ئەم نەریتە نە تـایبەتە بە ئـایین یـان ئـایینزایەکی دیـاریکراو، نەهـیچ دەقێکـی پیـرۆز پشتگیریی دەکات.(***)

هەن پێیـان وایە، خەتەنەکردنـی کیـژ، پێوەنـدیی بە شـوێنپێ و ڕۆڵـی ژنەوە هەیە و پەردێکە کیـژ بەرەو بە ژنبوون دەپەڕێنێتەوە، هۆکارێکە بۆ ژنومێردایەتییەکی تەمەنـدرێژ و سەرکەوتوو، چونکە وا دەکـات، کیـژ تـا وەختـی شـووکردن پـاکیزە بێـت و دوای شـووکردنیش ناپـاکی لە مێـردی نەکـات. ئەوانەی لایەنـی خەتەنەکردنی کچان دەگرن، دەڵێن: خەتەنەکـردن، هەم ئۆرگـانی سـێکس خـاوێن و جـوان دەکـات و هەم کـچ دەکـات بە ژنێکـی ڕاسـتەقینە. لە ئەنجـامی خەبـاتی خەڵکـی مرۆڤدۆسـت و ئەو ڕێکخـراوانەوە کە داکۆکی لە مافی مرۆڤ دەکەن و بە پشـتگیریی یوو ئێن، لە گەلێك وڵاتدا بە گوێرەی یاسا خەتەنەکردنی کیژان قەدەغە کـراوە و ڕەچـاونەکردنی ئەو یاسـایە، تـاوانە و سـزای لەسەرە.

ئەگەر سۆماڵییەك كچەكەی لە سوێد خەتەنە بكات، سزاكەی لای كەم دوو تا چوار ساڵە و دەشێت تا دە ساڵیش بڕوات، تەنانەت ئەگەر بیباتەوە بۆ سۆماڵ و لەوێ خەتەنەی بكات و بگەڕێتەوە، هەر سزا دەدرێت، ئاخر خەتەنەكردن تاوانە دەرهەق مافی منداڵ، ئاخر ئەوە یەكێكە لە مافەكانی منداڵ كە لە بەرانبەر زەبروزەنگی جەستەیی و دەروونیدا پارێزراو بێت. بە گوێرەی ئاماری یوو ئێن، ڕۆژانە هەزاران و ساڵانە زێتر لە دوو میلیۆن كچ خەتەنە دەكرێن. خەتەنەكردنی كچ، كارێكە دژی مافی مرۆڤ، دژی لەشساغی، دژی ئایین و جۆرێكی زەقە لە سووك سەرنجدانی ژن، بۆیە بەرەنگاربوونەوەی ئەو كولتوورەی داكۆكی لەو كارە دڕاندانەیە دەكات، كارێكی پێویستە و دەبێت هەوڵ بدرێت ڕەگوڕیشەی ئەو نەریتە لە هەموو شوێنێك لە بنەوە هەڵبكێشرێت.

هەندێك پێیان وایە، سەروەختی منداڵبوون، (چووزەرە ڕێواسەكە) زیان بە كۆرپە دەگەیەنێت و لێوی زێ و ئەو چووزەرە ڕێواسە، دوو بەشی پیاوانەن و بە بڕینیان كچ دەبێتە ژنێكی تەواو، ژنێكی نەرم و نیانی گوێڕایەڵ. بە زۆری خەتەنەكردنی كچ بەو مەبەستەیە، ئارەزووی بۆ سێكس كەم بكرێتەوە، تا بێجگە لە مێردەكەی، سێكس لەگەڵ كەسی دیكە نەكات. لە هەر شوێنێك خەتەنەكردنی كچان باو بێت، پیاو متمانەی بە پاكیزەیی كچی خەتەنەنەكراو نییە، هەر بۆیە لەو شوێنانە كچانی خەتەنەنەكراو بە زەحمەت شوویان دەست دەكەوێت. لەو كۆمەڵگەیەدا كە خەتەنەكردنی فیرعەونی باوە، ئەوە مێردە كە

تەقەڵەکـــانی زێـــی بـــووك دەردەهێنێـــت. لەو کـــۆمەڵگە تەواو بابسالارییانەدا هەموو شکۆمەندیی خێزان لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە کچیان پێش شووکردن، سێکسی نەکردبێت.

یۆمـــۆ کێناتـــا کە ســـەرەککۆماری کێنیـــا بـــوو، دەیگـــوت: (خەتەنەکردن کارێکی پێویستە، ئەگەر نا کچ نە دەبێتە بەشێك لە کـــۆمەڵگە و نە دەبێـــتە خـــاوەنی ناســـنامە.) لە وڵاتێکـــدا کە خەتەنەکردن نەریتێکی زاڵ بێت، هەر کچێك خەتەنە نەکرابێت، بە پێگەیشـــتوو ناژمێردرێـــت. ئەوانەی لەگەڵ خەتەنەکردنـــی کچانن، ئەو پرۆسەیەیان ناو ناوە پاکژکردنەوە( طهارة،) وەك کچ پـــێش خەتەنەکـــردن پـــیس بێـــت، لە هەنـــدێك وڵات ئـــافرەتی خەتەنەنەکراو وەك پیس سەرنجی دەدرێت و مافی ئەوەی نییە دەســت لە خــۆراك و ئــاوەوە بــدات. هەر لەو جــۆرە وڵاتــانە زێـــی ئـافرەتی خەتەنەنەکراو بە ناشیرین دەزانرێت و پێیـان وایە ئەو ژنەی خەتەنە نەکرابێـت، چـووزەرە ڕێواســەکەی بەردەوام گەورە دەبێت و دواجار وەك (وانێك)ی پیاو بە ناوگەڵیدا شۆڕ دەبێتەوە. خەڵکانێـك هەن، وای بـۆ دەچـن، چـووزەرە ڕێواسـەکە شـتێکە بەد، ئەگەر (چووک)ی پیاوی بەر بکەوێت، دەشێت پیاوەکە بمرێت، یان ئەگەر ســەری کــۆرپەی بەر بکەوێــت، کــۆرپەکە گیــان لەدەســت دەدات. لە هەنـدێك کـۆمەڵگەدا وای بـۆ دەچـن، ژنـی خەتەنەکـراو توانـــای وەچەخســـتنەوەی زیـــاد دەکـــات و ژنـــی خەتەنەنەکـــراو دووگیان نابێت.

چونکە ئینسان بە چاوپۆشین لەوەی مێیە یان نێر، هەمان ماف و هەمان بەهای هەیە، چونکە ئینسانەکان هەموویان بە ئازادی لە دایـك دەبـن و یەکســانن، بــۆیە پێویســتە ژنــان و هەمــوو ئەو

پیاوانەیشی بڕوایان بە ئازادی و یەکسانی هەیە، هەوڵ بدەن، ڕۆژێك زووتر کۆتایی بەو تراژیدیایە بهێنن، کە لەمێژە ژیانی لە بەشێکی بەرچاوی ئافرەتانی وڵاتی ئێمەش تێك داوە. لە هەر شوێنێك پێگەی کۆمەڵایەتی، سیاسیی و ئابووریی ژن لاواز بێت، هەر کۆمەڵگەیەك بابسالاری بێت، لە هەر شوێنێك باسێك لە یەکسانی نەبێت، لەو جێیانە کچان خەتەنە دەکرێن.

وەك چۆن ئینسان، بێ گوێدانە ڕەنگی پێست، ڕەگەز، ئایین، زێد یان زمانی، هەمان مافی هەیە، ژنیش بە چاوپۆشین لەوەی سەر بە کام کولتوورە، کەس هەقی ئەوەی نییە، بە بیانووی گوێڕایەڵی بۆ دابونەریتی باوی ناوچییەوە، ناسکترین بەشی جەستەی ئەتك بکات، لە هەموو کولتوورێکدا نەریتی جوان و ناشیرین هەیە، خەتەنەکردنی کچان نەریتێکی ناشیرینە و پەڵەیەکە بە تەوێڵی کولتووری کوردییشەوە. خەتەنەکردنی کچان، شتێکی تایبەت نییە بە خێزان، نواندنی زەبروزەنگە دژ بە ئافرەتان، تاوانە دژ بە مافی منداڵ و سووکایەتیکردنە بە ئینسان، هەر بۆیە، بۆ نموونە ئەگەر لە کەنەدا، ئافرەتێکی پەنابەر بڵێت، (بە گەڕانەوەم بۆ زێدی خۆم، مەترسیی ئەوە هەیە، خەتەنە بکرێم،) وەك پەناهێنەری ئینسانی، مۆڵەتی مانەوەی پێ دەدرێت.

## سەرچاوە و پەراوێز

(1) Kvinnlig  traditionen, feb 2006 www.unicef.se
könsstympning, Den smartsamma
Amnesty  Kvinnlig könsstympning. www.amnesty.se
(2) internationals arbete mot

(*) لەو کانییەدا چووزەرە ڕێواسی ڕووابێ بەو چووزەرە ڕێواسە کەمێکی قڵەشابێ. (نالی، دیوانی نالی، ل ٦١١)
(**) مجری البول.
(***) دەڵێن پەیامبەری ئیسلام شتێکی گوتووە کە بە کوردی ڕەنگە ببێتە: (بیبڕن! ئەمما لە بنەوە نا.)